هاشم کۆچانی

# تارمایی سیڤەر!

سوید ١٩٩٥

هاشم کۆچانی

# تارمایی سیڤەر!

سوید ١٩٩٥

تارمایی سیڤەرا

کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی - فکرییە

هاشم کۆچانی

پیتچنین و مۆنتاژ: میلان دەرسیم

چاپی یەکەم . سوید

لە بڵاوکراوەکانی رابوون

RaBûN Förlag

ISBN- 91-972767-0-7

# ناوەرۆک

**دەروازە**

**بەشی یەکەم:**

١- سەرەتایەک دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی

٢- دەوڵەتی فرەنیشتمان و حیزبی سەرانسەریی

**بەشی دووەم:**

١- ٢٠ رۆژی رزگاریی ..... چمانکرد، ئێستا چبکەین؟

٢- سیستەمی نوێی جیهانیی و کێشەی کوردستان

٣- ئەزموونی باشوور لە جەنگەڵستانی تاریکی ناوچەکەدا

**بەشی سێیەم:**

١- ئیمپراتۆریەت بۆ حیزب یان قەوارە بۆ گەلێکی بێدەوڵەت؟

٢- تارمایی سیڤەر

**ئەنجام**

**سەرچاوەکان**

# دەروازە

دوای نەمانی ئەو چەشنە بلۆک بەندی و شەرە ساردەی لە ئاستی جیهاندا هەبوون، ئەمرۆ دەورانێکی نوێی جیهانیی دەستپێکردووە.

ئەم بارودۆخەش گۆرانی قوڵ و نوێی (پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ)ی خستۆتە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتان و پەیوەندی نێوان گەلان و فکری سیاسی و رۆشنبیرییەوە.

ئەم رووداوانە لە هەر چ رِوداوێکی دیکەی جیهان زیاتر، شتە «پیرۆز و دەق گرتووەکان»ی بوار و بازنەی سیاسەت و ڕۆشنبیریی و کۆمەلایەتی خستۆتە بەر تیشکی گومان و تێرامان و، هەندێ جاریش هەڵتەکاندن. کارێکی ساناش نییە لە ئێستاوە درشت و وردی ئەوە دیاریبکرێ دەورانی نوێ چۆن دەبێ و جیهان بەرەوکوێ دەروات؟

یەکێک لەو بابەتانەی کە لەگەڵ نەمانی شەری سارد و سەرهەڵدانی گۆرانەکانی ئەم دواییەی دنیادا، بەتین و تاو هاتۆتەوە مەیدان، کێشەی گەلانی بێدەوڵەتە.

داخوا زلهێزان و دەوڵەتە دەسترۆیشتووەکانی سیاسەتی جیهانیی، لە دەورانی ئێستادا بەیەک چاو و بە دید و بۆچوونێکی نوێ سەیری کێشەی گەلانی بێدەوڵەت لە ناوچە جیاجیاکانی دنیادا دەکەن؟ دوای شەری سارد کوردستانەکەی ئێمە بەرەو کوێ دەروات؟

ئەم قۆناغە نوێیەی سنوور هەڵتەکاندن و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ، بە داغانبوونی ئیمپراتۆریەتە مۆزایکییەکەی سۆڤیەت و سەرورەربوونی ژمارەیەک لە گەلان تەواو دەبێ، یاخود بواری سەربەخۆیی بە گەلانی تری سەرهەمان رێگا دەدرێ؟

ئایا بۆسنیا و هەرسەگۆڤینا دەکرێتە نموونەی چارەکردنی کێشەی گەلانی بێدەوڵەت.یان یەکتر تەلاقدانە شارستانی وئارەزوومەندانەکەی چیک و سلۆڤ؟

لە کۆتاییدا پێم باشە ئاماژەی ئەوە بکەم، ئەم بابەتانەی کە لێرەدا کۆکراونەتەوە، بەشێکن لەو گوتار و باسە سیاسی و فکرییانەی لە ساڵی ١٩٩٠وە تائێستا لەمەڕ کێشەی نیشتمانیی کوردستان نووسیومن و، لە چاپەمەنیەکانی ناووڵات و دەرەوەیدا وەک گوتار بڵاوکراونەتەوە. هیوادارم لە کاتی خوێندنەوەیاندا لە هەندێ رووەوە سەرنجی وەختی نووسینیان بدرێ. هەروا لە هەندێ شوێندا، بە نیازی دیقەتکاریی و چرکردنەوە، چەند وردە دەستکارییەکم کردوون.

حەزیش دەکەم بڵێم ئەم بابەتانە، هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی کێشەی نیشتمانیی کوردستان لە دەورانی ئەمڕۆی جیهاندا و، پێخۆشحاڵیش دەبم گەر توانیبێتم لە مەودا و سنووری تارمایی پەیمانی سیڤەردا هەندێ دید و پرسیار بوروژێنم، یان لێیان نزیک بووبێتمەوە. راستە پەیمانی سیڤەر لەسەر زەویدا شین نەبوو، بەڵام بایەخی جیهانیی ئەو پرۆتکۆڵە وەک پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە کێشەی کوردستان، پڕ گرنگە گەر بتوانین کەڵکی لێوەرگرین.

**هـ.ک**

**سەرەتای ١٩٩٥**

بەشی یەکەم:

١- سەرەتایەک دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی.

٢- دەوڵەتی فرەنیشتمان و حزبی سەرانسەریی.

# سەرەتایەک دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی*

## پێشەکییەکی پێویست:

پیریسترۆیکا و سیاسەتی بیرکردنەوەی نوێ و زنجیرە رووداوەکانی ئەورووپای رۆژهەلات، قوناخێکی مێژوویییان براندەوەو قوناخێکی تازەیان دەست پێکرد. ئەم پرۆسەیە سەرباری لایەنە ناوخۆییەکانی بۆ ئەو ولاتانە، لایەنێکی جیهانی و گشتی قوولی هێناوەتە مەیدانەوە. یەکێک لەو تیز و بوارانەش کە ئەم گەردەلوولە ژیان بەخشەی پێگەیشتووە کێشەی نەتەوایەتی‌یە:

یەکەم: کێشەی ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی دەولەتی فیدرالی‌دا، خاوەن قەوارەی سیاسی هەمە چەشنەن، نموونەی یەکێتی سۆڤیەت و هەندێ لە ولاتانی ئەورووپای رۆژهەلات و چینی میللی وهتد.

دووەم: کێشەی ئەو نەتەوانەی کە بە خاک و مرۆڤەوە، هێشتا هەر داگیرکراو و ژێردەستەن نموونەی (کوردستان و فەلەستین).

سێیەم: کێشەی ئەو کەمەنەتەوانەی کە لەسەر خاکی نەتەوەی‌تر دەژین و، دووچاری تواندنەوە دەبن.

چوارەم: یەکگرتنەوەی ئەو نەتەوانەی، کە لە ئاکامی داگیرکردن، یان لە ئەنجامی شەرە جیهانی‌یەکان بێ، ئێستا لە دوو قەوارەی سیاسی جودا، یان زیاتردا دەژین، وەک هەردوو ئەلمانیا، هەردوو

* ئەم بابەتە لە ژمارە (٥١،٥٢،٥٣)ی سالی ١٩٩٠ی رۆژنامەی سەردەمی نوێدا بە سێ بەش بلاوکراوەتەوە. لە کوردستانیش لەگەل بەرهەمی چەند برادەرێکی تردا بە شێوەی نامیلکە چاپکراوە.

کۆریا، هەردوو یەمەن، گەلانی عەرەب و.....هتد.

ئەم سەردەمە، سەردەمی دیوار رووخاندن و، هەڵتەکاندنی سنوورە (وەهمی)یەکان و ریسوابوونی لە قاڵبدانی گەلان و، لە گۆرنانی (تیوری براگەورە) و (ڤیتۆی نەتەوەی باڵادەست)ە. وێدەچێ دواساڵانی سەدەی بیستەم و، سەرەتای سەدەی داهاتوو، زنجیرە ئالوگۆرێکی قول لە مەیدانی کێشەی رزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوایەتی‌دا، وەری بخات.

لە زۆر گۆشەوە دەتوانرێ ئەم پرۆسەیە، بە لای قازانجی گەلانی بندەستدا داشکێنرێ. ئەگەر بزوتنەوە سیاسیەکانیان بکەونە سەر رەوتی هەلکردن لەگەڵ تازەکاری‌یەکانی دنیای ئەمرۆ و، ورد خوێندنەوەی واقیعی خۆیان و، هەڵوێستی (لاسایی)یان (ناچاری) لێوەرنەگرن.

بۆ تێکۆشانی گەلی ستەمدیدەی ئێمەش (ئەگەرچی کارکردنێکی زۆری دەوێ) هۆکارێکی یارمەتیدەر وتێن بەخشە، چونکە:

١- لە هەرچ گۆشەیەکەوە سەیری کێشەی کورد بکرێ، مافی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئێستاش مافی مرۆڤ بۆتە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی جیهان و، سنووری نێو دەوڵەتی گرتۆتە خۆی.

٢- ئەم پروسەیە رێگای لەبەردەم کۆمۆنیستان و شۆرشگێرانی تری گەلان ئاواڵە کردەوە، تاچێتر بەو توونیلەبن بەستە ستالینی‌یەدا نەرۆن، کە دەیان ساڵە پیادەچن و، سەرباری قوربانی‌یە گرانبەهاکانیان، زیانی زۆریان بە خەباتی چینی کرێکار و تیۆری سۆسیالیزم و تێکۆشانی گەلانی بندەست گەیاندووە. لە هەمان کاتدا داوا لە شۆرشگێران دەکات، بە چاوێکی واقیعی‌یانەی سەردەم

تەماشای تیۆریەکە بکەن.

بێگومان ئەم پرۆسەیە (گەرا)ی نوێ بیرکردنەوە و، ئاوردانەوە و وردخوێندنەوەی ئێستای کوردستان، دەخاتە مێشکی هەر کۆمۆنیست و شۆرشگێرێکی کوردستان و ناوچەکەوە، جگە لەوانەی پێوەندییان بە رابردووەوە، مولاقاتی سەربەرماڵ و مەزەب گەرێتییە.

٣- لە دنیای ئێستادا، کێشەی دیموکراسی و ئالترناتیڤی دیموکراسی، بۆتە بەرنامەی سەرەکی هێزە دیموکراتخوازەکان. پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و بوونی دەولەتی یاسا و دەستور و پەرلەمانیش، بەبێ دیموکراتی کارێکی بێفەرە. خەباتی گەلی کوردیش بەوپێیەی پێوەندی بە خەباتی دیموکراتی هەر چوار دەولەتەکەوە هەیە، لە هەل و مەرجی نوێدا ئەگەر دیموکراتی و دەولەتی یاسا لەهەر یەکێک لەو ولاتانەدا بێتە گۆرێ، خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیەدا، بۆ خەباتی سیاسی و جەماوەریی، لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسیندا، گەلێک سەرکەوتووتر و زیان کەمتر دەبێ بۆ گەلی کورد، تائەو خەباتە چەکدارییەی کە بە سەریدا سەپێندراوە.

٤- راستە جەوهەری سیاسەتی زلهێزەکان سەبارەت بە کێشەی گەلی کورد، گۆرانی بەرچاوی بەسەردا نەهاتووە. بەلام سەرەتایەکی نوێی حاشا هەلنەگرتوو دەستی پێکردووە. بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، دەتوانی بەرنامەیەکی ئەوتۆ بخاتەکار، کە نوێکارییەکانی مەیدانی دەولی تێبگا و، لەسەر ئاستی جیهان پتربوونی خۆی بسەلمێنی و، کێشە جیهانییە (کۆنە- تازەکەی) بخاتەوە بەردەم کۆمەلگای نێو دەولەتان و، لەو کەولە تەسکە دەربازی

بکات، که تیایدا قەتیس دراوە. بۆ ئەمەش دەتوانرێ ئەو پەیماننامە جیهانیانەی پێوەندییان بە دابەشکردن و بە پاشکۆکردنی کوردستانەوە هەیە، وەک (سایکس پیکۆ) و (سیڤەر) و (لۆزان) و ئەوانی تر، بهێنرێتەوە بەرباس و، یخەی ئەو لایانانە بگیرێ کە ئیمزایان بەسەر ئەو پرۆتۆکۆلانەوە هەیە. هەروا لەسەر ئاستی جیهان قورسایی تێکۆشان بخرێتەکار، بۆ ئەوەی ئەو (ڕچەرێ)یە دروست بکرێ، کە دەتوانێ فایلی کوردستان بگەێنێتە سەر مێزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. لەم ئالوگۆرە مەزنانەی دنیاشدا، چاوەروانی ئەوە دەکرێ، کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بتوانێ کەمێک بەو ئەرکانەی بەناوەکەیەوە بەستراون رابێ. هیچ رەواش نییە نەتەوەیەکی گەورەی وەک کورد، نوێنەرێکی (چاودێر) یان (میوان)ی لەم ڕێکخراوەیەدا نەبێ*.

لێرەدا حەز دەکەم بلێم نامەوێ کەسێک وا لێم تێ‌بگات، بەسەر کۆلی ئەسپەکەی دۆنکیشۆتەوە ئەم قسانە دەکەم. نەخێر من لام وایە بە جیهانیکردنی کێشەکەمان و خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیی کارێکی ئاسان نییە و، رەنگە لەسەرەتادا پشتیوانی کەم یان هەر نەبێ و، ڕێگایەکی درێژخایەنیش بێ، بەلام بەلای زۆرەوە، لە تێکۆشانە چەکدارییە تەقلیدییەکان درێژخایەنتر نابێ، ئەگەر تەرزی بیرکردنەوە و کارکردن بگۆرین و، هێندەش خۆمان لە ئایدیولۆژیادا هەڵنەکێشین و لەمەوە سەیری دیپلۆماسیەت بکەین و، ڕێگای تفەنگ گرتنە بەریش، کارێکی وا نەکات لە ڕێگاکانی تر دوورمانخاتەوە، یان لەهەر کوێ‌دا تفەنگمان نەبێ، پەی بە چوونە سەنگەری تر نەبەین و،

* شایانی باسە لە بەیاننامەی کۆتایی هێنان بە کۆنفرانسی پاریس لە مەر مافی مرۆڤ و کەسایەتی کولتوری کورد، داوایەکی لەم چەشنە خراوەتە روو.

بەرنامە و خەڵکی مەیدانەکانی ترمان نەبێ.

××××

پێشتر چاری کێشەی نەتەوایەتی لە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی کامپی ئەورووپای رۆژهەڵات و چینی میللی‌دا، ببووە فاکت و نموونەی بەر جەستەکراوی تیۆری و پراکتیک. هێزە سیاسی‌یەکانیش بۆ دارشتنی پرۆگرامەکانیان سوودیان لێوەردەگرت و، هەندێک جاریش دەکەوتنە (کۆپی) کردنی.

بەڵام وائەمرۆ لەسەردەمی (بیداربوونەوە و پیریسترۆیکا)دا، بە راشکاوی دەرکەوت کە لەو وڵاتانەشدا هێشتا کێشەی نەتەوایەتی بە شێوەی بنجبر چارەسەر نەکراوە و، لەوەش زیاتر گەلێک جەوهەری هەڵوێستی پرولیتاریا و بیری سۆسیالیزم لەمەر مافی چارەی خۆنووسین شێوێندراوە و، ئەو فیدرالی‌یانەش کە باس دەکران، لە گەلێک رووەوە رووکەشانە بوون. ئێستاش یەکێک لە ئەرک و ئامانجە هەرە لە پێشەکانی پیریسترۆیکا، پەرینەوەی ئەم یەکێتی‌یەیە بۆ فیدرالیزمێکی راستەقینە، کە گەلان لە سایەی‌دا بتوانن مافی چارەی خۆنووسین بە جیابوونەوەشەوە هەڵسوکەوت بکەن.

ئەوە هەلومەرجی خوێناوی ناگۆرنی کەرەباخی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، ئەویش گورجستان و، کێشەی تەتەر و کورد و ئەڵمانەکانی سۆڤیەت، تا دەگاتە کێشەی سێ کۆمارەکەی کەناری بەلتیک. ئەوەش دوو نەتەوەی «سۆسیالیستی و بورژوازی» ئەڵمان، دوای دیوار روخاندنەکە خەریکن دەبنەوە یەک نەتەوەی ئەڵمان. جا نازانم ئەمجارەیان نەتەوەکە (سۆسیالیست یان بورژوا دەبێ)، یان هەر نەتەوەی ئەڵمانی پێکهاتوو لە چین و توێژە کۆمەڵایەتی‌یە

جیاجیاکان.

کێشەی تورکەکانی بولگارستان و ئەلبانیەکانی هەرێمی کۆسۆڤۆی یوگسلاڤیا و، (٥٢) کەمە نەتەوایەتی چینی میللی کە (٨٠) میلیۆن کەسن و بەسەر لە ٦٤٪ی پانتای ئەو وڵاتەدا بڵاوبوونەتەوە، بە تایبەتی لە سنورەکاندا، لایەنێکی تری ئەم راستیەن.

کێشەی نەتەوایەتی گەلێک لە بۆچوونە لە قالبدراوەکان، قوڵتر و ئالۆزتر و ترسناکترە. ئەم کێشەیە لەهەر شوێن و کاتێکدا، تا لە رەگەوە چارەسەر نەکرێ، رەنگە کپ (یان) بەنج بکرێ، بەلام مەحاڵە لە باربچوێندرێ. هەر بۆیە لە هەرچ بارودۆخێکی نوێدا بە شێوەی (رەنگە) سامناکتر بێتەوە مەیدان.

## مافی بڕیاردانی چارەنووس:

مافی چارەی خۆنووسین، جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، یان پێکهێنانی یەکێتی فیدرالی بێ، لە نێوان دوو نەتەوە و دوو نیشتمان یان زیاتر، مافێکی سروشتی هەر گەلێکە کە لەسەر خاکی خۆی بژی. بیری سۆسیالیستی و پەیماننامەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و تابلۆی جیهانیی مافی مرۆڤ و، گشت رێکخراوە کۆمەلایەتی و ئینسانی و یاسا و داب و نەریتێکی شارستانیش دان بەم مافەدا دەنێت.

دوا بە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەر و لە سەردەمی سەرکردایەتی لینیندا، ئەم مەبدەئە بە چەشنێکی نزیک لە خواستی ئەو گەلانەی پێشتر لەبن دەستی تزاریزمدا دەیاننالاند پەیرەوکرا. ئەم تاقیکردنەوە نوێیە لە سایەی شۆرشی کورپەی ئۆکتۆبەر و دینامیکیەتی فیکری

لینیندا، بە هەردوو شێوەکەیەوە ڕەچاوکرا، جیابوونەوە وەک دەوڵەت (نموونەی فینلەندا) و، مانەوە لەناو قەوارەی یەکێتی فیدراڵیدا (نموونەی گەلانی ئێستای سۆڤیەت). بەلام پاش کۆچی دوایی لینین و دوای سەروەربوونی ستالینیزم وەک سیستەمێکی تەواوی فیکری- سیاسی- ئابووری- کۆمەلایەتی، ئەو پەیامانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەبارەت نەمانی چەوساندنەوە وگواستنەوەی ئیمپراتوریەتی تزار و کردنی بە دەوڵەتی فرە نەتەوەی سۆڤیەت ڕایگەیاند شێویندرا و، گەلێک لە نەتەوەکانی سۆڤیەت دووچاری تواندنەوە و ڕاگوێزان و هەندێکیشیان (سزادان) و (تەنبێ کردن) بوونەوە و، پاشماوەی ئەم زۆرداریيانەش بە ژیانی گەلانی سۆڤیەتەوە دیارە. مەگەر سەرکەوتنی پیریسترۆیکا و پەرەدان بە پرنسیپی مافی چارەنووس و، لەبەر چاوگرتنی پێشکەوتنی ئەمڕۆی دنیا و، دابینکردنی میکانیزمی جیابوونەوە، بۆ هەر گەلێک نەیەوێ لەو یەکێتیيەدا بمێنێتەوە، بتوانێ ئەو فیدراڵیيە دروست بکا، کە دەبوو هەبا.

مەبدەئی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین لەگشت زەمین و زەمانێکدا، دەبێ پروپاگەندەی بۆ بکرێ. هەرچ هێزێکی شۆڕشگێر و مرۆڤ دۆستیش، دوور لەوەی کێ پێی (دەتۆقێ) و کێ پێی (شادە) پێویستە دان بەم مافەدا بنێ و بە کردەوەش بۆ بەدیهێنانی خەبات بکات. هەروەک لینین دووپاتی کردۆتەوە، ئەرکی ئەو هێزانەیە ئەم مەبدەئە ببەنە ناو کۆمەلانی خەلک و، لەناو نەتەوەی بالادەستدا پروپاگەندە بۆ جیابوونەوە و، لەناو نەتەوەی بندەستدا پروپاگەندە بۆ یەکێتی فیدراڵی بکەن.

رەچاوکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کورد، تەنیا مافی گەلی کوردە و، کەسی تر هەقی وەی نییە، خۆی بخاتە شوێنی کورد و لە جیاتی ئەو بیر بکاتەوە. یان ئیسکیچ بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس دابنێ. بەڵام نکۆلی لەوە ناکرێ کە ئەم مافە پێوەندی بەو گەلانەوە هەیە کە بە توپزی کوردستان بە دەوڵەتەکانیانەوە لکێنراوە.

خەبات نەکردن بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس و دروشم نەدان بۆ ئەنجامدانی کارێکی چەوتە، چونکە جگە لەم مافە، هیچ داخوازی و چارێکی (ئیسپرینی) ناتوانێ یەکسانی گەلی کورد لەگەڵ گەلانی بالادەستی چوار دەوڵەتەکەدا برەخسێنێ.

سیاسەتی (امری واقع)یش کە لە گەلی کورد کراوەتە (گورگانە شەوێ) (امرێکی) زۆردارانە و، (واقیع)ێکی چەپەڵە، دژی مافی مرۆڤ و مافی بڕیاردانی چارەنووسە.

دەستە خەرۆکردنی گەلی کورد بەوەی، دابەشکردنەکە بۆتە (امری واقع) و، تەنیا رێگای رزگاری ملکەچکردنە بۆ ئەو (واقیعە)، ستەمێکی گەورەیە لە گەلی کورد کراوە.

چونکە راست وایە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دژی ئەو واقیعە سازبکرێن و کۆمەڵانی خەڵکی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاش، بۆ پشتیوانی خەباتی گەلی کورد لە پێناوی گۆرینی واقیعە زۆردارییەکە بە واقیعێکی رەوا رێکخرێن.

بۆچی لە کارەساتی دابەشکردنەکەوە کە (٧٠) ساڵە، تائەمرۆ هیچ هێزێکی چەپی سەرانسەری لەو چوار دەوڵەتەدا، رۆژێک لە رۆژان کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکانیان بۆ پشتیوانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورد وەرێنەخستوە؟ لێرەدا باس لەسەر ئەوە نییە،

ئەو هێزە چەپانە لە پرۆگرامەکانیدا (بە راشکاوی) یان (بە کلک و گوێ کراوی) دانیان بەم مافەدا نابێ! چونکە داننان بەم مافەدا شتێکە و، کارکردن بۆ بەدیهێنانی شتێکی ترە. هەندێک لەو هێزانە کە دانیان بەم مافە داناوە کاتێک لە هەرچ پارچەیەکی کوردستاندا، داوای مافی بڕیاردانی چارەنووس بکرێ، تەنانەت ئەگەر لایەنی (جیابوونەوەش) فەرامۆش بکرێ و، قورسایی خەبات بخرێتە سەر داوای یەکێتی فیدرالی و دروستبوونی کۆماری کوردستان لە دەوڵەتی فیدرالیدا، یەکسەر بە جیاوازخواز و ئاسۆتەنگی نەتەوایەتی، ناو دەبەن. ئەو هێزە سەرانسەریانە ئەگەر لە (چەپرەوی)دا نوقمیش بووبن، جگە لە ئۆتۆنۆمی شتێکی زیاتریان بۆ کورد بە رەوا نەبینیوە. جا هەندێک لەو هێزانە پێیان وایە لەم قۆناغەدا ئۆتۆنۆمی باشترین چارەسەرکردنە، بەبێ ئەوەی ئەوان یان کەسێکی تر بزانێ ئەم قۆناغە کەی دەستی پێکردووە و کەی دەبڕێتەوە. هەندێکی تریان تا (ئاخر زەمان) دادێ، لە ئۆتۆنۆمی بترازێ بروایان بە هیچ مافێکی تری کورد نییە. هەندێکی تریشیان ئۆتۆنۆمی بە ئالترناتیڤی مافی چارەنووس دەزانن. جێگای داخە هەندێ لە هێزە کوردستانییەکانیش جا لە (ترس) دابێ یان (قایل بوون)، بەو چەشنە سەیری ئۆتۆنۆمی دەکەن.

هەندێ کەسانی تریش کلولی و ماڵوێرانییەکانی ئێستای کوردستانیان کردۆتە بیانوو، گەلی کورد بە کەمتر لە ئۆتۆنۆمیش قایل دەبێ و، کە دێنە سەر مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین، دەڵێن گوایە (بەردێکی زل)ەو (هەڵگرتنی بەردی زل)یش نیشانەی نەهاویشتنێتی.سەیر ئەوەیە ئەو کەسانە تەنیا لە کێشەی کوردستاندا ئەم مافەیان لادەبێتە(بەردی زل).

باشه ناکرێ ئەو (بەردە زلە) تەنیا بۆ هاوێشتن نەبێ و، بیر لە گواستنەوەی بکرێتەوە، یان تلدانێک پێی، مادامەکی توانای هەلگرتنەکەی هەیە؟

ئەی ناکرێ ئێستا هەلگیرێ و بەرەو ئەو شوێن و کاتەی بەرین کە دەکرێ، بۆەشێنرێ؟ ئەوە گەلی فەلەستینە، چەندان سالە (بەردە زلەکەی) هەلگرتووە، ئەگەرچی تائێستا نەیتوانیووە بیوەشێنێ، بەلام رۆژ بە رۆژ زیاتر بازووەکانی بۆ وەشاندنی رادێنێ.

داخۆ ئەم داوایە بۆ ئەوەی گەلی کورد (بەردە زلە)ەکە هەلنەگرێ، داهاتنی رۆژی (وەشاندن)ەکەی لی نزیک دەکاتەوە یان دوورتر؟

ئەی رۆژ لە دوای رۆژ (بەردەکە زلتر و زلتر) یان (بچووکتر و سوکتر) دەکات؟

ئەگەر ئاورێک لە (٧٠) سالی رابردوو بدەینەوە (٧٠) جار وەلاممان دەداتەوە، کە بەردەکە (٧٠) کەرەت قورستر و زلتر بۆتەوە.هەندێک جاریش بە دۆزەخی (زاتی و مەوزوعی) خەبات لە پێناوی مافی بریاردانی چارەنووس لە گەلی کورد زەوت دەکرێ- سەبارەت بە هۆکاری (زاتی) بروا ناکەم کەسێکی واقیعبین نکۆلی لەوە بکات، کە گەلی کورد لەهەر چ پارچەیەکی نیشتمانەکەیدا بگری، یان بەسەریەکەوە، وزەو توانای ئەوەی هەیە خۆی سەروەری خۆی بێ و خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. نەخشی ئەم گەلە لە شۆرشە یەک لە دوای‌یەکەکانی دا و لە بزوتنەوەی سیاسی کۆمەلایەتی کوردستاندا بە راشکاوی پێشەکی و زەمینەی سیاسی، خۆ حوکم کردنی گەلی کورد دەسەلمێنێ. دامەزراندنی چەندان ئیمارەت و دەولەتۆکەی دەرەبەگایەتیش لەسەر خاکی کوردستان، تا دەگاتە

حوکمداریەکەی شێخ مەحمود و کۆماری تەمەن یەکساڵەی مەهاباد شایەتی ئەم راستیەن. تاقیکردنەوەی مێژوویش نیشانمان دەدات زۆر لەو گەلانەی کە ئێستا خاوەن دەوڵەتن، لەسەرەتای کەیشتنیان بە مافی چارەنووس، وزەو توانای بەرێوبردنیان لە حوکمرانی‌دا، نەگەیشتبووە ئەوەی ئێستا گەلی کورد هەیەتی. خۆ ئەگەر باسی هۆکاری ئابووریش بکرێ، کە رەنگە بۆ هەندێ کەس ئەم لایەنە زۆر گرنگ بێ. ئەوا پێویستە بگوترێ، کان و سامانی بن زەوی بگرین یان سەر زەوی، ئەوا کوردستان یەکێکە لە نیشتمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست. ئەگەر ئاگر و ئاسنیش بیەلێ کورد دەتوانێ مافی بڕیاردانی چارەنووس پەیرەو بکات و، لە رووی ئابووریشەوە نەک برسیەتی زەفەری پێ نابا، بەلکو دەتوانێ دەستی یارمەتی بۆ ئەو ناوچە دوور و نزیکانەش درێژ بکات کە برسیێتی هەرەشەیان لێ‌دەکات. لەم رووە دەتوانرێ بگوترێ دەوڵەمەندبوونی کوردستان بە تایبەتی لە (نەوت)دا بۆتە (قەباحەت) بۆی.

دەربارەی هەلومەرجی (مەوزوعیش) ئەگەر مەبەست ئەوەبێ، گەلی کورد چاوەروانی ئەو رۆژەبێ ئەم هەلومەرجە وەک (قووتووە ماسی) بە ئامادەکراوی بێتە بەردەستی و، تەنیا هەلپچڕینەکەی لەسەروی بێ، ئەوە دەبێ چاوەروانی (خدای میهرەبان) بێ. بەمەش ئەو مافە لە گەلی کورد زەوت دەکرێ، کە بەشێکی هەلومەرجی مەوزوعی لە ئارادایە و، دەکرێ کار بۆ کامڵبوونی بەشەکەی تری بکرێ و هەندێ جاریش لە تاوسەندنی پرۆسەکەدا دەم دەدا.

خۆ ئەگەر مەبەستیش ئەوەبێ کە زلهێزەکان ئامادەنین، پشت لە (پترۆدۆلار) بکەن و، دەست لە (شەری) بەرژەوەندی و خێر و بێری

ناوچەکە هەڵگرن و، حوکمرانەکان کە (بکوژ)ی کورد و (جەلاد)ی شۆرشگێرانی گەلەکانی خۆیانن، بتۆرێن. کەس لەمەلاری نییە و، ئەو هێزانە ئامادەنین بۆ ئازادی و یەکسانی گەلی کورد خۆیان (بەرژەوەندی ترین) بکەن. بەلام مێژوو لە شوێنە جیاجیاکانی دنیاوە، سەرکەوتنی نموونەی تری نزیک لە مچەشنەی نووسیوەتەوە. لە لایەکی تریشەوە لە ئاو و هەوای تازەی خاوبوونەوەی ئێستای نێودەوڵەتاندا، باسکردنی سەرووەربوونی مافی مرۆڤ و ئازادی گەلان لەناو پەرلەمانەکانی زۆر وڵاتان، لە پێشەوەیان زلهێزەکان لە ئارادایە و، ئەمەش یارمەتیدەرێکی ترە بۆ زەمینەی بە دەولیکردنەوەی کێشەی کورد و، خەبات بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس. یان بەلانی کەمەوە درزێکی خستۆتە یان دەخاتە دەرگا داخراوەکانی دۆزێنێوە، رەنگدانەوەی کارەساتەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کوردستان، لەناو پەرلەمان و رۆژنامەگەریی و رێکخراوە جیهانیەکاندا، سەرنج بۆلای ئەم مەسەلەیە رادەکێشن.

هەندێ رای گشتی واش هەن کە گوایە ئەگەر لە عێراق و سوریادا، باسی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکرێت دەوڵەتانی عەرەب لە کورد رادەپەرن. ئەمە لە واقیعی ئێستای وڵاتانی عەرەب، کە لە هەموویاندا کەرامەتی مرۆڤ و گشت مافەکانی پێشێل دەکرێن و یاسای جەنگەڵ حوکم دەکات، کارێکی بە دوور نییە. بەلام ئەی حیزبە کۆمۆنیست و هێزە خێرخواز و چەپەکانی ئەو وڵاتانە لە کوێدان، لە ئاسمان، یان لەناو کۆمەلانی گەلی عەرەب دان، تا لە کاتی وادا هەولی تێکشکانی ئەم چەشنە پرۆژانە بدەن و، نەیەلن گەلەکانیان فریوی حوکمە کۆنەپەرستەکان بخۆن و ئەوەیان بۆ روون بکەنەوە کە گەلی کورد

لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیدا داوای قەوارەی خۆی دەکات و، دروستبوونی ئەم قەوارە سیاسیەش، هەرەشە لە قەوارەی عەرەبی عێراق و سوریا ناکات.

رایەکی تریش لە ئارادایە گوایە ئەگەر کورد لە پارچەیەکی کوردستاندا رزگاری بێ، یان داوای مافی بڕیاردانی چارەنووس بکات، هەرچوار دەوڵەتەکە یەکدەگرن و کورد لە بەین دەبەن. وەک بڵێی رۆژێک لە رۆژان (ستراتیژی گەلەکۆمەکی) ئەوان دژی کورد بیرچۆبێتەوە.

لێرەدا خاوەنی ئەو بیروڕایانە بە تەواوی ئەوە فەرامۆش دەکەن، کە رزگاربوونی هەر چ پارچەیەکی کوردستان و، گەیشتنی بە مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین، کارتێکردنی بە پەلە و کاریگەری لەسەر پارچەکانی تری کوردستان دەبێ و، کۆمەڵانی خەڵکی پارچەکانی تر، قایمترین شورەی پاراستنی بەشە رزگارکراوەکە دەبێ.

ئایا لە کاتێکدا ئەم (خەتەرە) دەکرێتە بەشێکی هەلومەرجی مەوزوعی و، مافی چارەنووس فەرامۆش دەکرێ، راست وانییە بۆ بە گژداچوونەوەی ئەم خەتەرە لەلایەک داوا لە هێزە کوردستانیەکان بکرێت بە دیموکراتخواز و شیوعی و نەتەوەییەوە، لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستان و پاشان سەرانسەری کوردستان خۆ کۆبکەنەوە، بەرەی مەیدانی پێکبێنن و، لەسەر ئاستی جیهان بزوتنەوەی دیپلۆماسی بخەنەگەر و، بەرنامەی لانی نزیک و دوور نەخش بکەن. لە لایەکی تریشەوە داوا لە هێزە چەپەکانی هەر چوار وڵات بکرێ هاوپەیمانی و بەرەی یەکسان لەگەڵ بەرە کوردستانیەکاندا سازکەن. هەرچەند بە داخەوە هێشتا زۆربەی هێزە

چەپەکان، دامەزراندنی بەرە یان نەخشی ستراتیژی بۆ سەرانسەری کوردستانی بە (خەتەر) و بەرچاوتەنگی و گۆشەگیری ناو دەبەن و، لەوەش زیاتر هەندێ لەو هێزانە بوونی بەرەی کوردستانی لە پارچەیەکیشدا دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بۆ ئەم راستی‌یە دەتوانرێ سەرنجی بەرەی کوردستانی عێراق بدرێ، کە رێکخراوی حیزبی شیوعی عێراق لە کوردستان ئەندامی دامەزرێنەرێتی و، ئەم کارە بۆ گەلێک لە شیوعیە عەرەبەکانی ناو (حشع) و بۆ هێزە چەپەکانی عێراق و عەرەب و ئێران و تورکیا هەزم نەدەکرا.

کاتێک لەسەر ئاستی جیهان، باسی کێشەی هەرچوار پارچەکەی کوردستان وەک کێشەی نەتەوایەتی- نیشتمانی، یەک گەل و یەک نیشتمان دەخرێنە روو، هێزە سەرانسەرییەکان بە چەپ و راستیانەوە دژ دەوەستن، چونکە کارکردن لەسەر بەرنامەیەکی لەم چەشنە، لەلایەک کێشەی کوردستان بە قورساییە راستەقینەکەی دەخاتە بەردەم رای گشتی جیهان، لەلایەکی ترەوە لەو (کەوڵە شقارتە)یە دەریدێنی کە بۆی دروست کراوە، گوایە لەهەر یەکێک لە چوار دەوڵەتەکەدا کێشەی کورد رەنگ و تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە. دیارە نکوولی لەوە ناکرێ کە تێپەربوونی (٧٠) ساڵ بەسەر لکاندنی دوو پارچەی کوردستان بە عێراق و سوریا و، لەو ماوەیەش زیاتر لە بندستی تورکیا و ئێران، جۆرە شوورەیەکی لەبەردەم گەلی کورد و مافی بڕیاردانی چارەنووسدا هەڵچنیووە و، ئەمەش جۆرە تایبەتمەندیەکی دروست کردووە، کە بەشێکیان سروشتین و خەباتی هاوبەشی گەلی کورد و ئەو گەلانەیە، ئەم خەباتە پاش گەیشتنی گەلی کورد بە مافی چارەنووسیش دەکرێ درێژەی پێ بدرێ. بەڵام ئەم

تایبەتمەندییانە نەیانتوانیوە و ناشتوانن، رەگ و ریشەی دەیان سەرەی هاوبەشی نێوان گەلی کوردی دابەشکراو و کوردستانی پارچە پارچە کراو بتوێننەوە.

لێرەدا بە رای من دەبێ سەرنجی ئالۆگۆرە جیهانیەکان بدرێ کە درەنگ یان زۆر ناوچەکەی ئێمەش بە چوار دەوڵەتەکەوە دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا هێزە دیموکرات و چەپەکانی چوار دەوڵەتەکە بە گوێرەی بەرنامەکانیان بۆ دیموکراسی و دەوڵەتی یاسا و بوونی دەستور و پەرلەمان تێدەکۆشن، ئەم واقیعبینییە و گونجاندنی نوێکارییەکانی دنیا لە بەرنامەکانیاندا بۆ ئایندەی وڵاتەکانیان جێگای دڵخۆشی‌یە. بەڵام لەم دید و واقیعبینی‌یەی ئەواندا کە لە بەرێکی هەڵکەوتوو دەبینرێ، ئەویش نەبوونی تیروانینێکی وردی واقیعیانەی کێشەی کوردستانە.

بۆچی هێزە چەپە سەرانسەری‌یەکان، لە باسکردن و بەرنامە داناندا، کێشەی کوردستان لەگەڵ گۆرانکاری‌یە جیهانیەکاندا جووت و تێهەڵکێش ناکەن و هەر مامەلە کلاسیکی‌یەکەی لەگەڵ دەکەن. بە تایبەتی وا بە چاوی خۆیان دەبینن، چ (شۆرش)ێکی جیهانی دژی گشت چەشنە ستەم و نایەکسانی و سوکایەتی کردنێکی نەتەوایەتی دنیای تەنیوەتەوە.

رایەکی تریش لە ئارادایە کە دەڵێت: کاتێک عێراق دەچێتە هەر چ یەکبوونێکی عەرەبەوە، لەگەڵ وڵاتانی عەرەب، دەبێ مافی کۆماری فیدرالی بۆ کوردستانی بندەستی عێراق، لە سایەی ئەو یەکبوونەدا دابینکرێ. بۆ وەڵامی ئەم رایە سەرەرای زیادکردنی کوردستانی بندەستی سوریاش دەڵێم:

ئایا دەستنیشانکردنی مافی چارەنووس و پێداگرتن لەسەر لایەنێکی ئەو مافە کە پێکهێنانی کۆماری فیدرالی‌یە، لە سایەی دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەب (کە کەس نازانێ کەی دادەمەزرێ)، ئەو مانایە نابەخشێ کە گەلی کورد لە هەڵسوکەوتی مافی بڕیاردانی چارەنووس دووربخاتەوە؟

ئاشکرایە جەوهەری مافی چارەنووس جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی‌یە، ئەمجار پێکهێنانی کۆماری فیدرالی دێتە گۆڕێ، ئەمەش ئەگەر گەلی کورد جیابوونەوە ڕەت بکاتەوە و، لێرەشدا مەبەست لە دامەزراندنی کۆماری فیدرالی لەگەڵ چوار دەوڵەتەکە دایە، نەک لەگەڵ دەوڵەتی تازەی یەکگرتووی عەرەب.

بەرای من هەڵگرانی ئەم بیروڕایە نەک هەر (جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی) لە مافی بڕیاردانی چارەنووس دادەبڕن، بەڵکو دامەزراندنی کۆماری فیدرالیش بۆ کوردستان بەر لە دروستبوونی یەکێتی عەرەب بە ناوەخت دەزانن.

گریمان لەساڵی ١٩٩٠دا ئەم یەکبوونە دروست بوو، ئایا داواکردنی کۆماری فیدرالی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕاست دەبێ؟ ئەی ئەگەر تا چوار سەدەی تر ئەم یەکبوونەی عەرەب دروست نەبوو، داواکردنی دامەزراندنی کۆماری فیدرالی لە کوردستانی بندەستی عێراق و سوریادا، کارێکی چەوت دەبێ؟ ئایا ئەمە بە یەک چاوسەیرکردنی بەرژەوەندی گەلی عەرەب و کوردە یان ملکەچکردنی بەرژەوەندی (برا بچوکە) بۆ (برا گەورە)؟

ئەی لە باشترین باردا، ئەگەر دوو کۆماری فیدرالی بۆ کوردستانی بندەستی عێراق و سوریا دابمەزرێ. ئایا لەو دەوڵەتە یەکگرتووەی

عەرەبدا، مافی جیابوونەوە بەو دوو کۆمارە دەدرێ؟ ئەی مافی یەکگرتنیان لەناو یەکێتیە عەرەبیەکەدا؟ ئەی جیابوونەوە و یەکگرتنەوەیان لەگەڵ دوو پارچەکەی تری کوردستاندا؟ ئەگەر کەسان و هێزێک هەبن وا تەماشای کێشەی کوردستانی بندەستی عێراق و سوریا بکەن. ئەی خۆ مەسەلەی یەکبوونی ئێران و تورکیا لەگەڵ هیچ ولاتێکی هاورەگەزی خۆیان یان بێگانەدا (ئەمرۆ) لە ئارادانییە. ئەی دەبێ مافی بڕیاردانی چارەنووس و جیابوونەوە، یان دەوڵەتی فیدراڵی کوردستان لەو دوو پارچەیەی بندەستی تورکیا و ئێراندا چۆن و کەی باسبکرێ؟ راستتر وانییە هەڵگرانی ئەمجۆرە بیرورایانە و هێزە دیموکرات و ئینسانیەکانی عێراق و سوریا، داوای ئەوە بکەن عێراق و سوریا دان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خوارو و رۆژئاوای کوردستاندا بنێن و ئەمجار باسی یەکێتیەکی کۆنفدراڵی لە سێ هەرێم بکرێ (هەرێمی کوردستان و هەرێمی عێراق و هەرێمی سوریا). ئایا کارێکی لەم چەشنە لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی عەرەب و کوردستاندایە، یان ئەم بەربەریەت و حاشاکردنە لە مافی بڕیاردانی چارەنووس کە دەوڵەتی عێراق و سوریا دەرهەق بە کورد پەیرەوی دەکەن؟

من یەکبوونی گەلانی عەرەب بە نیوەچلی یان سەرانسەری بە کارێکی رەوا و بابەتی دەزانم. بەڵام بەشی عەرەبی عێراق قەت ئەو مافەی نییە، کە لە چوونەناو یەکێتی‌یەکی لەم چەشنەشدا، بیر لەوە بکاتەوە بەشە کوردستانیەکەی ناو عێراق (کوردستانی خواروو) لەگەڵ خۆی بباتە ناو ئەو یەکێتی‌یەوە.

ئایا ئەمجۆرە رایانە مانای ئەوە نییە کە گەلی کوردستانی بندەستی

عێراق، سەربخاتە سەر سەرینی دڵنیایی و، چاوەڕوانی ئەو یەکبوونەبێ، تا دەرگای دامەزراندنی کوماری فیدرالی لێبکاتەوە. ئەگینا بۆ ئێستای عێراق بۆچ باسی مافی چارەنووسی کورد، یان دامەزراندنی کوردستانی فیدرالی ناکرێ؟ ئایا لە ساڵی ١٩٥٨ ئەگەر واقیعیانە سەیری کێشەی کوردستان بکرابا وەختی ئەوە نەهاتبوو، باسی ئەو جۆرە فیدرالی‌یە بکرێ؟ ئەرێ ئەم قسانەی منیش بە (ئینفصالیەت) ناونابرێ و پێم (لە بەرەی خۆم، واتە ئۆتۆنۆمی) زیاتر رانەکێشاوە تا لاقەکانم (کەئەسڵەن) لاقم نییە ببرنەوە.

رەنگە لێرەدا هەندێ کەسان وابزانن لەم باسکردنە تیکچرژاویەدا تووشی خەیال لەبەر چوون بوویم. نەخێر. من بۆیە هێما بۆ ئەو هەموو پەلوپۆیە دەکەم، چونکە ئەو تیز و پرسیارانە راستەوخۆ و ناراستە و خۆ پێوەندییان بە ئەمرۆ و ئایندەی کوردستانەوە هەیە.

لە دەوڵەتانی فرە نیشتماندا، کاتێک دەتوانرێ یەکێتی فیدرالی (بێ غەل و غەش) لە ئارا دا بێ:

**یەکەم:** پشت بە مافی بڕیاردانی چارەنووس ببەستێ، کە مانای جیابوونەوە و دەوڵەتی نیشتمانییە.

**دووەم:** «تیۆری برا گەورە» و «ڤیتۆ»ی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی ترەوە نەمێنێ.

چونکە بوونی «براگەورە» لە پێوەندی نێوان گەلاندا، لە جوانترین دیمەنی‌دا، ئەوەیە کە شوڤێنیستی‌یەکەی زەق نابێ و،لە عەمباردا بۆ رۆژی تەنگانە هەڵی دەگرێ، بۆ هەر کاتێک کە «برا بچوک» نارەحەتی بکات و، داوای یەکسانی راستەقینە، یان جیا بوونەوە بکات.

تیۆری «برا گەورە» و «ڤیتۆ»ی نەتەوەی باڵا دەست، کە لە پورێکی

چاره گران و قورسی هه‌یه، که له ئایدیولۆژیای ئیمپراتوریه‌ته‌کانه‌وه سه‌رچاوه هه‌ڵده‌گرێ و، پاشان داگیرکردنی ئیمپریالیستانه مانای تازه‌ی پێ به‌خشی و، ئێستاش له ژێر ناوی جۆر به جۆردا، له یاسا و ده‌ستوری هه‌ندێ له وڵاته فره نیشتمان و نه‌ته‌وه‌کاندا شوێنی بۆ کراوه‌ته‌وه.

## ئۆتۆنۆمی

کێشه‌ی کوردستان، کێشه‌ی ئابوری ـ سیاسی ـ نه‌ته‌وایه‌تی یه‌ک گه‌ل و نیشتمانه. خه‌باتی گه‌لی کوردیش به گشت بزوتنه‌وه‌کانی کلاسیک و هاوچه‌رخییه‌وه، ئه‌گه‌ر چی هه‌ندێ جار له روخساردا دروشمه‌کانیان ناوچه‌یی و ته‌سک بوون، له ناوه‌رۆکدا هه‌ر بۆ رزگاری و ئازادی و دروست کردنی قه‌واره‌ی سیاسی نیشتمانی بوون. یان راستتر بڵێین ویست و خه‌باتی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکی کورد بۆ وه‌ده‌رهێنانی داگیرکه‌ر بووه. چاوگێرانێک به مێژووی گه‌له‌که‌ماندا له سه‌ر ده‌می هه‌ر دوو دا به‌شکردنه‌که‌دا به روونی تیشک ده‌خاته سه‌ر ئه‌م مه‌سه‌له‌یه.

ئۆتونۆمی وه‌ک چاره سه‌رکردنێکی وه‌ختی و، وه‌ک (سڕکردنی) برینی چه‌ندان سه‌ده‌ی کویلایه‌تی و چه‌وساندنه‌وه، وه‌ک داوایه‌کی دێموکراتی و چاره‌سه‌رێکی رێفورمی و وێستگایه‌کی خۆ خر کردنه‌وه و پرۆڤه، به‌ره‌و کۆکتر کردنی خه‌بات، رووه و به‌دیهێنانی مافی بریاردانی چاره‌نووس جێگای قایلبوونه. به‌ڵام له هیچ پارچه‌یه‌کی کوردستاندا راست نی‌یه ئۆتونۆمی بکرێته که‌وڵ و تێکۆشانی گه‌لی کوردی تیا قه‌تیس بدرێ.

بۆ نموونه ئۆتونۆمی له رۆژگاری ئێستای کوردستانی بنده‌ستی

عیراقدا* ئەگەر بتوانێ شەری ئیبادە کردن راگرێ و، ئاسەوارە زەقەکانی بۆردومانی کیمیاویی و ئەژدیهای سێ سەرەی (تهجیر و تعریب و خاک سوتان) نەهێلیو، زیاتر لە میلیونێک دەربەدەر و دەستبەسەر بە کوردستانی نیشتمانیان شادکاتەوە و، ناوچە (تعریب) کراوەکان بۆ کوردستان بگێرێتەوە و، سەرەتای بارو دۆخێکی نوێی تێکۆشان دەست پێ بکات و ، کومەلانی خەلکی کوردستان (لە جیاتی تێکۆشانی چەکداری) بتوانن درێژە بە تێکۆشانی سیاسی بدەن و قورسایی ئەم تێکۆشانە بخرێتە ناو شارەکان بۆ بەدیهێنانی مافی بریاردانی چارەنووس، ئەمە کارێکی چاک و هەنگاوێکی سیاسی بەجێیە.

بەلام پێویستە لە گشت زەمین و زەمانێکدا، بە توندی پێ لەسەر ئەو راستییە داگیرێ، کە نە ئۆتۆنۆمی و نەهیچ مافێکی کەمتر لە مافی بریاردانی چارەنووس، ناتوانن یەکسانی بۆ نەتەوەی کورد لەگەل نەتەوە بالا دەستەکاندا دەستەبەر بکەن و، دەرەقەتی ئەو هەرەشە کردنانەش نایەن، کە کەلەپووری کەلەک بووی تیوری و یاسایی و سایکۆلۆژی شوڤێنیزمی تورک و فارس و عەرەب بۆ تواندنەوەی گەلی کورد و سرینەوەی نیشتمانەکەی، بلاوی دەکەنەوە. ئۆتۆنۆمی ناتوانێ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و میراتەکەی بە قامەتی گەلی کوردەوە نەهێلێ. کردنی ئۆتۆنۆمی بە ستراتێژ و ئالترناتیڤی مافی بریاردانی چارەنووس بۆ واقیعیەتی کێشەی کوردستان و لە چوار دەولەتەدا ئاکامەکەی، جگە لە کارەسات و تواندنەوەی گەلی کورد، ناتوانی شتێکی تر بێ.

* باس لە کوردستانی بەر لە راپەرینە.

دەبێ رێگا نەدرێ ئۆتۆنۆمی ببێتە هۆی قڕ و قپ کردن،لە مافی بڕیاردانی چارەنووس ـ هەرچ کاریکی لەم چەشنە، لە ژێر هەرچ برو بیانوویەکدا گوزەر بکات، بۆ رازی کردنی شوڤێنیزمی ناو نەتەوە بالا دەستەکان و، زەوتکردنی مافی سروشتی گەلی کوردە لەسەر خاکی نیشتمانەکەی. بۆ ئەمەش پێویستەمافی بڕیاردانی چارەنووس، دروشمی هەموو پەلەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کورد بێ و، لەم رێگایەشەوە داوا لە هێزە چەپەکانی عیراق و سێ دەولەتەکەی تریش بکرێ، دروشمی خۆیان سەبارەت بە کێشەی کوردستان بگۆڕن و، سەرنجی ئیرادە و ویستی گەلی کورد بدەن.

باشترین ئۆتۆنۆمی «راستەقینە» بۆ گەلی کورد جێ بە جێ بکرێ، هەر کاتێک هەلگەرانەوەیەکی خوێناوی لە بەغدا روو بدات، راستەقینەکە لە گەلی کورد دەکەنەوە بە «چەوتەقینە»، بە پێی ئەم بەزمە سیاسیەش دەبێ جارێکیتر گەلی کورد بۆ «ئۆتۆنۆمی» دوو جار راستەقینە خەبات دەست پێ بکاتەوە.

من پێم وایە چ لە کوردستان و چ لە عیراقدا، ئۆتۆنۆمی مافێکی رەوای گەلی تورکمان و ئاشوورییە. هەقیش وایە هەر دوو بزووتنەوەی کوردستان و عیراق، لەبەرنامەکانیاندا هاوکات لەگەڵ دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە عیراق، دروشمی ئۆتونۆمی بۆ تورکمان و ئاشوری ببەنە ناو کۆمەلانی خەلکەوە.

گەلی بن دەستی کورد لەسەر خاکی نیشتمانی ئیخسیرکراوی خۆیدا دەژی، کورد وەک مرۆڤێک وایە هەر دوو لاقیان بڕیبێتەوە. ئۆتۆنۆمیش بۆ کورد، لە رووی سیاسیەوە جگە لەوەی دەکرێ وەک لاقێکی پلاستیکی دەستکرد تەماشای بکرێ، شتێکیتر نییە. بەلام

خەبات و حەزو ئامانجی گەلی کورد ئەوەیە وەک گەلانی دۆست و دراوسێی تورک و فارس و عەرەب و گەلانی دوور و نیزیک، دوو لاقی هەبێ و بتوانێ تەکامولی خۆی پەیدا بکات.

ئەوانەش کە حەزو ویستی کورد بە «گۆشەگیری» و «ئینفصالیەت» ناو دەبەن و لەوە دەترسێن کورد ببێتە خاوەنی « دوو لاق»ی خۆی «کارەسات» روو بدات و لە قەوارەی دەوڵەتەکانیان بێتە دەر، با ئەو هێزو کەسانە کە سنورە وەهمی‌یەکانی هەر چوار دەوڵەتەکەیان لا بۆتە شتێکی پیرۆز، ئەو راستیە باش بزانن کە گەلی کورد کاتێک ئەو سنورانەی لا بە جێ و رەوا دەبێ، سنوری نیشتمانەکەی ئەوی تیا کوێر نەکرێتەوەو مافی بریاردانی چارەنووسی ئەوی تیا زەوت نەکرێ. ئەگینا ئەو چوارچێوە و سنورانە بۆ کورد هەر زیندانەو جگە لەم مافەش هەر هەنگاوێکی «بەنج کردن» هەر هێندەی لە دەست دێت، دەلاقەیەک بۆ کورد بخاتە زیندانەکەوە.

هەر ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینە سنوری بەیاننامەکەی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰ تێ ناپەرێنێ، کە چارە سەر کردنێکی وەختی بوو بۆ ۲۰ سال پێش ئێستای کێشەی کوردستانی عیراق. لە ماوەی ئەم (۲۰) ساڵەشدا ئاڵ و گۆری هێندە قوڵ بەسەر کوردستاندا هاتوە، چ ئاڵ و گورە سروشتیەکان و چ خاپور کاری و خوێناویەکان، هەژان و راتەکاندنی توندیان خستۆتە سەرتاپای کۆمەڵگاو تابلۆی چینایەتی و دیمۆگرافیای کوردستانەوە. پێ دەچی هەر کەسێکیش لە هەزمکردنی ئەم راستیانە نزیک نەبێتەوە، نەتوانێ لە گەلی کوردو ئازاری سەختی برین و حەزە رەواکانی تێ بگات.

ئەو شەری قر کردن و سرینەوە کە لە ماوەی ۱۹۷٤ تا ۱۹۹۰ بەسەر

کوردستان و گەلەکەی دا هاتوە، لە دامەزرانی دەوڵەتی عیراقەوە تا بەیاننامەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، کورد بە خۆیەوە نەدیوە. لەوەش زیاتر ئیمپریالیزم کە (٣٨) سال بە شێوەی راستەو خۆ ولەلاوە عیراقی داگیرو حوکم دەکرد، هەر ئەویش کوردستانی خواروی بە تۆپزی بە دەوڵەتی عیراقەوە لکاند، لەو (٣٨) ساڵەدا بە قەد (٣٨)سەعاتی رۆژانی ئادارو نیسانی ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ی دەوڵەتی رەگەزپەرستی عێراق گەلی کوردی ئیبادەو کوردستانی خاپور نەکرد.

کەچی ئێستا پاش ئەم هەموو ئاڵ و گۆر و نەغرۆ بوون و «کیمیاویی لەرزە»یەی کوردستانیان وێران کرد، دوای (٢٠) سال دور کەوتنەوە لە بەیاننامەکەی ١١ی ئادار، هێندێ لایەن و کەس هەر چارە سەر کردنەکەی (٢٠) سال پێش ئێستا بۆ کێشەی کوردستانی بندەستی عیراق بە دروست و عەمەلی و رەوا دەبینن. ئەگەر لە نووسینی سیاسی دا پیاو لە نمونە هێنانەوە ئازاد بێ، ئەوە ئەمە دروست وەک ئەوە وایە « باوکێک بیست سال لە منداڵە کۆرپەکەی داببرێ و کاتێک بگەرێتەوە دیداری (شەق شەق)ە و (رەورەوەی پاچکە تەختەی) بە سەوقات بۆ هێنابێ».

ئایا ئەگەر پێوەندی نێوان شۆرشی کوردستان و حکومەتی عیراق لە ماوەی ١٩٧٠ تا ١٩٩٠ بە شێوەیەکی سروشتی بڕۆیشتباو لە عیراق دا یاسا حوکمی بکردبا نەک «گەلە گورگ» ئێستا خودی ئۆتۆنۆمی و بەیاننامەکەی ١١ی ئادار نەدەپەرییەوە بۆ جۆرە حوکمێکی لەبابەت کۆماری فیدراڵی کوردستان؟. ئەی ئەگەر لە ساڵی ١٩٧٠وە کوردستانی عیراق (بەردەزلەکەی) هەلگرتبا لە ئێستا کاوڵتر دەبوو؟ ئایا ئۆتۆنۆمی یان مافی بریاردانی چارەنووس، کامیان

دەتوانن زیاتر چین و توێژە نیشتمانیەکانی کوردستان لە خۆیان کۆکەنەوە؟

مێژوی کێشەی نەتەوایەتی لە نوکەوەو رووداوە تازەکانی ئێستای یەکێتی سۆڤیەت و هێندێ لە ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات و شوێنی دیکەش، بە راشکاوی سەلماندوویانە کە هەست و نەستی نەتەوایەتی رەنگە کز بکرێن، بەلام قەت نامرن. دەکرێ لە ئینسانیەوە بۆ ئینسانیتر برۆن، لە چلۆنایەتیەکەوە بپەرنەوە بۆ چلۆنایەتیەکی بالاتر. نەتەوەکان دەبێ و پێویستیشە براو دۆست و دراوسێ و خێزانی نێو نەتەوەیش پێک بێن، بەلام لە سەر بنچینەی دانان بە مافی یەکترو دەست تێ وەرنەدان لە کارو باری یەکتر، لەسەر بنچینەی برایەتی و دراوسێتی نەک (براگەورە) و (برا بچوک)، لەسەر بنچینەی یاسا و دیموکراسی و بریاردانی مافی چارەنووسی یەکتر.

(٧٠) سالی رابردووی تەمەنی دەولەتی عیراق کە (٣٨) سالی رژیمی پاشایەتی و داگیر کردنی راستەخۆ و نا راستەخۆی ئیمپریالیزمەو (٣٢)سالی رژیمی کۆماری وحوکمە شۆڤینیيە بێ یاساو بێ دیمۆکراسیو بێ دەستورە یەک لە دوای یەکەکانە، بەردەوام مافی بریاردانی چارەنووس لەگەلی کورد زەوت کراوە. هەر کاتێکیش گەلی کورد داوای یەکسانی نەتەوایەتی کردبێ و ئازادی ویستبێ و ویستبێتی لەسەر خاکی نیشتمانەکەی دا خۆی حوکمی خۆی بکا، شەری رەگەز پەرەستانەی بەسەردا سەپێندراوە، کە ئەمرۆ ئەم شەرە گەیشتۆتە بالاترین قۆناخی شەری ئیبادە کردن و جینوساید.

ئێستاش کە مەسەلەی دیموکراسی و دەولەتی یاساو دەستورو مافی مرۆڤ بۆتە بەرنامەی خەبات و کاری بزوتنەوەی دیموکراتی و

ئۆپۆزیسیون لە عیراقدا، با بەراشکاوی داوای مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کورد بکرێ کە لە (٧٠)سالی رابردووی دەولەتی نادیموکراتی و نایاسایی عیراقدا، لێی زەوت کراوە. بەرای من هەر کەسێک بە هەر برو بیانوویەک، نکولی لەم مافەی گەلی کورد بکات، گەلێک زەحمەتە پیاو بروای پێ بکات کە خەبات بۆ دەولەتی یاساو دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە عیراقدا دەکات. بێگومان جەوهەری ئەم نمونەیە سێ دەولەتەکەی تریش دەگرێتەوە. دەبێ دروشمی کیشەی گەلی کورد، لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا مافی بریاردانی چارەنووس بێ. هەولیش بدرێ گشت هێزە دۆستە سەرانسەرییەکانی ناو بزوتنەوەی دیموکراتی چوار دەولەتەکە بۆ قبول کردن و هەزم کردنی ئەم دروشمە راکێشرێن و رای گشتی ناوچەکەو دنیاش بۆ هەمان دروشم ساز درێن.

تەنانەت لەو کاتانەش کە نوێنەرانی گەلی کورد بەلگەنامەو بەیاننامەی هەر چارە سەر کردنێکی وەختی لەبابەت ئۆتونۆمی و داوای تری لەم چەشنانە ئیمزا دەکەن، پێویستە پێ لەسەر ئەوە داگرن کە ئەو هەنگاوە رێفۆرمە قبول کراوە، چارەسەری کێشەی گەلی کورد نییە. بە کردەوەش ئەم جۆرە چارە سەرە (بەنج کردنانە)بکرێنە سەر مەشق و پرۆڤە بۆ خەباتی کۆمەلانی خەلک و هەرچی زۆرتر خر کردنەوەو رێکخستنیان لەبن دروشمی مافی بریاردانی چارەنووس و دامەزراندنی قەوارەی نیشتمانی.

# دەوڵەتی فرەنیشتمان و حزبی سەرانسەریی*

## (١)

هەر لەوکاتەوە دەوڵەت و داگیرکردن سەریان هەڵداوە، دەوڵەتی فرەنەتەوە هەبووە. بەڵام دەوڵەتی فرەنەتەوە وەک زاراوەیەکی سیاسی هاوچەرخ و بەکارهێنراو، رەنگە زۆر کۆن نەبێ و دوابەدوای شۆرشی ئۆکتۆبەر و پێکهێنانی یەکێتی سۆڤیەت هاتبێتە ئاراوە.

ئەم زاراوەیە ئەگەرچی هێما بۆ بوونی چەند نەتەوەیەک لەو دەوڵەتانە دەکات و، لایەنێکی راستی دەردەبرێ، بەڵام لە هەندێ کات و شوێنی دیاریکراودا لایەنی تری راستی دەشارێتەوە. دەوڵەتی فرەنەتەوەش زۆر چەشنی هەیە، بۆ نموونە:

١- دەوڵەت هەیە لە نەتەوەیەکی خاوەن خاک و نەتەوەیەک (یان) چەند نەتەوەیەکی تری بێ خاک پێکدێ. ئەمەیان دروست دەوڵەتی فرەنەتەوەیە.

٢- دەوڵەت هەیە لە چەندان نەتەوە پێکدێ و، هەموویان یان بەشێکیان بەسەر زەوی و ئاوی خۆیانەوە دەژین. بەرای من زاراوەی دەوڵەتی فرەنەتەوە بۆ ئەم جۆرە دەوڵەتانە، زاراوەیێکی بە دیقەت و دروست نییە. چونکە ئەم دەوڵەتانە تەنیا فرەنەتەوە نین، بەڵکو فرە نیشتمانیشن (نموونەی ئەو چوار دەوڵەتەی کوردستانیان داگیرکردووە).

---

* ئەم گوتارە لە ژمارە (١)ی بەهاری ١٩٩١ی گۆڤاری رابوون دا بلاوبۆتەوە.

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێ، هەموو دەوڵەتانی فرە نیشتمان ڕوخساری ئێستایان هەر چۆنێک بێ، بەرهەمی زۆرداریی و پاشماوەی ئیمپراتۆرە کۆنەکانن. یان زادەی داگیرکردنی هاوچەرخن، یان ئەوەتا لەژێر فشاری سیاسی و هەلومەرجی دیاریکراودا لە چەند نیشتمانێک دروستکراون و، بە شێوەی ئازادانە و دەنگدانی گشتی ئەو مەسەلەیە تاقینەکراوەتەوە، کە ئایا هەر کام لەو گەل و نیشتمانانە سەربەخۆیی ڕەهاو دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆیان دەوێ، یان مانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی فرەنەتەوە و نیشتماندا؟ لێرەوە ئاڵۆزی ئەم کێشەیە سەرهەڵدەدات. پێشان و ئێستا و داهاتووش، هەر کۆمەڵە گەل و نیشتمانێک ئازادانە بیانەوێ لە سنووری دەوڵەتی فرەنەتەوە و نیشتماندا بمێننەوە، یان دەوڵەتی لەو چەشنە دابمەزرێنن، ئەوا ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ئازادانەی فرەنیشتمان و نەتەوەیە. بە پێچەوانەشەوە هەر دەوڵەتێک بە ئاگر و ئاسن بیەوێ گەل و نیشتمانی تر لە سنوورە دەستکردەکەی خۆیدا بهێڵێتەوە (وەک چوار دەوڵەتەکە)، ئەوا دەوڵەتێکی زۆردارانەیە. تا ئەوکاتەش گەلانی بندەست لەناو ئەو چوارچێوە نادیموکراتییەدا خۆیان و نیشتمانەکانیان بە ئازادی و مافی بڕیاردانی چارەنووس نەگەن. ئەوا لەو جۆرە دەوڵەتانەدا نە ئارامی سەقامگیر دەبێ، نە دیموکراسی و دادپەروەری و مافی مرۆڤ لە ئارادا دەبن.

نەخشەی سیاسی ئەمڕۆی جیهان سێ جۆرە دەوڵەتی فرەنەتەوە و نیشتمان پیشان دەدات:

* ژمارەیەک لە دەوڵەتانی سەرمایەداریی پەرەسەندوو.
* یەکێتی سۆڤیەت و ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و

چینی میللی.*

* ژمارەیەک لەدەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو.

لە وڵاتانی سەرمەداریی پەرەسەندوودا، پرۆسەی شۆرشە بورژوا دیموکراتییەکان و گەشەسەندنی سەرمایەداری، ئەم کێشەیەی بەو جۆرەی لەگەڵ بەرنامەکەی دا بگونجێ چار (یان) مومیا کردووە و، ئەگەر لێرە و لەوێش مابێتەوە یان هەندێ لایەنی بنەبر نەکرابێ، ئەوا لە شێوە و قالبی تردا گیرساوەتەوە. کێشەی نەتەوایەتی لەو دەوڵەتانەدا بە شێوەیەکی گشتی یەکلابووەتەوە. لەو دەوڵەتانەدا تارادەیەکی زۆر لیبرالیزم و یاسا بەسەر سیستەم و بیچمی دەوڵەتدا زالن، نەک رەگەز و هۆکاری نەتەوەیی و تایفەگەریی. نموونەی زەقی بەرچاویش لە تاقیکردنەوەی سویسرا و ئیسپانیادا دەبینرێ. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە هیچ جۆرە کێشەیەکی نەتەوایەتی (یان پاشماوەی) لەو وڵاتانەدا نەمابێ، یان سەرهەڵدانی مەحال بێ. بەرای من لەسەردەمی ئێستای (بێداربوونەوەی نەتەوەیی) لەم دەوڵەتانەشدا (یان) لەو بەشانەیدا کە رەگی ئەم کێشەیە ماوەتەوە، دوور نییە لە چوارچێوەی ئەو پلە و قۆناغەی سەرمایەداریی پەرەسەندوو پێیگەیشتووە کاروانێکی تری کێشەی نەتەوایەتی دەست پێبکاتەوە. لە مێژووی ئەم دەوڵەتانەشدا نموونەی لەم چەشنە هەن وەک جیابوونەوەی وڵایەتی تیکساس لە مەکسیک و چوونە ناو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە ساڵی ١٩٣٦ و، مەیلی جیابوونەوەی

* ئەم گوتارە بەر لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت نووسراوە. بەڵام ئەم کێشەیە لە روسیای فیدراڵی ئێستا و، ژمارەیەک لە کۆمارە سەربەخۆیەکانی جارانی سۆڤیەتدا هەن و ماونەتەوە.

هەرێمی کیوبێک کە (٦) ملیون کەسی تیادەژی و زۆربەی دانیشتوانەکەی فەرەنسی زبانن و، دەیانەوێ لە یەکێتییەکەی دەوڵەتی کەنەدا بچنە دەر، کە لەوان و لە (٢٠) ملیون کەنەدایی (لە ئەسڵدا بەریتانی) پێکهاتووە. ئەمە سەرەرای بزوتنەوەی (باسک) لە ئیسپانیای (نموونە)، خۆ دیاردەی کۆلۆنیالیزم لە کێشەی ئیرلەندادا خەست و زەق بۆتەوە.

لە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتیشدا، لە سەرەتای شۆرشە (سۆسیالیست)یەکاندا کێشەی نەتەوە بندەستەکان هەنگاوی بەرچاوی بەرەو چارەسەرکردن هاویشت. ئەگەرچی چەوساندنەوەی نوێی قۆناغەکانی داهاتووتر، ئەم تاقیکردنەوەیەی تێکشکاند. بەڵام هێشتا کێشەی سەربەخۆیی کۆمار و ناوچە نەتەوەییەکان و، چۆنێتی دەوڵەتی فیدرالی و کۆنفیدرالی و مانەوە (یان) چوونە دەر لەو دەوڵەتانە، تاقیکردنەوەیەکی بەجیا هەڵکەوتووە، رەنگە بەراووردکردنیشیان لەگەڵ کێشەی نەتەوە و نیشتمانە بندەستەکانی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا کارێکی دروست نەبێ.

بەڵام لە وڵاتانی سێیەمدا کێشەی نەتەوە بندەستەکان رواڵەتێکی ئالۆزتری بە خۆوە گرتووە. بە تایبەتی دوای ئەوەی زۆربەی دەوڵەتە فرە نیشتمان و نەتەوەکان لە داگیرکردنی ئیمپریالیزم رزگاریان بوو، گەیشتنە سەربەخۆیی، ئەو دەوڵەتانە و حوکمرانە رەگەزپەرستەکانی نەتەوە باڵادەستەکان، نەک هەر حاشایان لە خەبات و قوربانیدانی گەلانی بندەستی ناو دەوڵەتەکانیان کرد، بەڵکو هەر خۆیان شوێنی ئیمپریالیزمیان لەو گەل و نیشتمانانە گرتەوە و سوورن لەسەر داگیرکردنیان. تائێستاش هەلومەرجی جیهانی و ناکۆکی بابەتیانە و

دەستکردی (دوو بلوک)ە کە و پاراستنی بەرژەوەندی ئەوان لە ناوچەکەدا، پارمەتی ئەو رژێمە دیکتاتۆر و رەگەزپەرستانەی داوە، لەناو (ماڵەکانی خۆیان)دا گەلانی بندەست قەلاچۆ بکەن و نیشتمانەکانیان بسرنەوە (کوردستان روونترین تابلۆیە کە گشت پەردەکانی ئەم شانۆگەرییەی تیا دەبینرێ). زلهێزەکانیش کە رابەرایەتی دوو بلوکەکەیان دەکرد، ناکوکییەکانی نێوان خۆیان بە بلاوی گەیاندە ناوچەکە و، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەلایەک پشتیوانی رژێمە دیکتاتۆر و شۆڤێنیەکانیان دەکرد، لەلایەکی ترەوە بەقەد زلی خۆیان کێشەی رەوای گەلی کورد و نیشتمانەکەیان فەرامۆشکرد.

ئەوەی جێگەی سەرنج و لێکۆلینەوەیە حیزبە چەپە سەرانسەرییەکانی (چوار دەوڵەت)ەکەش، لە جیاتی ئەوەی قورسایی خۆیان و بەرنامەکانیان بۆ مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان بخستبایەتەکار، کەچی ببوونە بەشێک لەو (شەرە کەڵەباب)ەی دوو بلوکەکە خستبوویانە دنیاوە. گەلێک جار بە ئەڤین و سۆزی ئەو بلوک بەندییە و (بەهێزکردن)ی (مرکز) و یەکپارچەیی دەوڵەت و یخدانی ئیمپریالیزم، لەسەر تەرزی گەمەی شەترەنج کشیان لە شۆرش و کێشەی کوردستان کردووە. رەنگە لێرەدا شوێنی خۆی بێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم بلوک بەندی و شەرە کەڵەبابە بە پلەی جیاجیا حیزبە نیشتمانییە کوردستانیەکانیشی گرتبۆوە.

# (٢)

بێگومان حیزبی سەرانسەری مێژوویەکی کۆنی هەیە. بەڵام لێرەدا مەبەست لە حیزبی سەرانسەری (کرێکاریی و کۆمۆنیست)ە لە دەوڵەتانی فرە نیشتماندا. پێشەکی و سەرەتای ئەمجۆرە حیزبانە لە ئینترناسیونالیزمی یەکەمەوە (١٨٦٤) پەیدابوون. بەڵام نە مارکس و نە ئەنگلس مەرج و پیوەر و تیورەکردنی لە چەشنی ئەوەی لە ئارادایە بۆ دانەنان و، نەشیان بەستنەوە بە ناوەندێتی دەوڵەت. لەسەرەتادا بەلای ئەوانەوە سەرجەمی بزوتنەوەکە وەک حیزبێکی سەرانسەری جیهانی بوو، لقەکانی بە وڵاتاندا بڵاوببوونەوە.پێشتریش لە ساڵی ١٨٤٧دا کاتێک یەکەمین ڕێکخراوی جیهانی کۆمۆنیستیان دامەزراند (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) یەک بەرنامە (مانفێستی کۆمۆنیست) ویەک پەیرەوی ناوخۆیان خستەروو.

لە ڕۆژگاری لینین و لە تاقیکردنەوەی حیزبی سۆسیال دیموکراتی روسیا و شۆرشی ئۆکتۆبەردا حیزبی سەرانسەری تیورەکرا و، لەم قۆناغەدا تارادەیەک بوونی ئەم حیزبانە بە قەوارەی دەوڵەتەوە گرێدران. دوابەدوای دەرکەوتنی ستالینزم و* پاش سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت بەسەر نازیزم و، ئەمجار دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو بلوکدا، زاراوەی حیزبی سەرانسەری بە جارێک قالبی گرت و بە

---

* لێرەدا مەبەست لە ستالینزم تەنیا ستالین و بەرهەم و کردەوەکانی نییە. بەڵکو ستالینزم جۆرە تێگەیشتنێکە لە هەڵسوکەوتی تیوریەکەیە لە قۆناغێکی دیاریکراودا، ڕەنگە هەڵەش نەبێ بگوترێ ئەو قۆناغەیە کە تیایدا (سۆسیالیزم) لە زانستێکی ڕێپیشاندەرەوە کرا بە ئاین و مەزهەب و، خودا و پێغەمبەر و ئیمام و کتێبە پیرۆزەکانیشی دیاریکران. دەڵێم قۆناغێکە، چونکە ستالینزم دەیان تیورنووس و سەدان کۆنگرە و سمینار و هەزاران کتێب و دەیان تاقیکردنەوەی پراکتیکییە و، مێژوویەکی دیاریکراوی سەرهەڵدان و تەکامولی هەیە و، پاشماوەشی بەرچاوە. ئەمجار ستالینزم زەروورەت بوو یان ڕێککەوت؟ پێوەندی بە فکری سۆسیالیزمەوە هەیە یان لە حەوادا دروست بوو؟ ئەمەیان بابەتێکی سەربەخۆ دەخوازێ.

چەشنێکی ئەوتۆ بەناوەندێتی دەوڵەتەوە شەتەک درا، کە مێژووی بە جیا هەڵکەوتووی گەلانی ناو ئەو دەوڵەتانە نەدەبینران. تیوریەکە بە گشتی و، دید و بۆچوونەکانی ستالینیزم بە تایبەتی، لە بواری نەتەوە و دەوڵەت و پێوەندی نەتەوایەتی و مافی بڕیاردانی چارەنووس و...هتد کران بە قالب و چوارچێوە و، لە پراکتیکیشدا ژیان کرا بە ڕوبارێک و ڕەوتەکەی دیاریکراو، بەبڕیار چەندان عەمباری گلدانەوە و بەربەستی بۆ دانراو، گەل و کۆمەڵگا و نیشتمان و دیرۆکی جۆربەجۆری ناو دەوڵەتانی فرە نەتەوەش وەک هەویر پێکەوە شێلێندران، نەک بۆ ئەوەی ڕێگای لێک نزیکبوونەوەی هاوکوف و یەکسان بگرنە بەر و لەگەڵ پرۆسەی ژیان و بزوتنی واقیع دا بگونجێندرێن. نەخێر، بەڵکو بۆ ئەوەی چوارچێوە و قالبە بڕیاردراوەکان پڕبکەنەوە.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەر و کارتێکردنی پۆزەتیڤانەی لەسەر ئەم سەدەیە و، پاشان سەرهەڵدانی بلوکی «سۆسیالیستی»، سیستەمێکی تایبەتی بیرکردنەوە و کاری تیوری و سیاسی و فەرهەنگی و پراکتیکیان خستە دنیاوە و، یەکێتی سۆڤیەت و ئەمجار هەموو بلوکەکە بوون بە «ناوەند» و جولانەوەی کارگەریی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ولاتانی تریش بوون بە دەورووبەری ئەو ناوەندە. ئەم کارەش هێندە ڕەونەق دار و بە دیمەن کرابوو، بە ئاسانی پیاو دەکەوتە سەر ڕەوتی بلوک بەندی و «شەرەکەڵەشێری» نێوان دوو بلوکەکە و، تێکۆشەرانی گەلانی تامەزرۆی ئازادی لە درشت و وردیدا شەیدای شوێن پێهەڵگرتنی یەکێتی سۆڤیەت و بلوکی سۆسیالیستی بوون. (پەرینەوەی ڕوسیای تزار لە زیندانی گەلانەوە بۆ دەوڵەتی کرێکاران و جوتیاران و پێکهێنانی خێزانی نێونەتەوەیی لە دەیان گەل

و نەتەوە و، هاواری بریاردانی مافی چارەنووس بۆ گەلانی گەورە و بچۆک و، پێشرەوبوون و سیستەمی یەکحیزبی و دانانی سۆسیالیزم بە تەنیا دەستەبەری مافی گەلانی بندەست و... خێراکەن بۆ سۆسیالیزم و...هتد) ئەم دروشمانە و داهارینی ماشینی نازیزم بە دەستی یەکێتی سۆڤیەت و، هاوکات هەنگاونانی ستالینیزم بەرەو لوتکە. ئەمانە پێکەوە بوون بە پاشخان و زەمینەی قەناعەت و تیوری و رەواجبوونی حیزبی سەرانسەری لە دەوڵەتانی فرە نیشتمان و نەتەوە، بەو چوار دەوڵەتەشەوە کە چۆکیان لەسەر سنگی کوردستان توند کردووە.

جا ئەگەر پیاو دەقیقەیەکیش وەنەوز رایکێشیتە ئەو سەردەمە و، مژێک لە ئاو و هەوای ئەو رۆژگارە هەڵمژێ، رەنگە شێت بێ ئەگەر نەکەوێتە سەر رێگای «قەدبر» بۆ گەیشتن بە بەهەشت. یان هەر هیچ نەبێ هیوای گەورەی لێ چاوەروانی نەکات. هەربۆیە شێخ مەحمودی نەمر ناهەقی نەبوو لە نامەکەیدا بۆ سەرانی یەکێتی سۆڤیەت ئەو هیوا گەورەیەی بەو دەوڵەتە بوو. قازی محەمەدی شەهیدیش هەقی بووە ئەو چاوروانیە لە یەکێتی سۆڤیەت بکات. هەروا خۆ بە دەستەوەدان و تۆبەکردنەکەی حیزبی شۆرشیش (حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان) لە چلەکاندا لەو (گوناهانەی) کردبوونی و، رازی بوونی ئەم حیزبە و حیزبە نیشتمانییەکانی تریش بۆ دەست هەلگرتن لە دروشمی رزگاری نیشتمانی خوارووی کوردستان و، بەناوخۆیی کردنی کێشەکە و کردنی بە (جزء) و ملکەچکردنی بۆ (کل)یکی دەستکرد. ئەمەش لەو بارودۆخە دابراو نەبوو کە لە دوای دووەمین شەری جیهانەوە سەری هەڵدا.

(٣)

لەگەرمەی ئەو هەلومەرجە تازە و بیداربوونە مرۆڤایەتیەی ئێستا دنیای تەنیوەتەوە، سەرەتای گەلێک بابەتی گرنگ هاتۆتە مەیدانەوە. یەکێک لەو بابەتانە هەڵوێستەکردنە لەسەر ئەزموونی دیاردەی حیزبی سەرانسەری لە دەوڵەتانی فرە نیشتمان و نەتەوەدا. کە ئایابوونی یەکحیزبی (چینایەتی، نیشتمانی، لیبرال) بە یەک بەرنامە و یەک سەرکردایەتی، بۆ دوو گەل یان زیاتر لە دەوڵەتێکدا کە لایەکیان بندەست و ئەوی تریان سەردەستە کارێکی گونجاوە؟ ئەی حیزبی سەرانسەری لە وڵاتی فرە نیشتماندا دەتوانێ ببێتە حیزبی رزگاریخوازی نیشتمانی گەلە بندەستەکە؟ یان دەیەوێ گەلە بندەستەکەش وەک خۆی شەیدای (پان دەوڵەتی) بکات؟ ئایا حیزبی سەرانسەری هێندەی شان دەداتە بەرهەڵگرتنی باری (یەکێتی نیشتمانی) کە لە راستیدا یەکێتی دەوڵەتەکەیە، بە هەمان ئەندازە دان بەوەدا دەنی کە دەوڵەتەکە لە نیشتمانێک زیاتر پێکدێ؟ ئەی ئەو یەکێتییە بە ئەبەدی و پیرۆز دەزانێ؟ داخۆ حیزبە سەرانسەریەکانی تورکیا و ئێران و ئێراق و سوریا ددان بەوەدا دەنێن کە بەشەکانی کوردستان بە تۆپزی بە دەوڵەتەکانیانەوە لێکندراون و، رژێمی وڵاتەکانیان لە کوردستاندا بەرنامە و سیاسەتی داگیرکردن دەرهەق بە گەلی کورد و نیشتمانەکەی پەیرەو دەکەن؟ ئەی خەبات و ویستی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بە دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیشەوە، بەخەبات بۆ ئازادی وسەربەخۆیی کوردستان دەزانن، یان بە ئاسۆ تەسکی و دەمارگیری و (ئینفصالیەت) و خزمەتکردنی ئیمپریالیزم و قورمیشکردنی لە لایەن ئەوەوە؟

## (٤)

ئێستا لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا ئەو بنەما و تەرز و چەشنە کارە سیاسی و فیکریانەی لەناو حیزبە سەرانسەرییەکاندا باوبوو، تووشی تێکشکان هاتوون. ئەم مەسەلەیەش بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و، پێش دەچێ هەموو حیزبە سەرانسەرییەکان بگرێتەوە. تەنانەت رەنگە لە وڵاتێکی یەک نەتەوەشدا، حیزبێکی سەرانسەری نەتوانی بەیەک بەرنامە و سەرکردایەتیەوە، بەرژەوەندی ناوچە جۆربەجۆرەکانی وڵاتێک، کە لە پلەی پەرەسەندنی جیاجیادان دەرببڕێ. هەمان نموونە حیزبی چینایەتی ناو دەوڵەتی یەک نەتەوە یان فرەنەتەوەش دەگرێتەوە.

دیارە لەم دەوڵەتانەدا زیاتر رۆڵەی نەتەوە بندەستەکانن، کە رازی نابن چیتر ملکەچی پێوەر و پرینسیپە کۆنەکانی حیزبە سەرانسەرییەکان بن و، هۆی ئەمەش بە پلەی سەرەکی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** ئەو راستییە شاردراوانەی کە لە ئاکامی راپەڕین و رووداوەکانی ناو یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا، لە رووی پراکتیک و تیورییەوە ئاشکرابوو.

**دووەم:** بە دەگمەن حیزبی سەرانسەری بەرچاو دەکەوێت کە توانیبێتی لە کێشەی گەلانی بندەستدا، فیکر و پراکتیکی وەک یەکبن. لە هەندێ شوێن و ریشدا حیزبە سەرانسەرییەکان بە تیوری و کردەوە کۆسپیان خستۆتە بەردەم خەباتی رزگاریخوازی گەلانی بندەست، لە پێناوی مافی بریاردانی چارەنووسدا، جا ئەم کۆسپ

دروستکردنە لە مەیلی پان دەوڵەتیەوە بووبێ، یان خولیا و ئەڤینی هەرچی زووتر گەیشتن بە سوسیالیزم. بەشێکی زۆری حیزبە نیشتمانیەکانی کوردستانیش شەیدای ئەم مەیل و ئەڤینە ببوون.

**سێیەم**: حیزبی سەرانسەری قورسایی بایەخدان و تێکۆشانی خۆی بە مەسەلە بە پەلەکانی نەتەوەی باڵادەستەوە گرێدەدا، نەک نەتەوەی بندەست. لە رووی فەلسەفیشەوە پشت بەوە دەبەستێ کە کێشەی نەتەوە بندەستەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیدا بەشێکە لە کێشە سەرانسەریەکان، نەک کێشەی کۆمەڵگا و گەل و نیشتمانێکی بە جیا هەڵکەوتوو. بەمجۆرە بەرژەوەندی و کێشەی هەمە لایەنەی گەلێکی بندەست و نیشتمانێکی داگیرکراو دەکەنە (جزء) و ملکەچی بەرژەوەندی (کل)ی دەکەن.

لەبیرکردنەوە و سیاسەتی حیزبە سەرانسەریەکانی ناو وڵاتانی فرە نیشتماندا (ناوەندیتی دەوڵەت) و پارستنی ئەو ناوەندیەتیە و دەستەبەرکردن دەوروبەر بۆ ناوەندەکە خاڵێکی سەرەکی‌یە. جا ئەم ناوەندە سەپێندراوبێ یان بە ئاسایی و ئازادی پەیدابووبێ، ئەمەیان بۆ ئەوان جێگەی سەرنج و هەڵوێستە نییە.

ئەگەر سەرنجێکی بەرنامەی حیزبە سەرانسەریەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا بدەین. هەر هەموویان داکوکی لە (یەکێتی وڵات بە خاک و مرۆڤ)ەوە دەکەن. بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەو راستییە بدەن کە هەر لە سەرەتاوە ئەم یەکێتی‌یە بۆ گەلی کورد زۆردارانە بووە.

ئەم حیزبانە هەر جۆرە چارەسەرکردنێکی کێشەی کوردستانیشیان پێ هەزم بکرێ، ئەوا هەر لەو بازنەیەدا دەبێ کە توختی (یەکێتی‌یە

ئەبەدی و پیرۆزکە) نەکەوێ و دەستکاری نەکات، جا ئەو دەستکاریە هەر چۆنێک بێ گرنگ ئەوەیە روونەدات.

ئایا راست وانییە حیزبە سەرانسەریە دیموکرات و چەپ وپێشکەوتنخوازەکانی ناوچوار دەوڵەتەکە، کاتێک باسی یەکێتی گەل ونیشتمان دەکەن، بە راشکاوی دان بە مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کورددا بنێن، بەمانەوە لەو یەکێتی‌یە و بە چوونەدەرەوەش لێی؟ ئەی ئەگەر ئەمەیان نەکردبێ و نەیکەن، دەبێ جیاوازی نێوان ئەوان و رژێمەکانیان لەم خاڵە دیاریکراوەدا چبێ؟

## (٥)

خەبات بۆ مافی بریاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی نەتەوەیی و سەرخابوونی حیزبایەتی لە ولاتانی فرەنەتەوە و نیشتماندا، بۆتە دیاردەیەکی جیهانی بەربڵاو. لە یەکێتی سۆڤیەت «لە کۆتایی بیستەکانەوە، هەر لەو کاتەوە کە ستالین خۆی بەسەر حیزب و دەوڵەت و کۆمەڵگادا سەپاند، ئەوە بۆ یەکەمین جارە فرە حزبێتی پەیدا دەبێ و، تا سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ زیاتر لە (٣) هەزار حیزب و رێکخراوی سیاسی و کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی خاوەن سەمت و دید و بۆچوون جیاجیا سەریان هەڵداوە.....»- [١] هەموو ئەو حیزب و رێکخراوانەش خەبات بۆ دیموکراسی و ئازادی دەکەن. بەشێکیشیان پشتیوانی لە رێبازی تازەی سۆسیالیستی دەکەن و، بە مانای فراوانیش زۆربەیان دادپەروەری کۆمەلایەتیان گەرەکە. جێگای

---

(١) رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری ١٠/٥/١٩٩٠

سەرنجە لەناو ئەم هەموو حیزب و قەوارە سیاسیانەدا بە دەگمەن حیزبێک یان رێکخراوێکی سەرانسەری دەبینرێ. ئەمە جگە لەو حیزبە کۆمۆنیستانەی کۆمارەکان کە سەربەخۆیی خۆیان و کۆمارەکانیان لە حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و لە دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت رادەگەیەنن.

لە یۆگسلاڤیاش (٦٠ حیزب و رێکخراوی تازە پێکهاتوون، تاقە یەکێکیشیان سەرانسەری نین»*(٢) ئەمە سەرەرای رێکخراوی هەرێمی کۆسۆڤۆی یەکێتی شیوعیەکانی یۆگسلاڤیا، کە لە کۆنگرەی (١٤)ی حیزب دا هۆڵی کۆنگرەکە و یەکێتی‌یە سەرانسەریەکەی بەجێهێشت و داوای سەربەخۆیی حیزب و گەلەکەی دەکات.

لە تورکیاشدا کێشەی کوردستان، حیزبی سۆسیال دیموکراتی میللی سەرانسەری تورکیا، لە سەرانسەرێتی دەخات. کاتێک ئەم حیزبە بە بریارێکی رەسمی ئەو ئەندامە کوردە پەرلەمانیستانەی خۆی وەدەرنا، کە بەشداری کۆنفرانسی (شۆناسنامەی کولتووری کورد)یان لە پاریس کردبوو. بەرامبەر بەمە جەماوەری سەربەم حیزبە لە کوردستان دەرگای بارەگاکانی حیزبە سەرانسەریەکەیان داخست و بە کۆمەڵ وازیان لێهێنا. لە مانگی ئاداری ١٩٩٠یشدا ئەو کوردانەی لە ریزی حیزبی تودەی ئێراندا کادر و سەرکردە و ئەندام بوون، بە بەیاننامەیەک بە ناوی (بیانیه گست بخش عمده اعضا و کادرهای کرد، عضو حزب توده ایران مقیم خارج ازکشور) جیابوونەوەی

---

(٢) هەفتەنامەی (انباء موسکو) ژمارە (١٥) ١٩٩٠.

* ئەم بابەتە پێش لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی یۆگسلاڤیای و سەربەخۆیی راگەیاندنی (کەرواتیا و سلۆڤێنیا و مەکەدۆنیا و بۆسنیا)، نووسراوە.

خۆیان لە حیزبی تودە ئاشکرا کرد. بروا ناکەم ئەم حیزبە لە ریزی رۆڵەکانی گەلی کوردستانی بندەستی ئێراندا، جگە لەم کۆمەڵە ئەندام و کادر و سەرکردانە، سامانێکی تری رێکخراوەیی ئەوتۆی هەبێ. هەر لە ئێراندا نموونەی تری نزیک بەم چەشنە لەناو حیزبە سەرانسەریەکانی تردا هەیە. لە کوردستانی عێراقیشدا بابەتی حیزبی چەپ و حیزبی کرێکاران و حیزبی شیوعی سەربەخۆ، لە تیزە بەرچاوەکانن و، داوای ناوەندێکی هەراوی خەڵکی شیوعی و مارکسیست و چەپە، رەنگە لە کوردستانی بندەستی عێراقدا هەنگاونان بەرەو کۆکردنەوەی خەڵکی چەپ لە حیزبێکدا بۆ ئێستا واقیعی تر و ، بۆ دوارۆژ بە بەرهەمتر بێ.

## (٦)

ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کاری فیکری و سیاسی و رێکخراوەیی هەیە و، دەبێ ئەو بنەما چەوت و کەم دیقەتانەی کە تائێستا لە بواری کێشەی رزگاری نیشتمانی دا چەسپاوبوون هەڵتەکێنرێن و ئالترناتیڤیان بۆ بدۆزرێتەوە و، لە هەمان کاتدا بە چەشنێکی مەوزوعیانە دەستنەدانی حیزبی سەرانسەری بۆ دەوڵەتانی فرەنیشتمان و نەتەوە و، نەگونجاندنی ئەو بنەما فیکریانە لەگەڵ رەوتی ژیان و سەربەخۆیی و ئازادی گەلاندا رونبکرێتەوە و، هەرەسی جیهانیی ئەم دیاردەیە سەرنج بدرێت و، ئەوەندەی بکرێ و بتوانرێ قەوارە کوردستانیەکەی حیزبە سەرانسەریەکان بە تەواوی و بەبێ کەرت کەرت بوون بە سەربەخۆیی بگەیەندرێن. جا ئەو کاتە لەبەر هەر چ هۆکارێک بێ (سیاسی، فیکری، چینایەتی......هتد) دەکرێ باسی

خەباتی هاوبەش و پێوەندی نێوان حیزبە چەپ و مارکسیست و کارگەرییەکانی کوردستان و ڕێکخراوە چەپ و مارکسیست و دیموکراتخوازەکانی ناو چوار دەوڵەتەکە بکرێ. لێرەدا ئەوەی گرنگە و نابێ فەرامۆش بکرێ پێوەندی نێوان ئەم دوو کۆمەڵە حیزبانە و پێوەندی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی چوار دەوڵەتەکەیە، کە پێویستە:

١- شێوە و چەشنی پێوەندیەکە ناوەرۆک و مانای ئەم سەردەمە بگرنە خۆ و ، هەردوولا باوەریان بەوە هەبێ کە دەست لە کاروباری یەکتر تێوەرنەدەن و هیچ لایەکیشیان لەوی تریان نەبنە (مرکز).

٢- هەر جۆرە پێوەندیەکی لەم چەشنانە دەبێ بەبێ سێ و دوو پشت بە مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان ببەستێ. هەر چ پێوەندیەک پشت بەم مافە نەبەستێ پێوەندیەکی یەکسان و واقیعی و ڕەوا نابێ.

باشترین هاو خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلانی بندەست و بزوتنەوەی دیموکراتی ولاتانی فرەنەتەوە و، پتەوترین هاوخەباتی و دراوسێی ڕاستەقینەی نێوان گەلانی ئەو دەوڵەتانە، تەنیا ئەو کاتە لە ئارادا دەبێ، کە دان بە سەربەخۆیی تێکرای ئەو خاک و گەلانە دابنرێ و، ئازادبن لەوەی پێکەوەیان بە جیا بژین. بۆ نموونە ئەگەر مافی بریاردانی چارەنووس و دەوڵەت بۆ گەلانی تورک و فارس و عەرەب و، حوکمی زاتی بۆ گەلی کورد بە پێوەندیەکی ئاسایی و یەکسان و دیموکراتی دابنرێ، ئەوە فەرامۆشکردنێکی ئاشکرای مافی بریاردانی چارەنووسی ئێستا و داهاتووی گەلی کوردستانە، سووکایەتی کردنە بە یەکسانی و پێوەندی نێوان گەلان و، درێژەدانە

بەو ستەمە مێژووییە کە بەسەر کوردستاندا سەپێندراوە.

ئەو حیزبە سەرانسەریانەی کە بوونێکی مەیدانییان لە کوردستاندا هەبێ، زیاتر حیزبە کۆمۆنیست و مارکسیستەکانن، پرۆسەی پەرینەوەش لە حیزبی سەرانسەریەوە بۆ حیزبی سەربەخۆ، دەبێ لەلایەک (هەرێم و شاخە و ئیالەت و ویلایەت)ەکان بە سەربەخۆیی بگەیەنێ لەلایەکی ترەوە هەم نوێکاریەکانی کوردستان و هەم نوێکاریەکانی دنیا هەزم بکات و بەو رەوتەدا بروات کە بتوانێ ئەو خەڵکە چەپ و مارکسیستانەی لە کوردستاندا هەن (رێکخراو و کەسانی سەربەخۆ) لە خەتێکی چەپی دیموکراتخوازی کوردستانیدا کۆبکاتەوە و، ئەو حیزب و بزوتنەوەیەی لێبێتە بەرهەم کە واقیعی ئەمرۆی کوردستان دەیخوازێ و بە عەقلێکی دیموکراتیانەوە بروانێتە کاری حیزبایەتی و، فیکر و سیاسەت و بەرنامە و دروشمەکانی لەبەر رۆشنایی گوانکارییەکان نەخش بکرێ.

بەرای من کۆمۆنیست و مارکسیست و چەپەکانی کوردستان حیزبی لەم چەشنەیان پێویستە. هەر حیزبێکی واش دەتوانێ ببێتە هاندەرێکی زیندووی نوێکردنەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و، دەوری دیار لە دەربازبوون لەو قەیرانەدا بگیرێ کە بزوتنەوەکەی تیا چەقیوە. ئەو حیزبە پێویستە حیزبی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و،هەڵگری بیری پێشکەوتنخوازی مرۆڤایەتی و کەلەپوری شۆرشگێرانەی گەلی کوردستان بێ و، جەوهەری مارکسیزم و سۆسیالیزمیش بە بەشێک لە بیری پێشکەوتنخوازی مرۆڤایەتی دابنێ.

مارکسیست و چەپەکانی کوردستان و تورکیا و ئێران و عێراق و

سوریا، پێویستە دیموکراتیانە و راقیعیانە سەیری ئەم پرۆسەیە بکەن و لە کێشەی کوردستان و گۆرانکاریەکانی جیهانی دانەبڕن و، لە جیاتی ئەوەی بۆ وەلامی لە رەندەدرا و رەدووی تیوری بکەون، باشتر وایە خۆیان و تیوریەکەش لە واقیع نزیک ببنەوە و، گوێ لە زمانحالی واقیعی کوردستان بگرن.

سەرەرای ئەو هۆیانەی لە دوو توێی ئەم گۆتارەدا هاتوون، لێرەدا دەکرێ هێما بۆ ئەو تیزانەش بکرێن کە زەمینەی بوونی حیزبی سەریەخۆ و، کەم بایەخ بوونی حیزبی سەرانسەریە لە کوردستاندا:

١- کوردستان (تەنیا دەولەت نەبێ) هیچ شتێکی تری لەو چوار ولاتەی پێوەی لکاوە کەمتر نییە. ئەگەر بە پارچە پارچەکراوی بیگرین، یان بەسەریەکەوە، نیشتمانێکی کاملی نەتەوەی کورد و ئاشووری و تورکمان و چەند کەمە نەتەوایەتیەکی ترە و ئەم بایەخە گرنگە هەمە لایەنە ئینسانی و مێژوویی و جوگرافی و کۆمەلایەتی و یاسایی و سیاسیەی لە دەست نەداوە.

٢- کوردستان لە قۆناخی رزگاریخوازی نیشتمانی دایە. بەلام لە بەشەکانی تری ئەو دەولەتانەدا، کە نیشتمانی نەتەوە بالادەستەکانن، لە مێژە ئەرکەکانی ئەو قۆناغە ئەنجام دراون. کەچی حیزبە سەرانسەریەکان بوونی ئەم ناکۆکیە واقیعیە بریار نادەن.

٣- بە جیهانی بوونی کێشەی کوردستان. ئەم کێشەیە ئەگەرچی لە بنەرەتدا کێشەیەکی جیهانی بوو. بەلام لەبەر چەندان هۆی عەینی و زەینی بەو دەردە براوە کە ئێستا بە دەستیەوە دەنالێنێ و کراوەتە چوار کێشەی ناوخۆیی چوار دەولەتەکە. پێ دەچێ یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە رۆلی گەورەی بۆ بە ناوخۆیی کردنەکە گیرابێ و لە

تیورەکردنی ئەم واقیعە تاڵەدا دەوری هەبووبێ، فیکر و سیاسەت و بەرنامە و رەفتاری حیزبە سەرانسەریەکان بووبێ.

ئەمڕۆ واجارێکی تر ئەم کێشەیە بەرەو بە جیهانی بوون مل دەنێ.

ئایا حیزبە سەرانسەریەکان تا کوێ لەگەڵ ئەم بە جیهانی بوونەی کێشەکەدان؟ ئەی ناکۆکی بەرنامەکانیان لەگەڵ ئەم بە جیهانی بوونەدا چۆن چارەسەر دەکەن؟

## (٧)

ئەوانەی مافی بریاردانی چارەنووسیان بۆ گەلی کوردستان گەرەکە، چاو لەو راستییە نانوقێنن، کە لە قۆناغی ئێستا و داهاتووی نزیکدا، رەنگە گەیشتن بەم مافە لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا شێوە و تایبەتمەندی خۆی بگرێ. بەڵام پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کێشەکە، لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان، کێشەی یەک گەل و یەک نیشتمانە. ئەوانەی دروشمی مافی بریاردانی چارەنووس بە دروشمی واقیعی بزوتنەوەکە دەزانن چەند رۆشنبیرێکی (ئەوروپانشین)*نین، کە ئەوروپا بەدفەری کردبن و لە کوردستانی دابڕیبن، نەخێر بەڵکو ئەم دروشمە دروشم وداخوازی گەلی کوردستانە. رۆشنبیرە (ئەوروپانشتیەکان)یش شتێکیان نەگرتووە کە رەگی قوڵی لە هەناوی کۆمەڵگای کوردستاندا نەبێ. بەڵام لێرەدا راستییەک هەیە وادیارە دەپاتکردنەوەی پێویستە، ئەویش ئەوەیە رۆشنبیرە کوردە (کەم تەجروبە)و(ئەوروپانشینەکان)، ئازادانەودوور لە شمشێر و سانسوری

---

* لێرەدا مەبەست وڵامدانەوەی سەرکردەی حزبەکانی باشوورە کە بەر لە راپەرین پێیان وابوو باسکردنی مافی بریاردانی چارەنووس، داوایەکی ناوەختە و روناکبیرانی دوورە وڵات و دانیشتووی ئەوروپا دەیورووژێنن. بۆ نموونە بڕوانە گۆڤاری ( الثقافة الجديدة)، (لقاء مع الأستاذ جلال الطالباني).

رژێمە شۆڤێنییەکان دید و بۆچوونی خۆیان بڵاو دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا ملکەچی بەرژەوەندی گەلی کوردن نەک بەرژەوەندی حیزبایەتی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نە رۆشنبیرە (ئەوروپانشینەکان) و نە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دژی (چارەسەری) وەختی و کەمتر لە مافی بریاردانی چارەنووس نین. بەڵام ئەمان بە پێچەوانەی حیزبە سەرانسەریەکان و هەندێ لە حیزبە کوردستانیەکانەوە، پێیان وایە کە پێداگرتن لەسەر ئۆتۆنۆمی و خودموختاری و کردنیان بە سەنگەر بۆ دوژمنایەتی و فەرامۆشکردنی مافی بریاردانی چارەنووس، کارێکی خەتەر ناکە لەسەر ئێستا و داهاتووی کوردستان و گەلەکەی. هەربۆیە هەر چ هەنگاوێک چەند کورتیش بێ، بە مەرجێک لە بەرژەوەندی گەلی کورددا بێ و، لەهەر چ پارچەیەکی کوردستاندا بەدی بێ، ئەمان دژی نابن. بەڵام لە هەمان کاتدا تەنیا مافی بریاردانی چارەنووس بە دروشمی راست و دروستی کێشەی گەل و نیشتمانەکەیان دەزانن و، پروپاگەندە و خەباتکردن بۆ مافی بریاردانی چارەنووس بۆ سەردەمەکانی (بان تەکنولۆژیا) و (سەرووی نوکلیاری) هەڵناگرن.

من پێم وایە تێکۆشانی هاوبەشی گەلی کوردستان وگەلانی تورکیا و ئێران و عێراق وسوریا و،یەکێتی بزوتنەوەی هەردوولا لەسەر ئاستی هەر دەوڵەتێکدا بەجیا، لە پێناوی دیموکراسی ودەوڵەتی یاسا ومافی بریاردانی چارەنووس‌دا، دەبێ ئەمرۆ لەهەر وەختێکی رابردوو زیاتر بایەخی پێبدرێ، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە هەموو هاوپەیمانی وبرایەتیەک لەسەر بنچینەی رێزگرتن لە بەرژەوەندی یەکتر بێ وبە ئامانجی یەکسانی و بەختیاری هەمووان بێ. نەک هەموو مافێک بۆ گەلی سەردەست و، ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی بندەست.

هەروا پێویستە لەگەڵ دووپاتکردنەوەی برایەتی و هاوخەباتی گەلانی ناو هەرچوار دەوڵەتەکەدا، چاوتروکاندنێک چییە خەبات و چارەنووسی هاوبەش و برایەتی گەلی کورد لەهەر چوار پارچەی نیشتمانەکەیدا لەبیر نەکرێ.

وابزانم لە مێژە کاتی ئەوە هاتووە مارکسیست و چەپ و دیموکراتخوازەکانی ناونەتەوە بالادەستەکانی هەر چوار دەوڵەتەکە و، مارکسیست و چەپەکانی کوردستانیش بەو راستییە بگەن، کە ئێستا چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و تەواوی گەلی کوردستان زۆرتر رووبەرووی مەترسی (زێدە شۆڤێنی و زێدە رەگەزپەرستی) بوونەتەوە نەک (زێدەبایی). بۆیە دەبێ هەموو وزەو و توانای گەلی کوردستان زیاتر و هاوکاری بزوتنەوەی دیموکراتی چوار دەوڵەتەکە رووبەرووی هەرەشەی یەکەمیان بکرێتەوە. پێویستە مارکسیست و چەپەکانی کوردستان و هەموو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بە مێشکی خۆیان بیرکەنەوە و هیچ بەرژەوەندیەک نەخەنە سەرووی بەرژەوەندی گەلی کوردەوە.

زیادە رۆیی و زلکردنەوەی خەتەری (زێدەبایی) لە ئەمرۆی کوردستاندا، بە قازانجی شۆڤێنیزمی ناو نەتەوە بالادەستەکان دەبرێتەوە و، هۆشمەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەشێوێنی و گوڕ و تینی خەباتی نیشتمانی و چینایەتیان کەم دەکاتەوە.

ئەو جۆرە عەقلیەتانەش کە هەندێ ماف بە مارکسیست وچەپەکانی کوردستان رەوانابینن، هێشتا وادەزانن گەیشتن بە سۆسیالیزم هێندەی پێچی جامانەیەکی ماوە. بۆیە وا کوردستانی ئێستایان لێبۆتە (پاریس)ی رۆژانی کۆمۆنە.

بەشی دووەم:

١- ٢٠ ڕۆژی ڕزگاریی...... چمانکرد ئێستا چیکەین؟

٢- سیستەمی نوێی جیهانیی و کێشەی کوردستان .

٣- ئەزموونی باشوور لە جەنگەڵستانی تاریکی ناوچەکەدا .

# ٢٠ ڕۆژی ڕزگاریی ......
# چمانکرد، ئێستا چبکەین؟*

لە مێژووی کۆن و تازەی گەلەکەماندا، جگە لە دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی شێخی نەمر و، ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد بە ڕابەریی قازی شەهید، هیچ ڕووداوێکی پڕ بایەخ و چارەنووسسازی وەک ڕاپەرینەکەی ئەمجارەی کوردستانی خواروو ڕووینەداوە. ئەم ڕاپەرینە بە هەق دەبێتە تاجەگولی زنجیرە ڕاپەرینە جەماوەریی و چەکدارییەکانی کوردستان.

دەکرێ خالە تایبەتمەند و بەجیا هەلکەوتووەکانی ئەم ڕاپەرینە، لەچەند تەوەرێکی سەرەکیدا کوبکەینەوە:

یەکەم: دەستکەوتە پڕ بە هاکانی ڕاپەرینەکە و، ڕزگارکردنی زیاتر لە ٩٠٪ی خاک و مرۆڤی کوردستانی بندەستی عێراق.

دووەم: گشتێتی ڕاپەرینەکە چ لە ڕووی هێزە کۆمەلایەتیە بەشداربووەکانیەوە، یان لە ڕووی ڕووبەری جوگرافیاییەوە.

سێیەم: سمینی دیواری بێدەنگیی جیهان، سەبارەت بە کێشەی گەلەکەمان. ئەو بانکارەساتەش کە بە دوای ڕاپەرینەکەدا هات، کێشەی کوردستانی بندەستی عێراق بە تایبەتی و سەرانسەری کوردستان بە گشتی، لە قوناغی قروقپلێکردنی جیهانییەوە، بە قۆناغێکی تر گۆری و، لە کەولە ناوخۆییە داسەپاوەکەی دەرهێنا و هەلێکی نوێی بۆ بەجیهانیکردنی کێشەی کوردستان خولقاند. ئەگەر

---

* ئەم گوتارە کورتەی بابەتێکە لە ڕۆژانی کۆڕەو و مفاوەزاتەکەدا نووسراوە. لە ١٩٩١/١٢/١٧ لە هۆلی میدیای هەولێر و لە ١٩٩٢/١/١دا لە سلێمانی لە دوو سمینارردا پێشکەشکرا.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە یەکگرتوویی بتوانێ بیقۆزێتەوە.

لەو رۆژەوە کوردستانی خواروو بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێندراوە تا ئێستا، ئەوەی بە خەباتی چەکداریی و سیاسی و قوربانیدانی زەبەندی حیزب و رێکخراوەکان ئەنجامنەدرا، لە هەلومەرجێکی لە بار و ساتێکی دەمدراودا کۆمەڵانی گەلی کوردستان توانییان بەدیبهێنن و نیشتمانیان وەک هێلکەیەکی پاککراو بە کۆنترۆلکراوی دایە دەست بەرەی کوردستانییەوە. ئەم پروسەیەش حیزبەکان و (بەرە)ی رووبەرووی تاقیکردنەویەکی یەکلاکەرەوە کردەوە و خستنیە سەر دووریانێکی سەخت و مێژوویی: ئایا بەرەی کوردستانیی، بەرەیەکی رزگاریخوازە، یان بەرەیەکی بەرهەڵستیکار؟

کارێکی حاشا هەڵنەگرتووە کە لە ساڵی ١٩٧٤وە تا ١٩٩١ ئەوەی بەسەر گەلی کورد و نەتەوەکانی تری کوردستاندا هاتووە، لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا بووە و، ئەو ئۆتۆنۆمییە «راستەقینەیەش» کە داوای دەکرێ، لە جەوهەردا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەوەی لە (١٧) ساڵی رابردوودا لە هەولێر هەبوو نییە. خودی پرۆژەکەی (بەرە)ش ئەگەر رژێم بێ سێ و دوو سەرتاپاشی قبوولبکات (کە نایکات)، هێشتا ناتوانێ پەرژینێکی سیاسی- ئابووری- یاسایی بۆ کوردستان دروستبکات و، لە داهاتوودا لە هێرش و پاشگەزبوونەوەی رژێمی ئێستای بەغدا یان ئالترناتیڤەکەی بیپارێزی.(١)

ئەو پرۆژەیەی کە پێویست بوو بەرەی کوردستانی لە رۆژانی

---

(١) بۆ بەراوردکردن سەرنجی یاسای ئۆتۆنۆمی ١٩٧٤ و پرۆژەی ئۆتۆنۆمییەکەی ئەم دواییەی رژێم و، پرۆژەکەی بەرەی کوردستانی بدە.

ڕاپەرینەکەدا (هەروا ئێستاش پێویستە)، بیخاتە ڕوو. مافی بڕیاردانی چارەنووسە، ئەم مافەش لانی کەم و لانی زۆری هەیە:

## لانی زۆری بەرنامەی مافی بڕیاردانی چارەنووس

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و جیابوونەوەیە لە عێراق. بەرای من ئەمەیان چەند ڕەواو هەقە، ڕەنگە لە ڕۆژگاری ئێستادا سەقامگیر نەبووایە. چونکە لەلایەک زلهێزەکان ئامادە نین بۆ کوردستان دەستکاریی ستراتیژە ژیانبەخشەکەی خۆیان بکەن. لەلایەکی ترەوە دوور نەبوو ئەژدیهای چوارسەرەی داگیرکەرانی کوردستان بۆ دامرکاندنەوەی بە قەولی خۆیان (خەتەری کورد) ئەنفالێکی چوار قۆلیان لەگەردنی کوردستان پەپکە بدابا. ئەمە جگە لە هۆکاری عەرەبی و ئیسلامی کە بە شێوەیەکی گشتی دژی سەربەخۆیی کوردستانن.

بەلام لە هەموو ئەو خالانە گرنگتر ئەوەیە کە پرۆگرام و سازدان و خەباتی خودی بەرەی کوردستانیی بۆ کارێکی لەم باتە نەبووە و، کۆمەلانی خەلکی کوردستانیش- ئەگەرچی هەمیشە چاویان بریوەتە سەربەخۆیی و ئازادی نیشتمانەکەیان- بەلام تائێستا بە چەشنێکی ڕێکوپێک بۆ ئەم ئەرکە ڕانەهێنراون. لەئاستی نەتەوایەتیشدا بزوتنەوەی پارچەکانی تری کوردستان لە هەلومەرجێکی وادانین، بتوانن مەودا و قورسایی خەباتی خۆیان بۆ پشتیوانی کوردستانی خواروو تەرخان بکەن.

## لانی کەمی بەرنامەی مافی بڕیاردانی چارەنووس

کاتێک کە کوردستان ڕزگار و کۆنترۆڵکرا، بە تایبەتی لەو دەمە دیاریکراوەدا: (عێراقێکی لاواز، هەلومەرجی پۆزەتیڤی جیهانیی، هاوزەمانبوونی ڕاپەڕینی کوردستان و ناوچە شیعە عەرەب نشینەکانی خوارووی عێراق......) هەق وابوو بەرەی کوردستانیی بەرەوتێکی لەم چەشنەدا برویشتبا، کە دەکرێ بگوترێ لانی کەمی مافی بریاردانی چارەنووسی دەستەبەردەکرد:

١- یادداشتێکی پوختی لەسەر کێشەی کوردستان، هەر لە ڕۆژی لکاندنەکەوە تا کاتی ڕزگاربوونەکە، ئاراستەی ڕێکخراوی نەتەوەیەککگرتووەکان و زلهێز و وڵاتانی هاوپەیمان و خودی دەوڵەتی عێراق و هەموو دنیا بکردبایە و، بە ڕاشکاوی بیگوتبایە، گەلی کورد نەهەرەشە لە بەرژەوەندی گەلێکی تر دەکات و ، نە چاوی لە ئاو و خاکی خەڵکی ترە و، نە دەشیەوێ لە ڕۆژگاری ئێستادا پەیوەندی خۆی بە دەوڵەتی عێراقەوە ببچرێ. بۆ ئەمەش دەتوانرا پشت بەو بڕیار و بڕگانەی پرۆتکۆلە جیهانییەکان ببەسترایە کە لە سیڤەر و بەڵگەنامەکانی (عصبە الامم) و هیتردا هاتوون و گەلێک زۆرن، تەنانەت (لەساڵی ١٩٣٢دا مسۆگەرکردنی یاسایی و دەستووریی مافی گەلی کورد کرایە مەرجی وەرگرتنی عێراق لە ڕێکخراوی (عصبە الامم)،کە ڕێکخراوی ئێستای نەتەوەیەککگرتووەکان لە هەناوی ئەوەوە دەرچووە و، هەر لەو ڕۆژەشەوە دەوڵەتی عێراق پەیمانی بەجێگەیاندنی ئەم کارەی بە (عصبە الامم) داوە).[٢]

٢- لەو یادداشتەدا جەخت لەسەر ئەوە بکرابا، کە دەوڵەتی عێراق،

---

(٢) کامەران قەرەداغی. ڕۆژنامەی الحیاە، ڕۆژی ٩/٥/١٩٩١.

هەر لە دامەزراندنییەوە تائێستا، قەوارەی بەشێکی کوردستانی قووتداوە و، بە دەوڵەتێکی عەرەبی ناسراوە. بەم پێیەش دەوڵەتێکی نائارەزوومەندانەیە و، بە ئاگر و ئاسن و تەنوری کیمیایی گەلی کوردی راگرتووە. ئەو لایەن و کەسانەش کە دەیانەوێ کوردستان لە عێراق جیانەبێتەوە، دەبێ بروا بەوە بێن کە پێوەندی نەتەوایەتی لە عێراق، لە نێوان گەلی هەردوو هەرێمەکەدا، پێویستی بە فەلسەفە و مامەڵە و بیرکردنەوەیەکی تازە هەیە، کە لە شارستانییەتەوە نزیک و لە بەربەریەت و شوڤێنیزمەوە دووربێ و، گۆرانکاری قوڵ بخاتە گشت لایەنە مێژوویی و جوگرافی و سیاسی و ئابووری و یاساییەکانی ئەم پێوەندییەوە. تاقە رێگاش بۆ پێکەوەهەڵکردن و یەکسانی نەتەوەیی لەنێوان هەردوو هەریمە عەرەبی و کوردستانیەکەدا ئەوەیە لە هەردوو هەرێمەکەدا دوو کۆماری یەکسان لەدەسەلات و ئەرک دامەزرێ و، لەوانیش دەوڵەتێکی فیدرالی یەکگرتوو هاوبەش پێکبێ و شوێنی دەوڵەتە مەرکەزییەکەی ئێستا بگرێتەوە. لە دەستووری دوو کۆمارەکە و لە دەستووری هاوبەشی دەوڵەتەکەشدا مەسەلەی جیابوونەوەی ئەو دوو هەرێمە لەیەکتر وابڕیار بدرێ کە لەکاتی خۆیدا بەریفراندوم یەکالابکرێتەوە. یان هەرچ کاتێک یەکێک لەم دوو هەرێمە بیەوێ بگەرێتەوە ئامێزی نیشتمانە گەورەکەی خۆی، مافی پەلکیش کردنی ئەویتری نەبێ.

ئەو حیزب و دامودەزگایانەی کە بە درۆ و راست برایەتی و هاوئایینی گەلی کورد و عەرەبیان کردۆتە مانشێتی پرۆگرام و سیاسەتیان، پێویستە ئەو راستییە سەختە بڕیار بدەن، کە ئەم دەوڵەتە (٧٠) ساڵە بە یاسا و دەستوور و بڕیار، بە لەشکر و شەر

زەمینەی دووبەرەکیی و پێکەوە هەڵنەکردنی گەلی عەرەب و کورد خۆشدەکات، بە دەستووره وەختییەکەی شۆرشی چواردەی تەموزیشەوە.*

ڕەخساندنی لانی کەمی یەکسانی نێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد لە ڕۆژگاری ئێستادا، ئەوەیە کە پێوەندی (حاکم) و (محکوم)، (ستەمکار) و (ستەملێکراو) بە پێوەندییەکی یەکسانی ئابووری- سیاسی- یاسایی فیدرالییانە بگۆردرێ.

## بەرەی کوردستانیی

ڕاستە بەرەی کوردستانیی دەستڕۆیشتوترین نوێنەری گەلی کوردستانە و، هیچ ئالترناتیڤێکی ڕێکخراوەیی تر لە قەوارەی ئەو لە مەیداندا نییە.

بەڵام ڕاپەرینەکە و تەواوی ڕووداوەکانی کوردستان، ئەوەیان سەلماند کە (بەرە) نەیتوانی حیزبەکانی ئەندامیشی ساز و ئامادە و سەرکرایەتی بکات، چجای بزوتنەوەی چەند ملیۆن کەسی خەڵکی کوردستان و دیفاعکردن لە خاکێکی ڕزگارکراوی نزیکەی (٧٠) هەزار کیلۆمێتری چوارگۆشەیی.

کاتێک کۆمەلانی خەلک زەوییان دابەشاندا و ئاگریان لە ئاسمان بەردا و حیزبەکانی بەرەیان لەو «غەریبایەتیە» ڕزگار کرد کە چەندان

* زیادە ڕۆییەکی بێلەزەت بە بەندی سێیەمییەوە دەکرێت لەوەی دەڵێت: (گەلی عەرەب و گەلی کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن). کەچی سەرنجی پێویست نادرێتە بەندی دووەمی هەمان دەستوور، کە کورد بە عەرەب و کوردستان بە خاکی عەرەب ناونووس دەکات، کاتێک عێراق و گەلانی عێراق، بە پارچەیەک لە نەتەوەی عەرەب و نیشتمانی عەرەب دادەنێ.

- بۆ سەرنجدانی زیاتری ئەم بابەتە بڕوانە عیسمەت شەریف وانلی. ژمارە (١٤٤) بەرخۆدان. بڕوانە کتێبی العراق فی عهد قاسم لاپەرە (٨٤١).

ساڵە بەدەستییەوە دەناڵێنن، بەرامبەر بەم داهێنانە شۆڕشگێڕییەی خەڵک، دەبوایە حیزبەکان وازیان لە عەقلیەتی حیزبایەتی تەسک و بارەگاکردنەوە بهێنابا و، هەموو کار و ڕێکخستنێک بە ناوی بەرەو بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینەکە ببوایە و، دەستبەرداری ئەو کولتوورە سیاسیەیان ببان کە دوور لە کۆمەڵانی خەڵک و لە شاخرا سەری هەڵدابوو. کەچی لە جیاتی شان دانە بەر ئەم ئەرکە نیشتمانییە، هەر حیزبەی بەجیا ڕوویکردە (کارەگەرەکی خۆی) و تەنیا لە شاری هەولێردا حیزبی واهەبوو زیاتر لە «١٠» بارەگای کردبۆوە.[٣] ئاخۆ دەبێ سەرجەمی حیزبەکان چەند بارەگایان لەو شارەدا هەبووبێ؟ ئایا لەو ڕۆژانەدا لە سەنتەری هەر چوار پارێزگاکەی کوردستاندا خودی بەرە (١٠) بارەگای هەبوو؟

ڕاستە دەستبەردار بوونی لایەنی نەگەتیڤی ئەو کولتوورەی لە شاخرا سەری هەڵداوە، کارێکی ئاسان نییە و، پێویستی بە پرۆسەیەکی کاملە و لەشەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی، بە تایبەتی ئەگەر سەرنجی خودی حیزبەکان بدەین، کە ژمارەی زۆریان هەر لە شاخ لە دایکبوون و، (بەرە)ش کۆڕپە و بەرهەمی خەباتی چەکداریی و ناو شاخ بوو، کە لە پڕێکدا کەوتەناو دەریایەکی پڕ لە شەپۆلی ڕەنگا و ڕەنگ و تینبەخشی کۆمەڵانی خەڵک. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە نە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکە و، نە لە قولایی کارەساتەکە و، نە لە پرۆسەی وتووێژیشدا، هیچ سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی ئەم گۆڕانە لە هەلسوکەوتی حیزبەکان و لە پراکتیکی بەرەدا دەرنەکەوت.

---

(٣) ڕۆژنامەی طریق الشعب ژمارە (١٣) کۆتایی ئاداری ١٩٩١.

## ئۆتۆنۆمی = بانکارەسات

هێشتا لە بزوتنەوەی سیاسی گەلی ئێمەدا بە تایبەتی لەناو دەزگا سەرکردایەتیەکاندا، بیرکردنەوەی تەقلیدی زاڵە، بۆیە رەنگە کەسانی واهەبن بڵێن، ئێمە هەر ئۆتۆنۆمیمان دەویست وامان بەسەرداهات. ئەگەر زیاتر بخوازین دەبێ چمان پێ بکەن. هەلگرانی ئەمجۆرە رایانە قەت توخنی ئەوە ناکەون و بە گیانێکی بوێرانە لە خۆیان و خەڵکی تریش بپرسن، گەلی ئێمە کەهیشە لە نەبەردیدایە، بۆچ هەموو جارێک دوای قارەمانێتی کەم وێنە و قوربانیدانی فرە، شۆرش و راپەرینەکانی تێکدەشکێن؟ ئەگەر جاروباریش بۆ وەلامدانەوەی پرسیاری لەم چەشنە ملیاندابێ، ئەوا ئۆباڵی هەموو تێکشکانەکانیان خستۆتە ئەستۆی دوژمنانی گەلەکەمان. دیارە کەس لەوە لاریی نییە کە درندایەتی دوژمنان و ئالۆز هەلکەوتنی جوگرافیایی کوردستان رۆڵی سەرەکییان لەو تێکشکانانەدا هەبووە. بەلام ئەمەیان دیوێکی مەسەلەکەیە و، دەیان ساڵە ئێمە هەر ئەم لایەنە دەبینین و، لەو (تایە)ی پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە نزیک نابینەوە. ئێ خۆ بزوتنەوەی گەلانی تریش رووبەرووی دوژمنی درندە و هەلومەرجی سەخت دەبنەوە، بەلام هیچ بزوتنەوەیەک نابینرێ، وەک بزوتنەوەکەی ئێمە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لەیەک بازنەدا خوول بخوا، شۆرش تێکشان، جارێکی تر شۆرش و دیسانەوە تێکشکان. ئایا ئەم دیاردەیە ئەوە ناهێنێ بکرێتە بابەتێکی جیدی لێکۆلینەوە و باس لەسەر کردن؟ ئایا دیاردەکان ئەوەندە روونئەبوونەتەوە، پیاوبتوانێ بڵێ بەشێکی کاریگەری هوکاری نەگەیشتنی گەلەکەمان بەئازادی ومافی بریاردانی چارەنووس کە پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە، لەم خالانەدا خڕبوونەتەوە:

١- نەبوونی بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی نیشتمانی، وەک فیکر و ستراتیژ و بەرنامە. کە دەست بە شۆرش و راپەرین و حیزب و بەرە دامەزراندن دەکرێ، باسی رزگاری کوردستان و مافی چارەنووس دەکەین. بەڵام هەرکە لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا کۆدەبینەوە، فایلێکی تر دەبێتە بابەتی باس و وتووێژ. ئایا ئەم ناکۆکییە لەخودی بزوتنەوەکەماندا نییە.بزوتنەوەکەمان لە کوردستانی بندەستی عێراق و ئێران و سوریادا، دەبێ خۆی ساغکاتەوە و، بزانین چین و چمان دەوێ. بەڵام لە کوردستانی بندەستی تورکیادا مەسەلەکە بە جۆرێکی ترە و لەویندەر هەر لە سەرەتاوە بەرەوانی هاتوونەتە سەرمافی بڕیاردانی چارەنووس و هەموو چالاکی و سازدانێکیشیان هەر لەم پێناوە دایە و، لەوێ بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی بە گشت ماناکانییەوە لە ئارادایە......)(٤)

٢- بوونی ئۆتۆنۆمی بە ستراتیژ و دوورکەوتنەوە لە مافی بڕیاردانی چارەنووس.

٣- قەیرانی قولی سەرکردایەتی بزوتنەوەکە کە کاری نەگەتیڤانەی کردۆتە سەر رەوتی بزوتنەوەکەش.*

---

(٤) شێخ عەلی. پێوەندی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی (نموونەی عێراق). رابوون ژمارە (١) ١٩٩١.

* کاتێک باسی قەیرانی ناو ئەم دەزگایەی سەرکردایەتی دەکرێ، مانای ئەوە نییە ئەو خەڵکەی لەسەرکردایەتیدان تێکۆشەر و قوربانیدەر نین. یان لە قۆناغەکانی داهاتوودا ناتوانن درێژە بە خەبات بدەن. یان کەسانی ئەوتۆیان تیا نییە، مانەوەیان لەو دەزگایە دا پێویست بێ. لێرەدا قسە لەسەر دەزگاکەیە وەک دەزگا، کە نەیتوانی و ناشتوانی بزوتنەوەکە بەرەو سەرکەوتن بەرێ. دەرچوون لەو قەیرانەش تازەکردنەوە و سەرلەنوێ خەت دارشتنی بزوتنەوەکەی دەوێ، بۆ ئەمەش بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەو بنەما فیکریی و سیاسی و رێکخراوەییانەی لە بزوتنەوەکەدا زاڵن هەڵتەکێنرێن و، میکانیزمێکی دیموکراتیانە بۆ دەزگای سەرکردایەتی بڕیار بدرێ..... کارێکی دوولایەنەی دژبەیەکی (روخاندن و بنیاتنان)ی لەم چەشنەش بە خودی دەزگا کۆنەکە ناکرێ. بەڵام دەزگا کۆنەکە دەتوانێ یارمەتیدەر یان کۆسپ هێنەربێ.

بەرای من گرفتی ئێمە دروست لە خودی ئۆتۆنۆمیدایە و، تا بزوتنەوەکەمان لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا دیلکری و ئۆتۆنۆمی ستراتیژی بێ، ئەوا ئەو ئۆتۆنۆمییە منداڵدانێکی سروشتی زاوزێکردنی کارەسات دەبێ.

لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ساڵی ١٩٧٤ کە ئۆتۆنۆمی هەر دروشم و باس بوو گەلی کورد و نیشتمانەکەی رووبەرووی تواندنەوە ببونەوە، بەلام بە «ئسوول». کەچی لە ساڵی ١٩٧٤ەوە لە سایەی (١٧) ساڵی ئۆتۆنۆمی و بوونی کوردێک بە جێگری سەرکۆمار، (٤٠٠٠) گوند خاپور کران و چینی جوتیار و سامان و بەرهەمی لادێ کۆتایی پێهات. ئەم پرۆژەیەش رووبەرێکی (٤٥/٠٠٠) کیلۆمێتری چوارگۆشەیی گرتەوە،[٥] بەم پێیە زیاتر لە نیوەی رووبەری کوردستان، لە نیشتمانی گەلی کوردەوە، کرا بە نیشتمانی تانک و سوپا، نزیکەی لە ٣٥٪ خاکی کوردستان بە تایبەتی ناوچە نەوتدارەکان رووبەرووی (تعریب) بوونەتەوە.[٦] ئەمە جگە لە شەری کورد قران و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

ئۆتۆنۆمی بۆ گەلێک لەسەر خاکی خۆی بژێ، لەهەر کوێدا بخرێتەروو، بە نیازی زەوتکردنی خاک و دوورخستنەوەی ئەو گەلەیە لە مافی بریاردانی چارەنووس. ئۆتۆنۆمی ئەوەندە مافی سیاسی و یاسایی و دەستووریی دەهێلێتەوە کە نەتەوە سەردەستەکە (حاکم) و نەتەوە بندەستەکە (محکوم) بێ. با وێنەیەک لە یەکێتی سۆڤیەتی «نموونە» بهێنینەوە:- «ئێستا تەتەرییەکان لە نیوەی دانیشتوانی

---

(٥ و ٦) بروانە گوتاری بەرەی کوردستانی لە کۆنفرانسە جهیانییەکەی پاریس. پاشکۆی ژمارە (٣)ی رۆژنامەی زاگرۆس.

تەتەرستان کەمترن... لە هەموو هەرێمە ئۆتۆنۆمدارەکانی روسیاشدا هەمان چەشنە و زۆربەی دانیشتووەکانیان رووسن سەرەرای ئەوەش تەنیا لە ٢٪ لەو روسانەی لە تەتەرستاندا دەژین دەتوانن بە زمانی تەتەریی قسان بکەن......»(٧)

راپەرین و کارەساتەکە کە هەردووکیان لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا روویاندا، یەکەمیان دژی ئۆتۆنۆمی و دووەمیشیان بەرهەمی ئۆتۆنۆمی بوو.

رووداوەکانی کوردستان تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی بوو، بە راشکاویی سەلماندیان، کە ئۆتۆنۆمی لەبەرامبەر دەوڵەتی (مرکزی)دا، هیچ کارێکی بەرهەڵستکاریی پێناکرێ و، دەبێتە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ تەراتینکردنی فیکری شۆڤێنی نەتەوەی بالادەست.

رووداوەکان ئەزموونێکن هەموو حیزبە کوردستانییەکان سەبارەت بە ئێستا و داهاتوویان تاقیدەکاتەوە. هەروا ئەزموونێک بوو بۆ دەوڵەتی عێراق کە کوردستان و گەلەکەی بۆ (تعریب) ناکرێن.

تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ هێزە دیموکراتەکانی عێراق و گشت ئالترناتیڤەکانی رژێمی ئێستا. ئایا دوای رووخاندنی ئەم رژێمە ئەوان چ دەکەن، درێژە بە سیاسەتی ئۆتۆنۆمی دەدەن، یان بە گیانێکی شارستانی و دیموکراتخوازانە ددانی هەق بە مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کوردستاندا دەنێن؟

تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ پارچەکانی تری کوردستان، کە دەسخەرۆی ئۆتۆنۆمی نەبن و نەیکەن بە ستراتیژ. ئۆتۆنۆمی لە باشترین و

---

(٧) هەفتەنامەی (انباء موسکو) ژمارە (٣٦) ١٩٩٠.
(الحکم الذاتی والسیادة- طاولة انباء موسکو المستدیرة).

سەرکەوتووترین حاڵەتدا هەنگاوێکی ریفۆرم و چارێکی کاتییە و، لە باری خراپیشیدا هاورەدیفی چەکی کیمیایی و راگوێزان و شەری جینۆساید و تۆفانە کۆچە.

## تۆفانی کۆچ

پەلاماردانی تۆڵە سینەرانەی دەوڵەتی عێراق بۆ سەر کوردستان، ئەو تۆفانە کۆچ و بانکارەساتەی لێدروست بوو، کە بە گەورەترین کۆچ پێکردنی سیاسیانەی ئەم سەردەمە دادەنرێ.

مەودا و سەرکەوتنی راپەرینەکەی کوردستان و راپەرینی ناوچە شیعە نیشنەکانی (جنوب)، لە بەرژەوەندی ولاتانی هاوپەیمان و ئاڵترناتیڤەکەیان و خەڵکی تریشدا نەبوو. هەر بۆیە رێگای سەرکوتاندنەوەی هەردوو راپەرینەکەیان بۆ سەدام خۆشکرد و، لە راستیشدا کەسێکی تری وەک ئەویان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەست نەدەکەوت.

سەرکەوتنی راپەرینەکەی کوردستان کە نەخشە، و جێبەجێکردنی پرۆسەیەکی پاراوی کوردستانی بوو، دوور نەبوو ببێتە هۆی ورۆژاندنی سەرتاپای ناوچەکە و، گەورەترین سەرێشەی سیاسی بۆ ستراتیژی ئەمریکا و زلهێزان لە ناوچەکەدا بخولقێنێ و ببێتە پێشەکیەک بۆ لە دەستدانی تورکیا، یان هەر بەشێکی ستراتیژەکەیان.

راپەرینی ناوچە عەرەبیە شیعەنشینەکانیش، هەر لە سەرەتاوە، سیبەری تاقیکردنەوەکەی شۆرشی ئێران و تەشەنەکردنی شیعەگەرێتی بۆ دنیا ئاوێنەکردەوە. کارێکی زانراوە کە

هاوپەیمانەکان و خەڵکی تریش لە نێوان (کش سەدام) و (کش شیعە)دا کش لە شیعە دەکەن.

تا ئێستا راگەیاندنی جیهانیی، کوردی (بە گەلێکی لە بیرکراو) و کوردستانی لە ستراتیژی زلهێزەکاندا بە «خاڵی مردوو» ناودەبرد. هەندێ جاریش بە «پەپاس و کاغەزی» ئەم وڵات و ئەویتر کەچی راپەرینەکە و بە تایبەتی بانکارەساتەکە، بۆمبایەکی ئەوتویان لە بناگویی ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و پەرلەمانەکانی دنیادا تەقاندەوە، ناچاری کردن فایلی کێشەی کوردستان بخەنەوە سەر مێزی گفتوگۆ یان هیچ نەبێ سەرنجدان. لێرە و لەوێش لەناو سیاسەتمەدارانی جیهاندا قسە و باس گەیشتە ئەوەی تاوەکو کێشەی کوردستان چارەسەر نەکرێ، ئارامی لەم ناوچەیەدا مەحاڵ دەبێ، زۆر جاریش دەهاتنەسەر باسکردنی سنوورە ساختەکان:«کوردان قوربانیی دەستی سنورە زۆردارییەکانی ئێستان، پێویستە ئەو سەربەخۆییەیان بدرێتی کە دەیخوازن......»(۸)

ئەگەر هێشتا زووبێ بۆ ئەوەی بگوترێ بانکارەساتەکە گۆرانێکی قەبەتری خستە سیاسەتی جیهانیەوە بەرامبەر بە کوردستان، ئەوە دەتوانرێ بگوترێ بە توندی سەرنجی ئەم سیاسەتەی بۆ لای کێشەی کوردستان راکێشا.

گەورەترین وەرچەرخانێک کە ئەم بانکارەساتە لەرای گشتی دنیادا خوڵقاندی، ئەوەیە کە پێگەیەکی میللی لەناو کۆمەڵگای گەلانی دنیادا. بە تایبەتی ئەوروپا بۆ پشتیوانی و کۆمەککردن بە گەلی کوردستان سازکرد و، چیتر رای رەسمی دەوڵەتەکان، ناتوانن لەبەردەم رای

(۸) جین کیرکپاتریک- نوێنەری پێشووی ئەمریکا لە UN. رۆژنامەی الحیاە رۆژی ۱۹۹۱/۵/۹.

گشتی گەلەکانیاندا، کێشەی کوردستان بە چەشنێ کۆن فەرامۆش بکەن. ئاشکرایە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی کە بە فراوانی کارەساتەکەیان خستە بەرچاوی دنیا، ڕۆڵێکی گەورەیان لەم بوارەدا گێڕا.

## بڕیاری ژمارە ٦٨٨

لە سەرجەمی ڕووداوەکاندا، گەورەترین کارێک لە بواری دیپلۆماسیدا بۆ گەلەکەمان بەدەستهات و بە کردەوەش تارادەیەکی باش ڕەنگی دایەوە و دەکرێ مەودایەکی سیاسی پێبدرێ، دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو.

بایەخی ئەم بڕیارە لەوەدا دەردەکەوێ کە:

١- بۆ یەکەمین جارە کێشەی کوردستان (جا بەهەر چ ناوێکەوە باسکرابێ) لەو ڕێکخراوە جیهانیە خاوەن بڕیارەدا شوێنی خۆی بکاتەوە و، شاردنەوەی ناوی کورد و کوردستان کە بە خۆڵەمێشی بەرژەوەندی زلهێزەکان و سەردەمی شەری سارد و شۆڤێنیزمی تورک و فارس و عەرەب داپۆشرابوو، کۆتایی پێهات و، ئێستا ناوی کورد و کوردستان بوونەتە دوو پشکۆی گەش و لە دوورترین نوختەی جیهانەوە دەبینرێن.

٢- ئەم بڕیارە لە سنووری کوردستانی بندەستی عێراقدا، پرنسیپی دەستێوەرنەدانی بە پرنسیپی دەستێوەردان گۆری.

٣- گەرچی ئەم بریارە ڕاستەوخۆ سەبارەت بە تۆفانە کۆچەکەی کوردستانی بندەستی عێراقە، بەڵام بە شێوەیەکی بابەتیی بۆ پارچەکانی تر دەبێتە پێشەکی و پارمەتیدەر.

٤- ناوەرۆکی بڕیارەکە ئەو مافە بە زلهێزەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەدات، بۆ ڕێگاگرتن لە کارەساتی نوێ لە کوردستانی خوارووداچەک بەکار بێنن.

## وتووێژ

وتووێژ وەک بابەت و پرنسیپ ڕەتناکرێتەوە. بەڵام کەی و چۆن و بە چ بەرنامەیەکەوە وتووێژ دەستپێبکات، ئەم لایەنەیان جێگای دید و سەرنجی لێک جوودای خەڵکە.

هەندێ لە لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی ئاوارەبوونی (٢) ملیۆن هاوولاتی دەکەنە بەڵگە و بیانووی چوونە ئەو جۆرە وتووێژەوە.

دیارە مەسەلەی چارەنووسی (٢) ملیۆن مرۆڤ، بۆ هیچ جۆرە گەمەیەک ناشێ، چونکە ڕزگارکردنی (٢) ملیۆن هاوولاتی لەگشت ئامانج و دامودەزگایەک پیرۆزترە. بەڵام ئایا مەسەلەکە وابوو؟

ئەم بیانووە هیچ مەوزوعییەتێکی تیانییە. چونکە بە ستنەوەی چارەنووسی (٢) ملیۆن کەس، بە چوونی وەفدی (بەرە) بۆ بەغدا هەڵەیەکی گەورەیە.

ئایا لەو ڕۆژەوە وتووێژ دەستپێکردووە، هۆکارە جیهانییەکانن فریای گەلی کوردستان کەوتوون یان، دەوڵەتی عێراق. ڕژێم لە جیاتی مسۆگەرکردنی خۆراک و پۆشاک و حەوانەوە بۆ خەڵکە ئاوارەبووەکە، خەریکی سازدانی هەرچی زیاتر خۆکۆکردنەوە و ناردنی سوپایە بۆ کوردستان و لەوەش زیاتر، خەڵکە ئاوارەبووکە و گەلی کوردستان بە تاوانبار دەزانی و پەیتا پەیتا بەیاننامەی «لێخۆشبوونیان» بۆ دەردەکات.

تۆفانە کۆچەکە دەبوو لە ڕووی سیاسیەوە خاڵی تینبەخشی پۆزەتیڤی بەرەی کوردستانی بێ. نەک خاڵی لاواز و نەگەتیڤ.

هەق وابوو تۆفانە کۆچەکە نەکرێ بە زەمینەی سەرچاوە هەلگرتنی چوونە ئەو جۆرە وتوویژەوە. بەڵکو گەرانەوەی بێ قەید و شەرتی (٢) ملیۆن خەلکی ئاوارە بۆ شوێن و ڕێی خۆیان و قەرەبۆکردنەوەی زیانەکانیان، بکرابایە بە دروشمێکی بە پەلەی بەرەی کوردستانیی و، ئەم ئەرکەش بخرابایەتە ئەستۆی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمان، بە کردەوەش ئەو لایەنانە ئامادەیی خۆیان بۆ ئەمجۆرە کارە دەربری و، لە واقیعیشدا کارێکی زۆریان لەم ڕووەوە ئەنجامدا.

## ئێستا چبکەین؟

ڕەنگە باشترین کار بۆ ئەم قۆناغە و ئایندەی نزیک ئەوەبێ بەرنامەی (نەشەڕ و نە ئاشتی) بپارێزێ و، هەوڵبدرێ تەواوی کوردستان بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی بەرەو، لە هەمانکاتدا بەپێی نەخشەیەکی بڕیاردراو و بە کۆمەک و یارمەتی ئەو دەوڵەت و لایەنانەی ئامادەن یارمەتیمان بدەن، کوردستان ئاوەدانبکرێتەوە:

– لانی کەمی ژیانی ئاسایی مسۆگەر بکرێ و، لە خەلکی پسپۆڕ و شارەزا ئیدارەی مەدەنی بۆ شار و شارۆچکە و ئۆردوگاکان هەلبژێردرێ و بخرێتەکار.

– ئەو کارگە و فابریکانەی هەن بخرێنەوە کار.

–خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتیەکانی (خوێندن، تەندروستی، هاتووچۆ) دابینبکرێ.

- بەپێی بەرنامە خەڵکەکە هانبدرێن و رووبکرێتە ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان و، زیندووکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵداریی و، لەم رووەوە داوای کۆمەک و یارمەتی لە وڵاتان بە تایبەتی لە بازاری هاوبەشی ئەورووپیی بکرێ و، ئەو داوا و پێشنیارانەی لەم دواییەدا نوێنەری بەرە لە پایتەختەکانی ئەورووپادا خستیە بەردەم لێپرسراوان بەسەربکرێنەوە و، بۆ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە مسۆگەر بکرێ.

- دەزگایەکی پسپۆر لە کۆمەڵانی خەڵک بۆ سەرپەرشتی (هێنان و بردن و نرخدانان) هەڵبژێردرێ و، لق و پۆی ئەم دەزگا میللیە لەگشت شوێنێکدا پێکبێ و، رێگا لە دزی و گەندەڵیی و لرفلێدان بگیری کە دەستدرێژییەکی بێئەخلاقانەیە دەکرێتەر سەر ئەو خۆراک و پۆشاک و دەرمانانەی بە رێگە و شێوەی جۆربەجۆر دەگەنە کوردستان. چ ئەو بەشەی وەک یارمەتی و کۆمەک بۆ گەلەکەمان دەنێردرێ، یان ئەو بەشەی کە لە رێگەی بازرگان و قاچاخچییەوە دەگات. کۆنترۆڵکردنی ئەم مەسەلانە ئەرکێکی گرنگ و بە پەلەترین کارە رووبەرووی بەرە دەبێتەوە.

- پێویستە ئاسایی کردنەوەی ژیان و سەقامگیربوونی خەڵک لە شار و گوندەکاندا نەبەستریتەوە بە وتووێژ و چوون و هاتنی نوێنەری بەرەی کوردستانییەوە بۆ بەغدا و، دەبێ خەڵک نەخرێتە تونیلی چاوەروانییەوە. پێویستە بەرەی کوردستانیی ئەو لایەنە رەسمیانەی بە بۆشایی ماونەتەوە، پرکاتەوە.

- لە بواری پێشمەرگایەتیشدا، بە تایبەتی ئێستا کە کوردستان بۆتە چرە دارستانێکی پڕ چەک و تەقەمەنی، تەواوی هێزی پێشمەرگە

یەکبخرێ و بخرێتە ژێر کۆنترۆلی سەرکردایەتی بەرەوە.

- بایەخی تەواو بە چاپ و بلاوکردنەوە و راگەیاندن بدرێ و، رۆژنامەیەکی رۆژانەیان هەفتانە دەربکرێ و، ئەم مەیدانە ترسناکە بۆ رژێم چولنەکرێ.

- پەرلەمانێکی کاتی لە نوێنەری گشت شار و شارۆچکە و ئۆردوگا زۆرەملیەکان، لە کەسایەتی پایەدار و نووسەر و ئەدیب و مامۆستایانی زانکۆ و کرێکاران و ئافرەتان و کەسایەتی ئایینی (ئیسلام و دیان) و لە نوێنەرانی ئاشووری و تورکمان، هەلبژێردرێ، یان کۆمیتەی بالای سەرکردایەتی (بەرە) بەکە سایەتی سەربەخۆی کوردستانی فراوان بکرێ، تاببێتە ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی بۆ سەرکردایەتی کردنی خەباتی ئێستای گەلەکەمان.

- قورسایی گەلەکەمان لە ئەورووپا ساز و رێکخرێ، بۆ گورجوگۆل کردنی ئەو هۆکارە پۆزەتیڤە جیهانیانەی رەخساوە و، نەیەلێن لەبار بچوینرێ.

- لە جیاتی «ئۆتۆنۆمی» ئەو ئالترناتیڤە گەلالە بکرێ کە دەبوو لە گەرمەی راپەرینەکەدا هەبوایە. ئەو کاتەش لەگەل رژێمی ئێستادا بێ یان ئالترناتیڤەکەی وتووێژ رەوتێکی تری دەبێ و، ئاکامەکانیشی سەرکەوتووبن یا نەء، دەستکەوتێکی سیاسی مەزن دەبێ بۆ گەلەکەمان.

لەم پرۆسەیەشدا بەرەی کوردستانیی (ئەگەر بیەوێ) دەتوانێ لە بەرەی حیزبەکانەوە ببێتە بەرەیەکی رزگاریخوازیی میللی.

ئەمکارانەش نایەنەدی، ئەگەر بەرەی کوردستانیی کە گەورەترین هێزی سیاسیە لە گۆرەپانەکەدا، دیموکراسیی سیاسی و ئازادی

رادەربرین و مافی خۆپیشاندان و مانگرتن و چاپ و بلاوکردنەوە دەستەبەر نەکات. ئەگەر بەرە ئەمکارە نەکات مانای وایە گەورەترین دەستکەوتی راپەرینەکە زەوت دەکات و، ناشتوانێ ئالٓترناتیڤی ئەو بۆشاییەی ئێستای کوردستان بێ و، لە داهاتووشدا بەرامبەر هەر چ مانۆر و پەلامارێکی چاوەروانکراوی رژێم خۆی راناگرێ.

# سیستەمی نوێی جیهانی و کێشەی کوردستان*

سیستەمی نوێی جیهانی، کە لە لایەن ئەمریکا و ولاتانی ئەورووپای رۆژئاواوە داهێنرا، بۆتە یەکێک لە زاراوە باوەکانی ئەمڕۆی جیهان. ئەم زاراوەیە و چەمکی سیاسەتی نوێ بیرکردنەوەی میخایل گەرباچۆڤ لە گەلێک رووەوە وەک: زەمەنی سەرهەڵدان و بیچم و تەنانەت بۆچوونیشیان لێکدەچن، بەلام جیاوازیشیان کەم نییە.

گەرباچۆڤ و دەوڵەتەکەی جارانی وی، ئەو زەمینە ئابوورییەیان نەبوو، بتوانن رەونەق بەم نوێ بیرکردنەوەیە بدەن و کۆڵەگەکانی چەترە جیهانییەکەی دابەستن. بە رەسمی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەکۆنەکەی سۆڤیەت و وەکەنارخستنی گەرباچۆڤیش، بە جارێک مەیدانی بۆ زاراوە ئەمریکاییەکە چۆلکرد.

گەلێک جار وشە «نوێ»یەکە مرۆڤ بە سەهوودا دەبا و ، ئەوەی لەبیردەباتەوە کە ئەم وشە «دلگیرەش» مانایەکی دووسەرەی «پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ»ی هەیە و ، مەرج نییە لە هەموو شوێن و کاتێکدا واتای پەرینەوە لە خراپەوە بۆ چاک بگەیەنێ. هەر بۆیەرەنگە بۆ «نوێ»یەکە سیستەمی داهاتووی جیهان و، بۆ «کونەکەش» سیستەمی رابردوو دروستتربێ. بەلام لەبەر داسەپاوییەکەی من لێرەدا زیاتر زاراوە باوەکە بەکاردێنم.

ئەگەر بمانەوێ بەکورتی سیستەمی نوێی جیهانی وەک

* ئەم بابەتە لە ژمارەی (٤) ی ١٩٩٢ی گۆڤاری رابووندا بلاوبۆتەوە.

«راگەیەندراوە» شیبکەینەوە، ئەم مانایە دەگەیەنێ: کۆنترۆلکردنی پۆزەتیڤانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و پاراستنی شارستانیەت، هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشە گشتی و هەرێمایەتیەکان. سەروەربوونی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی گەلان لە هەڵبژاردنی مۆدێلی ژیانی داهاتوویان...هتد.

ئەگەر لەو ناونیشانانەوە سەیری ئەو سیستەمە بکرێ، ئەوا دەبێ خۆی لە ئایدیولۆژیا و کولتووری سیستەمی رابردووی جیهان «بلۆک بەندیی» رووتکاتەوە و، زەمینەی یاسایی و دەستووریی بۆ دارێژرێ و، پشت بە بەڵگەنامە جیهانییەکان ببەستێ.

گەرچی تا ئێستا سیستەمێکی لەم چەشنە، بە هەموو رواڵەت و رێباز و بنچینە و ئامانج و ناوەڕۆکەکەیەوە لە ئارادا نییە، بەڵام هەندێ لایەنی زەمینەی جیهانیی بۆ رەخساوە. هەرچەندە وا دیارە ئەمریکا کەڵکی خراپ لە هەلومەرجی هەنووکەیی دنیاکە بە قوناغی پەرینەوەدا گوزەردەکات، وەردەگرێ و بەکردەوە دەیەوێ سیستەمی بە تەنیا حوکمڕانی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ. ئەمەش دروست پێچەوانەی ئەو ئامانجانەن کە بەناوی سیستەمی نوێی جیهانییەوە خراونەتە روو دژ بەو زەمینەیەیە کە پاش «شەڕی سارد» پەیدابووە.

وەزارەتی دیفاعی ئەمریکاش لە راپۆرتێکدا بەناوی «بەڵگەنامەی پەنتاگۆن» خولیای ئەمریکا بو خۆسەپاندن بەسەر جیهاندا و، چاری کێشەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەو ناشارێتەوە «بەڵام زەحمەتە ئەو بەڵگەنامەیە بتوانێ بنچینەی سیستەمێکی جیهانیی ئەوتۆ دارێژێ، کە بو ماوەیەکی زۆر ئەمریکا بە تاقی تەنیا بتوانێ زاڵبێ تیایدا، چونکە رۆڵی رێژەیی سەربازیی، لە بەرامبەر رۆڵی ئابووری و

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی و کەلەپووری شارستانیدا، کەم دەبێتەوە».[1]

ئەم بەڵگەنامەیە بێزارییەکی زۆری لەناو ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپادا دروستکردووە. سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا لە دوایەمین سەردانیدا بۆ نیویۆرک بەئاشکرا ئەوەی دووپاتکردەوە کە «دەبێ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێتە تاقە پاسەوانی ئاشتی و ئاسیشی جیهان و ناوبژیکەری ناکۆکی جیاجیای هەریمەکان».[2] لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هاریکاریی پەیمانی ئەتڵەسیشدا کە لە ئاداری ڕابردوو لە بروکسل پێکهات، چەند ئەندامێکی تری ئەتڵەنتی، لە وڵاتە ئەورووپاییەکان، ڕەخنە و نیگەرانی خۆیان سەبارەت بەو بەڵگەنامەیە دەربڕی. ئەڵمانیاش لەپاش یەکگرتنەکەوە مەیلی خۆنواندنی وەک کەڵەهێزی ئەورووپا زیاتر لا گەڵاڵەبووە و، دەیەوێ لە سیستەمی تازەی جیهاندا حسابی کۆک بۆ خۆی و ئەورووپا بکرێ.

لەناو خودی ئەمریکاشدا داوا لە کۆشکی سپی دەکرێ، چیتر هێندە بەرز نەڕوانێ و ئاوڕێک لەمەڕ کۆمەڵگاکەی خۆشی بداتەوە. ئەگەر پێشان خەتەری سۆڤیەت وای لە زۆربەی ئەمریکاییەکان کردبوو، داخوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان هەندێ سنووری دیاریکرا نەبەزێنن[3] ئەوا لەمەودوا بە جۆرێکی تر دەبێ، بە پێچەوانەی بەڵگەنامەکەی پەنتاگۆن «کە ڕۆڵی دزێو و ڕابردووی ئەمریکا، وەک پۆلیسی جیهانیی دێنێتەوە یاد».[4]

---

(١) وثيقة البنتاجون والدور الامريكي في العالم - ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ١٩٩٢/٣/٢١.
(٢) هەمان سەرچاوە.
(٣ و ٤) سەرچاوەی پێشوو.

چەندان دید و بۆچوونی جیاواز دەربارەی ئەم بابەتە گرنگە لە ئارادایە، کە زیاتر لە سێ کۆمەڵی سەرەکیدا خڕدەبنەوە:

## دیدی یەکەم:

وا دەبینێ کە مەڵبەندە بەهێزەکانی ئەمڕۆی دنیا دەبنە بنچینەی سیستەمی داهاتووی جیهان. لەوانە:

-ئەوروپای یەکگرتوو، بە پلەیەکی بەرچاو ئەڵمانیا.

-وڵاتانی سەرووی ئەمریکا، بە رابەریی وڵاتە یەکگرتووەکان.

-«ئیمپراتوریەتی تەکنەلۆژیای قژڕەشەکان»ی ئاسیا، بە رابەریی ژاپۆن، کە خوارووی کۆریا و تایوان و هۆنگ کۆنگ دەگرێتەوە و، دوورنیە مالیزیا و تایلاند و ئەندەنوسیاش بچنە پاڵیان.

بۆچوونی وا هەیە چین و هندستانیش دەخاتە ئەم خانەیەوە.

- روسیای فیدرال و کۆمینوڵسەکەی، ئەگەر قولابێک هەبێ و بتوانێ لەو گێژاوەی تێی کەوتوون دەریانبێنێ.

## دیدی دووەم:

وا دەبینێ کە ئەمریکا، گەرچی تووشی گرفتی بازرگانی و قەرزاریی و دارایی بۆتەوە، بەڵام هێشتا توانای ئەوەی هەیە بە تەنیا جڵەوی ئەم سیستەمە تازەیە لە چنگ گرێ و، خۆی بەسەر دنیادا بسەپێنێ.

## دیدی سێیەم:

پێی وایە سیستەمێکی تازەی ئەوتۆ کە بتوانی شان بداتە بەر کێشە گشتییەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی «ژینگە» ئاشتی و ئاسایش، دەلاقەی ترسناکی نێوان باکور و باشور و، برسێتی، کە ملیارێک مرۆڤی برسی لە دنیادا هەیەو پێنج یەکی دانیشتوانی جیهان دەکات

و، چاری کێشە هەرێمایەتیە کەڵەکەبووەکان و...هتد». تەنیا بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەدەچێ و، تەنیا دەستوور و بەڵگەنامەکانی ئەو دەتوانن ببنە زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو سیستەمە جیهانییە. ئەمەش بە مەرجێک میکانیزمی ئیشوکاری خودی ڕێکخراوەکە تازەبکرێتەوە و، چاو بە مافی (ڤیتۆ)ی پێنج زلهێزەکەدا بگێردرێتەوە و، ئەنجومەنی گشتی فراوانتربکرێ و، شوێنی گەلانی بێدەوڵەت لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخراوەیەدا بکرێتەوە. دەبێ پێوەری شارستانیەت بۆ دیاریکردنی ڕابەریی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتانیش ئەوەبێ کە کێ توانای دەستەبەرکردنی ئاشتی هەیە، نەک کێ توانای شەڕهەڵایسانی هەیە.(٥)

دیارە سیستەمی نوێی جیهان بەو مانایە نییە، کە دژایەتی و ناکۆکییەکۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەڵبوەشێنێتەوە و دنیا بکاتە دوورگەی بەختیاری. بەڵکو بەو مانایەیە کە پرۆسەی دەنگدان و دیموکراسی و حورمەتگرتنی ئازادی گەلان بکرێنە پێوەری چاری ئەو کێشانە. لە هەرچ گۆشەیەکی دنیاشدا ئەم چوارچێوانە بەزێندران و زەبروزەنگ پەیڕەوکرا، هەوڵبدرێ تەشەنە نەکا و بازنەی مەترسی دروست نەکات.

پێدەچێ ناکۆکی نێوان سێ ئیمپراتۆرییە تەکنەلۆژی و پیشەسازییەکە، «ئەوروپا و ئەمریکا و ژاپۆن» کە دەستییان بەسەر تەواوی بازارەکانی دنیادا گرتووە، توند و تیژتربن و لە سیما زەقەکانی سەردەمی داهاتووبن. وڵاتانی ئەوروپاش چیتر پێویستیەکەی جارانیان بە پاڵتۆ نیۆکلیارییەکەی ئەمریکا و تەنانەت

(٥) غالی شکری. ایدیولوجیا بلا حدود. ڕۆژنامەی صوت الکویت ١٩٩١/٧/١٧.

پەیمانی ئەتڵەستیش نەماوە خۆیانی پێ بپارێزن. ئەوەتا هەر لە ئێستاشەوە ئەمریکا دوابەدوای لابردنی وێنەی دوژمنە کۆنەکەی «یەکێتی سۆڤیەت» کە بە ئیمپراتۆریەتی شەڕی ناودەبرد، خەریکە چوارچێوە بۆ دوژمنێکی چاوەڕوانکراو دادەتاشێ و، کنەی دۆزینەوەی دەکات. وەک هەندێ لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا خۆیان دەڵێن، وڵاتی ئەوان بە بێ دوژمن ناتوانێ بژی و «ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت نەبایە، دەبا خۆیان دروستی بکەن».(٦)

هەر سەبارەت بە پێداویستی پەیداکردنی دوژمنی تازە لێپرسراوی یەکێک لە کتێبخانە گەورەکانی واشنتۆن دەڵێت: «وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوژمنێکی تازەیان دۆزیوەتەوە، ئەمەش لەو رەفە نوێیەدا دەبینرێ کە بۆ ژاپۆن تەرخانکراوە».(٧)

جڵەوی سیستەمی نوێی جیهان بە دەست هەر لایەکەوە بێ، مەیدانی ناکۆکی زلهێزان، وەک بازار بۆ بازرگانی و، سەرچاوە بۆ کەرەستەی خاو تارادەیەکی زۆر «وڵاتانی سێیەم» دەبێ و لەناو ئەوانیشدا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ریزی پێشەوەدا دەبێت.

ئایا وڵاتانی تازە بێداربوو چدەکەن؟ هەر شووکرانە بەش دەبن لەوەی یەزدان پێی بەخشیوون؟ یان دەبزوێن بۆ ئەوەی هیچ نەبێ لە پاشکۆیەکی کزەڵۆکەوە ببنە پاشکۆیەکی زیتەڵە؟ بیر لە سەنتەرێک دەکەنەوە یان لە چەند سەنتەرێکی بەهێزدا کۆدەبنەوە تا شوێنی خۆیان لە سیستەمی داهاتوودا بگرنەوە.

ئەی کوردستان وەک قەوارەیەکی گەورەی دابەشکراو و گەلێکی (٣٠) ملیۆن کەسی لەم تابلۆ ئاڵۆزەدا چدەکات؟ ئایا بزووتنەوە

---

(٦و٧) امریکا تبحث عن عدو بعد انهیار امبراطوریه الشر.
رۆژنامەی الشرق الاوسط ١٩٩٢/٢/٢٢.

رزگاریخوازییەکەی لەو ئاستەدایە ستراتیژێکی یەکگرتوو بخاتە مەیدان، بۆ ئەوەی لە سیستەمی داهاتووشدا وەک سیستەمی رابردوو فەرامۆش نەکرێ؟

## گەلانی بێدەوڵەت و سیستەمی نوێ

یەکێک لەو راستیانەی ئێستا روونبۆتەوە ئەوەیە، کە کێشەی گەلانی بندەست و بێدەوڵەت «رزگاریخوازی نیشتمانی»، دیاردەیەکی تایبەت بە سێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین نییە و بەس، بەڵکو لە زۆر وڵاتی کیشوەرەکانی تریشدا رەگی ئەستوری ئەم کێشەیە ماوەتەوە. لە پێشەوەیان کێشەکانی ناو دەوڵەتەکەی جارانی سۆڤیەت، ناوچەی بەڵکان کە مۆزایکێکی پڕ لە ناکۆکی نەتەوایەتی و جوگرافیە و لە هەر ناوچەیەکی تری ئەوروپا پتر چاوەڕوانی تەقینەوە دەکات.*

ئەمە جگە لە کێشەی نێوان گەلی «والونی و فلەمانگی» لە بەلژیک و، ئێرلەندا و هەرێمی ئیسکۆتلەندی ئینگلستان و مەسەلە داپۆشراوەکەی گەلی «کۆرسیکا»ی فەرەنسا و هەنگارییەکانی رۆمانیا ، کەتەلۆنیا و باسک لە ئیسپانیا و..هتد «هوشیاریی و خۆناسینی نەتەوەیی لە گشت شوێنێکدا بێداردەبێتەوە و، تەنانەت لە ئەمریکاش کە بە وڵاتی کلاسیکی تواندنەوەی ئارەزوومەندانە ناسراوە».(٨)

هنری کیسنجەری وەزیری پێشووتری ئەمریکا ئاماژەی بۆ قەوارە و قورسایی گەلانی بندەست و بێدەوڵەت کردووە وبە زیاتر لە ٣٠٪ ی

---

* ئەم بابەتە بەر لە تەقینەوەی خوێناوی نێوان موسلمان و سربەکانی بۆسنیا نووسراوە.
(٨) گالینا ستار و ڤویتوڤا (حول مسألة العلاقات القومية في الاتحاد السوڤيتي) هەفتەنامەی (انباء موسكو) ژمارە (٢٥) ١٩٩٠.

دانیشتوانی زەوی داناون.[9]

دۆزی گەلانی بندەست لە سەرانسەری جیهاندا، دۆزی نزیکەی ملیارد و نیوێک تا دوو ملیارد مرۆڤە لە سەرجەمی (٥) ملیاردەکەی دنیا. چاری ئەم کێشەیە دەیان قەوارەی سیاسی و هەرێمایەتی دەگرێتەوە و، پێویستی بە هەڵوێستێکی جیهانی تازە هەیە کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەدا یەکدی بخوێننەوە.

## کوردستان و سیستەمی نوێی جیهانی

دابەشکردنی کوردستان، بەبێ قایلبوونی گەلەکەی، ستەمێکی گەورەیە لە گەلی ئێمە کراوە. رازی نەبوونی گەلێکی (٣٠) ملیۆن کەسی بەو شێوە ژیانەی بەسەریدا سەپێندراوە لە ناوچەیەکی سامناکی وەک رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناتوانرێ تا هەتایە بە بێ چارەسەرکردن بمێنێتەوە «...نارەزایی گەلی کورد زۆر مەزنە، بەڵام چاک رێکنەخراوە...» [10] هەرکاتێک رێکبخرێ دەتوانێ کۆت و زنجیری سنوورە دەستکردەکان بپسێنێ. ئەو سنوورانەش کە کراونەتە «امر واقع»، بە تۆپزی ئایدیۆلۆژیا و ئەنفال و چەکی کیمیاویی نابنە «هەقیقەتی مێژوویی».

راستە رزگاربوونی هەر نیشتمان و گەلێک، بە تایبەتی لە رۆژگاری ئێستادا، رەزامەندی یان هیچ نەبێ بێلایەنکردنی ئەمریکا و زلهێزانی تری گەرەکە، بەڵام ئەم راستیە لای هەندێ لە ناوەندەکانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لنگەوقوچ

---

(٩) العراق وحدود التغير. رۆنامەی (السفير) ی لوبنانی ١٩٩١/٣/١٢.

(١٠) ئیسماعیل بێشکچی. گۆڤاری پەرەنگ. ژمارە (٦) ١٩٩١.

لێکدراوەتەوە. بۆ نموونە دەچن لەو زلهێزانە دەپرسن کە ئایا یارمەتی گەلی کورد دەدەن تا دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ یان نەء؟!

دارشتنی ئەم مەسەلەیە لەو جۆرە پرسیارەدا، ئەسڵەن باوەڕ بەخۆنەبوون و هەڵەیەو، لە عەقڵیەتی سیاسەتی کۆنەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ، کە بەشێکمان واماندەزانی ئەمریکا دەوڵەتمان بۆ دادەمەزرێنێ، ئەوی ترمان ئەم کارەی تەنیا لە سۆڤیەت چاوەڕوان دەکرد. کە لەراستیدا هەردوولا هەڵەبوون و، جگە لە خۆمان کەس دەوڵەتمان بۆ دانامەزرێنێ.

ئەمریکا و، بە پلەیەکی لەو کەمتر، هەندێ لە وڵاتانی خاوەن بڕیاری ئەورووپای رۆژئاواش، ئامادەنین هیچ هەنگاوێک لە ناوچەکەدا بنێن کاری خراپ بکاتە سەر بەرژەوەندی ئێستاکێیان، یان زیان بە هاوپەیمانەکانیان بگەیەنێ. پاراستنی (تورکیای ئەمرۆ بۆ ئەمریکا بەرامبەر بە کوردستان، وەک پاراستنی ئیسرائیلی دوێنێیە بەرامبەر بە کێشەی فەلەستین).

راستە دامەزراندنی دەوڵەت یان قەوارەی سیاسی دانپیانراو لەناو چوار دەوڵەتەکەدا -وەک قۆناغی پەڕینەوە بۆ سەربەخۆیی- کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە.

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین وەک گەلێک بوونی خۆمان و نیشتمانەکەمان بپارێزین، دەبێ لە کرۆکی کێشەکە و چاری یەکجارەکی دوورنەکەوینەوە. بەردەوام پێ لەسەر دامەزراندنی دەوڵەت یان کۆماری فیدراڵی دابگرین. تا ئەم هەنگاوەش نەهاوێین و لەسەر زەوی کارێکی وا ئەنجام نەدەین، نابێ چاوەڕوانی پشتیوانی لە کەس بکەین. چونکە هیچ زلهێزێک ئامادەنییە نرخی کەولی پڵنگێک بدات،

کە هێشتا ڕاونەکرابێ!!.

ئەمریکا و ئەورووپاش لە سەرەتادا لەگەڵ جیابوونەوەی کۆمارەکانی بەڵتیکی سۆڤیەتدا نەبوون.جۆرج بووش ڕەپ ورەوان بە سەرکردایەتی ئەو سێ‌کۆمارەی گوتبوو بڕۆن لەگەڵ گەرباچۆڤدا ڕێککەون. هەر هەموویشیان دژی تێکدانی «یەکێتی» یۆگسلاڤیا بوون. تەنانەت هەندێک لەو دەوڵەتانە هەڵوەشاندنەوەی یۆگسلاڤیایان بە سامناکیەک دەزانی کە لە قوڵی بەڵکانەوە تەواوی ئەورووپا دەگرێتەوە، بەڵام سووربوونی ئازادیخوازانەی گەلانی ئەو کۆمارانە و حاڵیبونیان لە هەل و مەرجی تازە و گۆڕاوی دنیا و، کەڵک وەرگرتنیان لە دامودەزگا شەرعییە هەڵبژێردراوەکان، ئاکام بەسەربەخۆیی گەیاندن. زلهێزانیش یان دەبوو هەڵخزێنە ناو ئەو کێشانە و خواردەمەنی و پێویستی ئینسانی بۆ ئەو گەلانە بنێرن. «ئەمەش تاکەی؟» یان دەبوو ڕێز لە ئیرادەیان بگرن ودان بە سەربەخۆییاندا بنێن. سەربەخۆیی ئەرەتیریاش، لە ماوەی (٣٠) ساڵی ڕابردوودا یەکێک بوو لە بابەتە ڕەفزکراوەکانی زلهێزان و ڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان، بەڵام لەئاکامی سووربوونی سەرخابوونخوازیی گەلی ئەرەتیریا و بزووتنەوەکەی و، ئاڵوگۆری ناو ئەتیوبیا و، هەلومەرجی تازەی جیهان، بەوە ساغبووەوە، کە لە ساڵی داهاتوودا ڕیفراندومێک بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەککرتووەکان سازبکرێ و،لەبەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی ئەو ڕیفراندومەدا ژیان و چارەنووسی ئەرەتیریا دیاری بکرێ.*

---

* ئەم ڕیفراندۆمە لە کاتی خۆیدا سازکرا و ئاکام دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرەتیریا لێهاتە بەرهەم.

لێرەدا مەبەستم بەراوردکردنی میکانیکیانەی نێوان کوردستان و ئەو نموونانە نییە، بەڵام ئایا بەشێک لەو هەل و مەرجانەی لەو نموونانەدا هەبوون، لە کوردستانی بەشی عێراقدا نەڕەخساون؟.

ئێمە لە جیاتی گەڕانەوە بۆ بەیاننامەکەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠ و، زیاتر ماڵی خۆ وێرانکردن بە خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی و خودموختاری، پێویستە بۆ پەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ بگەڕێینەوە، «کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دانپێنانێکی جیهانیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەدەستهێنا» (١١) و سەرنجی دنیا بۆ ئەو هەقیقەتە ڕاکێشین کە ئەم ناوچەیە «بەبێ گەڕانەوە بۆ پەیمانەکەی سیڤەر، ئارام نابێتەوە».(١٢) بۆ ئەمەش پرۆژەیەکی کراوەی گونجاو لەگەڵ میزاجی سەردەم بخەینە کار، کە ڕەنگدەرەوەی هۆشمەندیی نیشتمانیی ئێستای گەلی کوردستان بێ و، تیایدا پتر لە ڕێوشوێنێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان بخەینە ڕووە.

بۆ نموونە دەشێ لەم قۆناغەی ئێستادا، بێ ئەوەی سنوورە ساختەکانیش دەستکاری بکرێ، قەوارەی سیاسی بۆ گەلی کوردستان دەستەبەربکرێ، وەک «گرتنەبەری ڕێگای فیدراڵی لە هەر چوار دەوڵەتەکەدا، یان پێکهێنانی کۆنفیدراڵیەک، کە سەرەڕای تورکیا وئێران وعێراق وسوریا، کوردستان لایەنی پێنجەمی بێ» (١٣)

کێشەکەمان بایی هێندە مۆرکی جیهانی وەرگرتووە و بایی هێندە ویژدانی دنیای هەژاندووە، کە زەحمەتە سیستەمی داهاتووی دنیا بتوانێ چاوپۆشی لە کوشتاری بە کۆمەڵ و قڕکردنی گەلەکەمان بکات.

(١١) لازەرییف. المسأله الكرديه. لاپەرە (٢٠٣).
(١٢) هدى الحسيني. ڕۆژنامەی الشرق الاوسط ١٣/٦/١٩٩١.
(١٣) صلاح بدرالدين.ثوابت فى مواقف المنظمات الكرديه ڕۆژنامەی الحياة. ڕۆژی ٢٧/٨/١٩٩١.

لێرەدا چەند ئاماژەکردنێک دێنمەوە، هەرچەندە دەزانم ئەمانە هەڵوێستی رەسمی زلهێزان نین، بەڵام کەم یان زۆر لە ناوەندەرەسمیەکانەوە دەرچوون و، سەرجەم ئەوە دەردەبڕن کە ئەو درزەی سەبارەت بە کێشەکەمان کەوتوتە هەڵوێستی زلهێزانەوە ئەگەر پەی پێ بەرین دەکرێ گەورەتر بکرێتەوە و تەواوی چمکەکانی دۆسیەی کوردستان وەبەر باس بخرێن.

سیاسەتمەدارێکی ئەمریکایی لە شارەزایانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەڵامی پرسیارێک دەربارەی دابەشکردنی عێراق بە سێ بەش دەڵێت: «ناتوانم بە یەکالایی بڵێم روودەدات، بەڵام ئەوە یەکێکە لە ئەگەرەکان. کارێکی بەڵگەنەویستیشە کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازە. سەبارەت بە شیعەش کە ئارەزووی مانەوە لە عێراقدا دەکەن. ئەوان زۆربەن و چاویان لەوەیە حوکمی عێراق بکەن. ئەگەر ئەمەشیان بۆ نەچووە سەر، رەنگە رەوتێکی تر هەڵبژێرن».(١٤)

بەڵام ئالفرد شێرمان کە گووتارنووسی مارگرێت تاتچەربووە و ماوەیەکی زۆریش لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاری کردووە. لە وەڵامی پرسیارێ کە ئایا جیهان رێگای سەرهەڵدانی دەوڵەت بۆ کورد دەدات؟ واقیعیانە ئەوە روون دەکاتەوە کە تێڕوانینی دنیای ئەمڕۆ لەم مەسەلەیەدا تێڕوانینی دنیا کونەکە نییە و «جیهان بەرهەڵستی ناکات، بەڵام ئامادەش نییە یارمەتی بدات. جیهان بێلایەن دەوەستێ... ئەگەر تورکەکان پەنا نەبەنە بەر چەک دژیان و، ئەگەر بایی هێندە

---

(١٤) حوار مع مارفين فورد. الخبير الامريكي في سياسه بلاده الشرق الاوسطيه. رۆژنامەی الشرق الاوسط ١٩٩٢/٣/٢٥.

بەهێزبن بتوانن بەرەنگاریی صدام حسین ببنەوە، ئەوا دەوڵەتێکیان دەبێ کە دانیشتوانی ١٠-١٥ ملیۆن کەس بێ. دەوڵەتێکی نەوتدار و هەر دەشبێ بە تورکیادا نەوت بنێرن».(١٥)

ئاماژەی سێیەمیش بۆچوونەکانی (بیرنارد کووشنەر) وەزیری پێشووی کاروباری مرۆڤایەتی فەرەنسایە دەربارەی دەوڵەتی کوردستان. ئەم لە وەڵامدا ئەوە ساغدەکاتەوە کە ناکرێ تا هەتایە کورد بێدەوڵەت بێ و، ئەو دەوڵەتەش پشتیوانی دەکرێ، بەڵام وەک ئەو دەڵێت: «پیاو ناتوانێ لە مەلیک مەلیک تر بێ».

قسەی ئەم وەزیرە لەو سەروبەرەی دواییدا، کە وەفدی بەرەی کوردستانی میوانی رەسمی دەوڵەتی فەرەنسا بوو، لە رادیۆیەکی ناوخۆیی پاریسدا بڵاوکرایەوە. ئەم وەزیرە زۆر هەقە لە رەخنەکەیدا و بە ڕاستیش هەر وایە کورد دەبێ دەوڵەتی هەبێ، بەڵام خەڵکی تر ناتوانێ لە کورد کوردتر بێ!!

بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، پێویستەماڵئاوایی لە سیاسەتی کۆن بکا و، بە ڕێبازێکی دیبلۆماسیانەی تازەوە بکەوێتە پێوەندی کردن بە زلهێزان و گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا. دەبێ پێ لەسەر ئەو ڕاستیانە دابگرێ کە تا ئێستا خۆی لێپاراستوون. بۆ نموونە دروستبوونی دەوڵەت لە پارچەیەکی کوردستاندا یان دەوڵەتی سەرانسەریی، ئەگەر دووربینانە تەماشابکرێ، دژی بەرژەوەندی زلهێزان نییە. بە پێچەوانەوە وڵاتێکی «بوخچەنەکراوەی» پڕ لە نەوت و کان و میتاڵی جۆربەجۆریان بۆ پەیدادەبێ، هەم بازاڕێکی گەرم و هەم

---

(١٥) استمرار الحرب كان ضروريا حتى يسقط صدام. رۆژنامەی الشرق الاوسط ١٩٩١/٣/١٥.

سەرچاوەیەکی باشی کەرەستەی خاو دەبێ بۆ ئەوان.

کوردستانیش تا ئەو کاتەی بەش و بندەستی ئەو چوار دەوڵەتە بێ، زلهێزان هەر ئەو خێر و پێوەندییەیان بۆ دەمێنێتەوە کە تا ئێستا لە ئارادابووە.چونکە خێروبێری لە مەزەندە بەدەری کوردستان، کاتێک بە تەواوی و هەمەلایەنی و ژیرانە بۆ بەختیاری گەلی کوردستان و بۆ سوودی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتان دێتە بەرهەم کە سەربەخۆبێ. سەربەخۆیی کوردستان چەندان جار «خێر»ی لە «زیان» ی زیاتر دەبێ بۆ زلهێزان.

کێشەی ئێمە دڵسۆزی دەربڕین بۆ عێراقچێتی و سوریاچێتی و تورکچێتی و ئێرانچێتی نیە، تا چوار دەوڵەتەکە بە دەوڵەتی خۆمان بزانین، بەڵکو کێشەی ئێمە ئەوەیە بەردەوام ئەو راستییە لە گوێچکەی داگیرکەراندا بزرنگێنینەوە کە کوردستان دەوڵەتێکی رانەگەیەنراوە.

پێوەندی دۆستانە و دراوسێتی برایانەی نێوان گەلی کوردستان و گەلانی سەردەستی چوار دەوڵەتەکەش تەنیا ئەو کاتە دورست دەبێ کە هەردوولا بەو راستیە بگەین ئێمە ئەوان نین و ئەوان ئێمە نین. کوردستان چوار دەوڵەتەکە نیە و چوار دەوڵەتەکەش کوردستان نیە.

هۆی سەرەکی دەستهەڵنەگرتنی چوار دەوڵەتەکە لە داگیرکردنی کوردستان، دەوڵەمەندی نیشتمانەکەمانە. هەر بۆ یە جگە لە شێوازی کۆلۆنیالیانەی ئابوریی و سیاسی و سەربازی و کولتووری ناتوانن بە شێوەیەکی تر حوکمی کوردستان بکەن.

بۆ نموونە دەوڵەتێکی وەکو تورکیا کە بە سواڵ و سەدەقە دەژی، ئەوەتا «بەپێی مەزەندە راگەیەندراوەکان خەرجی ساڵانەی ئەو شاڵاوە عەسکەرییانەی دژی کوردان لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا بەرپادەکرێن لە

(٢و١) مليارد دۆلار زیاتره».[١٦]

باشه توركیا كه سالّی (٢و١) مليارد دۆلاری بۆ درێژەدان به شەڕ و داگیركردنی كوردستان خەرج كردبێ؟ دەبێ بەرامبەر بەوە سالّی بایی چەند ملیارد خێروبێری كوردستانی تالآن كردبێ؟

ئەی ئەگەر ئەمە حالّی توركیا بێ،، كه هێشتا لەوێ ئاستی شەڕەكە وەک شەڕی جینۆسایدی خوارووی كوردستان مۆركێكی گشتی و قولّی وەرنەگرتووە،* دەبێ دەولّەتی عێراق سالّی چەند ملیاردی بۆ قڕكردنی گەلەكەمان خەرج كردبێ و، چەند ملیاردی بەتالآن بردبێ؟

هەر بۆ نموونە لێرەدا ئاماژە بەوە دەكەم كه «سالّی ١٩٧٠ (٧٦/٤) ملیۆن تۆن نەوت له عێراق بەرهەمهێنراوە، كه (٥٩/٢) ملیۆنی له خاكی كوردستانی عێراق دەرهێنراون».[١٧] تەنانەت ئەم بە زۆری نەوت دەرهێنانە و ئەم چاوچنۆكییە له تالآنكردندا، كارێكی هەرەمەكی نییە، بەلّكو كارێكی بەرنامە بۆ دانراوە و، بەشێكە له ستراتیژی «قەومی عێراق» دژی ئێستا و دوا رۆژی كوردستان و ئەمنی ئابووری دەولّەتی چاوەروانكراوی كوردستان.

كێشەی ئێمە لێرەدایه و دەبێ لێرەوە دەستپێبكەین و خۆمان به خاوەنی هەموو سامانەكانی سەروبنی زەوی كوردستان بزانین و، هەر هێزێكی تر به تالآنكەر و داگیركەر دابنێین. هەر بۆ یه بەرنامەمان دەبێ سەربەخۆیی كوردستان بێ و، لانی كەمی ئەو سەربەخۆییەش پێكهێنانی كۆماری فیدرالّی و گۆڕینی ئەو دەولّەتانە بێ به دەولّەتی فیدرالّی و، سامان و خێروبێری كوردستان بكەوێتەوە دەستی

(١٦) رۆژنامەی الشرق الاوسط، رۆژی ١٤/٣/١٩٩٢.

* ئەم گوتارە له سەرەتای ١٩٩٢دا نووسراوە.

(١٧) ش. ج ئاشیریان. الحركه الوطنیه الدیموقراطیه فی كردستان العراق (١٩٦١- ١٩٦٨) لاپەرە ١٧

گەلەکەی و، ئەو راژەیەش کە بە دەولەتە فیدرالیەکە دەدرێ لە لایەن گەلی کوردستانەوە دیاریبکرێ.

## خوارووی کوردستان..... دووڕیان!!

سیستەمی نوێی جیهانی، یان دەبێ رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە دنیا دابڕێ و، هەر بە جەنگەلەکەی جارانی بهێلێتەوە و بە دەم یاسا ناوخۆییەکانی خۆیەوە بتلێتەوە، یان دەبێ بە تەواوی بیخاتە ژێر کارتێکردنی گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی دنیا و، ئەو پێوەرانەی تیا بخاتە کار کە لە ناوچەکانی تردا کێشەکانی پێ چارەسەردەکات. ئەو کاتەش دەبێ رێگای گەلی کورد بدرێ سەربەستانە چارەنووس و ژیانی داهاتووی خۆی دیاری بکات.

بارودۆخی هەنووکەیی خوارووی کوردستان لە هەرێمەکانی تری نیشتمانەکەمان پتر تێکەل بە بابەتەکانی ئەمڕۆی جیهان بووە.

لە راپەرینی سالی پارەوە تا ئێستا زیاتر لە (١٥) دەولەتی تازە «کە کەمیان تیایە قورسایی مرۆیی و نیشتمانی کوردستانیان هەبێ» سەریان هەلدا و بوون بە ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێشدەچێ لەم چەند سالەی کۆتایی سەدەی بیستەم و لە دە سالی یەکەمی سەدەی داهاتوودا کۆمەلێکی تر لە گەلانی بندەست بە سەربەخۆیی بگەن. داخۆ لۆکۆمۆتیڤەکەی ئێمە شەمەندەفەرەکەی بەرە و وێندەر دەبا؟

راستە پەیماننامە کۆلۆنیالیستەکان و سیاسەتی رابردووی هەرێمایەتی دوو زلهێزەکە و چاوچنۆکی چوار دەولەتە داگیرکەرەکە، هۆی سەرەکی نەگەیشتنی گەلی کورد بوون بە مافی بڕیاردانی

چارەنووس، بەڵام ئەم راستییە نابێ ئەوەمان بیربەرێتەوە کە هۆیەکی تری سەرەکیش خۆمانین.

ئەوەتا بۆ ساڵ و نیوێک دەچێ بایی هێندە یەکگرتوو یەک بەرنامە نەبووین بتوانین ئەو حاڵەتی سەربەخۆییەی کە بەکردەوە لە کوردستاندا هاتۆتە دی، هەوڵی بە رەسمی چەسپاندنی بدەین.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی بندەستی عێراقدا بەدیهاتووە سەربەخۆییەکی نیمچە تەواوە. هەر بۆیە لە هەرچ گفتوگۆیەکدا لەگەڵ رژێمی ئێستا دا بێ یان جێگرەکەی، ئەگەر ناچاریش کراین و فشاریشمان خرایە سەر، نابێ بە کەمتر لەو سەربەخۆییەی بەچنگ هێنراوە، بە کەمتر لە کۆماری فیدراڵی قایل بین. گفتوگۆکردن لەسەر ئۆتۆنۆمی نەک هەر هەڵەیەکی گەورەی سیاسی و خۆدۆڕاندنە، بەڵکو گێڕانەوەی گرنگترین دەستکەوتەکانی راپەڕینەکەیە بۆ داگیرکەران.

ئەو هەلو مەرجە جیهانییەش کە سەبارەت بە عێراق و ناوچەکە لە ئارادایە، گەرچی خزمەتی زۆری ئێمەی کردووە، بەڵام تایبەت بۆ ئێمە نەرەخسێنراوە و، ئەم بارە «پۆزەتیڤ»ە هەروا بەردەوام نابێ. بۆیە ئەگەر ئیمڕۆ ئەم هەلە لەبارە نەقۆزرێتەوە سبەی درەنگی بەسەردادێ و، رەنگە بە حاڵەتی نەگەتیڤیش کۆتایی پێبێ.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە دەزگا سیاسییەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان لە ئاستی پرۆسەکەدا نین. ئاوڕدانەوەیەکی خێرای گرنگترین وێستگاکانی راپەڕینەکە ئەم راستییە دەردەخات. کاتێک راپەڕینەکە دەستیپێکرد و کوردستان رزگارکرا، بەرەی کوردستانی نە پێشبینی رووداوێکی وای کردبوو، نە هیچ بەرنامەیەکی ئامادەکراوی هەبوو تا یەکسەر ئالترناتیڤی ئەو بارودۆخە بخاتە روو،

دامودەزگاکانی دەوڵەت خۆماڵی بکا و کۆمەلانی چەند ملیۆن کەسی و هێزە چەکدارە سەدان هەزار کەسیکان ریکخات. ئەمەش یەکێک بوو لەو بۆشایی و هۆیە گەورانەی کە رژێم توانی هێرشە گەورەکەی بکاتە سەر کوردستان.

لە گەرمەی کارەساتەکەشدا، مفاوەزاتە ناوەخت و بێ بەرنامەکە دەستپێکرد. رەوتی مفاوەزاتەکەش نوێنەرانی بەرەی کوردستانی وەک نوێنەرانی گەلێکی راپەڕیو و خاوەن کارەساتی دنیاهەژێن پیشان نەدەدا. ئەمەش هەم لە داخوازییەکانیاندا دەردەکەوت و هەم لە چاوپێکەوتن و قسەکانی سەرەتایاندا.

کاتێکیش کۆمەلانی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئاکامی مفاوەزاتەکە بوون = کە تا ئێستاش بە روونی نازانن چۆن دەستپێکرد و چی تیا باسکراوە = لە کوردستاندا دەسەلاتێکی سیاسی دوولۆنی دەوڵەتی عێراق و بەرەی کوردستانی حوکمی دەکرد، بەلام کۆمەلانی خەڵک بەمە رازی نەبوون و خێرا قۆناغی دووەمی راپەڕینەکەیان دەستپێکرد و ئەم ئیزدواجیەتەی دەسەلاتی سیاسیان بە قازانجی بەرەی کوردستانی کۆتایی پێهێنا و لەشکری داگیرکەریان ناچارکردبە پێی خۆی بەشی زۆری کوردستان چۆلکات.

دوابەدوای ئەمەش رژێم دەزگا ئیدارییەکانی کشاندەوە و ئابلۆقەدانی ئابوری سەپاند. بەو نیازەی بەرەی کوردستانی ناچاری خۆبەدەستەوەدان و ئیمزاکردنی ئەو رێککەوتنە بکات کە ئامادەی کردبوو. خۆ ئەگەر ئەو رێککەوتنامەیە گوزەری بکردبایە دەبووە بۆمبایەک و راپەڕینەکە و هەموو دەستکەوتەکانی هەڵدەتەکاند. لێرەشدا کۆمەلانی خەڵک بایی هێندە هوشیاربوون، کە ئازادی و

سەربەخۆییەک برسێتیەکی وەختیشی لەگەڵدابێ، لە تێرییەکی بندەستی و کۆیلایەتی، پێ باشتر بێ.

سیاسەتی کشاندنەوەی ئیداری و ئابلۆقەدانی ئابوری، جۆرێکە لە پێوەندی پچڕانی نێوان عێراق و کوردستان، کە یەکلایەنە و ئارەزوومەندانە خودی عێراق رایگەیاند. دەکرا لە رووی سیاسیەوە کەڵکی گەورە لەم کارە وەربگیرێ. ئێستاش پاش دامەزراندنی پەرلەمان هەق وایە بە شێوەیەکی رەسمی و بە پشت بەستن بە بڕگەی (ج)ی مادەی (٧٧)ی بەڵگەنامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوا لە رێکخراوی ناوبراو بکرێ بەڕێوەبەرایەتی کوردستانی بندەستی عێراق بخاتە ئەستۆی خۆی. چونکە ئەم کارە بە دەوڵەتە مەرکەزیەکە مەیسەر نابێ، یان ئەوەتا رەفزی دەکات.[١٨] لە هەمان کاتدا داوای سازکردنی رێفراندۆم بکرێ.

## پەرلەمانی چاوەڕوانکراو

ئێستاش لەم رۆژانەدا کە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ئارادایە، گەلەکەمان خۆی بۆ پێکهێنانی ئەم دەزگا شارستانی و دیموکراتیە سازدەدات، چاوەڕوانی ئەوەیە کە پەرلەمان پێش هەموو شتێک دەستکەوتەکانی راپەڕین لە پاشاگەردانی سیاسی رزگارکات و، دەستور و حکومەت پێکبێنێ بۆ کوردستان و گشت شێوەکانی پاتەلخۆری و لرفلێدان خاشەبرکا و، مەینەتی ئەو برسێتی و بێکارییە کەمکاتەوە کە هەڕەشە لە گەلەکەمان دەکات و، شەرعیەتی تاقانەیی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان وەربگرێ.

---

(١٨) رێکخراوی مافی مرۆڤی کورد داوایەکی لەم چەشنەی لە UN کردووە.

کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە بە دووڕیانێکی وەرچەرخان ئامێزدا دەڕوات، بە هەرچ ئاکامێکی «چاک یان خراپ» دا بکەوێ، کاردەکاتە سەر چارەنووسی کێشەی تەواوی کوردستان. پرۆسەی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی پەرلەمانیش حەساسترین نوختە و پلەی ئەم وەرچەرخانەیە.

هەر بۆیە پێوەری دڵسۆزی و نیشتمانپەروەریی و دیموکراتخوازیی، بۆ هەر کەس و حزب و هێزێک ئەوەیە، سەرکەوتنی پرۆسێسی هەڵبژاردنی پەرلەمان بخاتە سەرووی گشت بەرژەوەندیەکی حزبی و تاکە کەسییەوە و، تاسەر ڕێز لە ئاکامەکانی هەڵبژاردن بنێ.

هەڵبژاردنی پەرلەمان لەم بەشەی کوردستاندا لە لایەک پێچەوانەی بەرژەوەندی داگیرکەرانەی چوار دەوڵەتەکەیە، لە لایەکی ترەوە هەڕەشەیەکە لە ڕژێمە دیکتاتۆر و تێرۆریستەکانی ناوچەکە. تەنانەت لابالی شۆفێنی ناو هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی عێراق و سێ ڕژێمەکەی تریش، هەر لە ئێستاوە ترسی ئەوەیان لێنیشتووە کە ئەم هەڵبژاردنە ببێتە هۆ و سەرەتای دەربازبوونی گەلی کورد لە دەسەڵاتی «داهاتوو»یان.

هەر بۆیە دەبێ نەک تەنیا لە خوارووی کوردستان، بەڵکو لە سەرانسەری کوردستان بە پێی توانا و پێویست و لە ئەورووپاشدا قورسایی گەلەکەمان لە ئامادەباشیەکی وریادابێ، بۆ پوچکردنەوەی هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر پرۆسەکە.

شنەبای دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هەڵبژاردنیش دیمەنێکی وا بلاویان بەخۆوە گرتووە، ئەگەر خۆمان درزمان تێنەکەوێ، پەلاماردانی پرۆسەکە کارێکی ئاسان نەبێ.

# ئەزموونی باشوور
# لە جەنگەڵستانی تاریکی ناوچەکەدا

لەم ساڵ بەدواوە رۆژی ٤/١٠/١٩٩٢، لە رۆژمێری نیشتمانیی گەلەکەماندا رۆژێکی ئاسایی نابێ. لەم رۆژەدا پەرلەمانی کوردستان بە بەڵگەنامەیەکی یاسایی و بەتێکرای دەنگ پێوەندی داهاتووی نێوان بەشی خوارووی کوردستان و دەوڵەتی عیراقی بە یەکێتی فیدراڵی، دیاریکرد.

پەرلەمان بەم کارە دیموکرات و شارستانیەی، لە لایەک لە ئامانج و خواستەکانی راپەرینی رزگاریخوازیی بەهاری ١٩٩١ی گەلەکەمان نزیکبووەوە، لە لایەکی ترەوە بە رەسمی لەو قۆناخە سیاسیەی(ئۆتۆنۆمی) بەسەر گەلەکەماندا سەپێندرابوو، ماڵئاوایی کرد و، قۆناخێکی تازەی سیاسی دەستپێکرد، کە لە پارساڵەوە کۆمەلانی گەلی کوردستان بەکردەوە پیادەی دەکەن.

ئەم رووداوە نیشتمانییە لە باشوری کوردستاندا، تین و تاوێکیتر بەو رابوونە رۆحی و فکریی و، بەو هۆشمەندی و بیداربوونەوەیە دەبەخشێ، کە راپەرینەکە دایهێنا.

بۆ سەرانسەری کوردستانیش، نوختە وەرچەرخانێکی گرنگ و پێکرا گرێیدانەوەیەکی تری مێژووی بە زۆر لەت و پەتکراوی رابردوومان دەبێ و، هەردوو ئالقە پچراوەکەی مەملەکەتی کوردستان(١٩٢٢)و کۆماری مەهاباد(١٩٤٦)، بە ئەلقەی ئێستا دەبەستێتەوە.

## دنیای کۆن و دنیای نوێ

ئەو واقیعە جیهانییەی لە سەردەمی رابردوو بەسەر دنیادا سەپێندرابوو، ئەگەر بۆ بەشێک لە گەلان و بزوتنەوە رزگاریخوازییەکان ـ لەهەندێ کاتدا ـ سوودی بووبێ. ئەوا سەبارەت بە کێشەی کوردستان بەتەواوەتی واقیعێکی بێفەڕ و ناشارستانیی بوو. لەسایەی ئەو واقیعەدا پیلانی لەت و پەتکردنی کوردستان بەتەواوی چەسپێندرا و، دوو قەوارەی کوردستانیی لە "سلێمانی" و "مەهاباد" روخێندران و، چەندان راپەرینی چەکداریی رزگاریخوازیی لە بارچوێندران و زنجیرەیەک پیلانی جیهانیی و هەریمایەتی دژی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجامدران. لەوانە "پەیمانی سەعدئاباد ـ ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٣٧" لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و ئەفغانستان، بەسەرپەرشتی بریتانیا. پەیمانی ١٩٤٦ی تورکیا و عێراق و پەیمانی بەغدا(سەنتۆ ١٩٥٢) و پەیمانی سەربازیی و دوو قۆڵی نێوان سوریا و عێراق (١٩٦٤). پاشان رێککەوتنامەی ١٩٧٥ی جەزایر و ... هتد.

لەسەردەمی رابردوودا هەردوو بلوکەکە کێشەی کوردستانیان فەرامۆش کردبوو. ئەگەر جاروباریش سەرنجیان دابێ، ئەوا ئەو کاتانە بووە کە ئەمیان هەستی کردبێ ئەویتریان کەپووی بۆ هەناسە هەڵمژین لە کوردستان نزیک کردۆتەوە. هەردوو لایان هاورا بوون لەوەی کە کێشەی کوردستان جارێکیدی مۆرکی سروشتی و جیهانیی خۆی وەرنەگرێ و، تەنیا وەک کێشەیەکی ناوخۆیی چوار دەوڵەتەکە سەیر بکرێ و، مامەلەکردن لەگەڵ کێشەی کوردستان لە

ناوەندە رەسمییە جیهانییەکاندا بۆ نموونە وەک ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بابەتیکی قەدەغەکراوبوو. سەرنجدانیکی کیشەی کورد بە گشتی و، بەتایبەتی خوارووی کوردستان، کە بە چ ئاستیکی جیهانی گەیشتووە، نیشانەی دەستپیکردنی سەرەتایەکی جیهانیی نوییە سەبارەت بە کوردستان. هەر لیرەشدا جیاوازییەکانی نیوان سەردەمی کۆن و نویّ لەمەر کیشەکەمان بە روونی دەردەکەویّ. ئەم واقیعە تازە جیهانییەی پەیدابووە، هیزوحوکم و کولتوری نویی جیهانی دادەهینیّ و، پیش دەچیّ زلهیز و دەسترۆیشتووەکانی جیهان بە چاویکی جودا لە جاران تەماشای کوردستان بکەن لە چوارچیوەی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا. چونکە نە دەولەمەندی کوردستان و نە بەگوڕوتین سەرهەلدانی کیشەکەی و، نە تەقینەوەی دیموگرافیای کوردستان بۆ ئەوان شاراوە نییە، کە پیشبینی ئەوە دەکریّ لە سالی ٢٠٢٠، سەرژمیری گەلی کوردستان بگاتە ٦٥ ملیۆن کەس و بەمەش قورسایی مرۆیی گەلی کورد، گەلی تورک و فارس لە ناوچەکەدا تیدەپەڕینیّ و دەبیتە دووەمین گەلی ئەو دەڤەرە.(١)

لەبەر هەلومەرجی ئیستای دنیا و، بارودۆخی تازەی کوردستان و دەمدانی کیشە نیشتمانییەکەمان، سانا نییە هیچ زلهیزیک وەک رۆژانی سەعدئاباد راستەوخۆ ببیتە لایەن لە گەلە کۆمەکی چوار دەولەتەکەدا دژی کوردستان، بە تایبەتی خوارووی کوردستان، کە داموودەزگای هەلبژیردراو و شەرعی خۆی هەیە.

کەم و زۆر ئەمرۆ دنیا وابیر دەکاتەوە کە چاری شارستانیانەی کیشە هەریمایەتیەکان بەسەر سیاسەتی نیو دەولەتاندا زالبیّ.

---

(١) بروانە ژمارەی (٥)ی گۆڤاری رابوون ١٩٩٣ و گۆڤاری Kurdish Times ژمارە (١-٢) سالی ١٩٩١.

ئێمەش وەک گەلی کوردستان ئەگەر عەقڵییەت و بیرکردنەوەی تازەی سیاسەتی ئەمڕۆی نێودەوڵەتانمان هەبێ و، شوێن و ڕێی خومان لەم مەیدانەدا بکەینەوە، بە زیانێکی کەمترەوە دەتوانین دەستکەوتی نیشتمانی گەورەتر بەدەست بێنین و بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی هەنگاو هەڵبینین.

ڕاپەڕین و دەستکەوتەکان لە خوارووی کوردستاندا کومەڵێک ڕاستی بۆ دنیا و ناوچەکە دووپاتکردەوە. لە پێشەوەیان ئەوەی کە هەفتا ساڵە گەلی ئێمە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، پێکەوە هەڵکردن لە ناو ئەم چوارچێوە دەستکردەی ناوی (عێراق)ی لێنراوە و، بە توپزی لکاندنی کوردستان و پێکەوە شێلاندنی چەند گەل و چەند نیشتمانێک کارێکی مەحاڵە. هەموو حوکمە یەکلەدوای یەکەکانی هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماریش لە عێراقدا، لەسەر بنچکی دەوڵەتی بەخورتی دروستکراوی عێراق ڕوواون. هەر بۆیە نەیانتوانیووە ڕەگەزپەرست و تایفەگەر و پەلهاوێژ نەبن. ڕەنگە یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و نەبوونی دیموکراسی و ژیانی دەستوریی لە چوار دەوڵەتەکە و زۆر لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئیفلیجی پرۆسەی سەرهەڵدان و پاراستنی قەوارەی ناشارستانیانەی خودی ئەم دەوڵەتانە بگەرێتەوە. کە لە ئاکامی پرۆسێسێکی ئارەزوومەندانە و دیموکراتیانە دانەمەزراون، یان لە ئەنجامی پەرەسەندنی سەرمایەداریی و گەشەسەندنی کۆمەڵگایەکی پیشەسازی پێکنەهاتوون.

هەر بۆیە مەحاڵە شارستانیەت و دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ئازادانەی گەلان لە ناو ئەم چوارچێوە دەستکردانەی(عێراق، ئێران،

تورکیا و سوریا و ...)دا سەرهەڵبدەن، ئەگەر گۆران لە بنیادی خودی ئەو دەوڵەتانەدا نەکرێ و، سەرلەنوێ بنیات نەنرێن و، لە پاشماوەی فکری ئیستبداد و ئیمپراتورییەت و خۆبەخاوەن زانینی گەلانی تر و زەوتکردنی نیشتمانی خەڵکی تر، نەتەکێنرێن.

## راگەیاندنی فیدراڵیزم و هەتیووەکانی سەعدئاباد

لەو رۆژەوە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و پاشان حکوومەت پێکهات و، بەتایبەتی دوابەدوای راگەیاندنی فیدراڵیزم بۆ دیاریکردنی پێوەندی هەرێمی کوردستان بە هەرێمی عەرەبستان لە دەوڵەتێکی فیدراڵدا، ئێران و تورکیا و سوریا بە پلەی جیاجیا خەریکی گێچەڵ سازدان و تەشقەڵە کردنن بە پەرلەمان و حکومەت و دوژمنایەتیکردنی ئەم تاقیکردنەوەیە. تا کارگەیشتە ئەوەی لەسەر داخوازی سلیمان دەمیرێلی سەرەک وەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا لەرۆژی ١٩٩٢/١١/١٤ دا وەزیری دەرەوەی ئێران وتورکیا و سوریا لە ئەنقەرا کۆببنەوە و پیلانی هاوبەش دژی خوارووی کوردستان بریار بدەن.

ئەمەش هەم دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆیی کوردستان و عێراق، هەم زەندەق چوونیانە لەو «دورگە دیموکراتیەی» لە هەناوی جەنگەڵستانی تاریکی ناوچەکەدا سەری هەڵداوە و هەم مانیڤێستی تازە کردنەوەی شۆڤێنیزمی سێ کۆچکەیی حوکمرانی فارس و تورک و عەرەبە، بۆ رێگاگرتن لە سەربەخۆیی وئازادی گەلی خوارووی کوردستان و،نەپەرینەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ پارچەکانی تری کوردستان.

وەزیری دەرەوەی تورکیا زۆر نامرۆڤانە لە بەردەم پەرلەمانی

ولاتەکەیدا ئەوەی راگەیاند کە ئەوان «دژی پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆن لە باکوری عێراق و ناشبێ ئەم کێشەیە بە ئەمری واقیع چارە بکرێ و، ئەوان رازی نین لەوەی کەیەک لایەنە پەرلەمانی کوردستان فیدرالیزمی راگەیاندووە ...»[٢]

ئەم بیانووەی تورکیا هێندە لاواز و تورەهاتە کە مایەی گاڵتە جاری بێ. هەرکەس و لایەنێک بۆی هەبێ تێبینیەکی وادەرببرێ، ئەوا تورکیا بۆی نییە، چونکە خودی تورکیا لە ساڵی ١٩٧٤وە بەشێک لە سوپاکەی بە بیانووی پاراستنی کەمایەتیەکی تورک کە لە قوبرسدا دەژین ناردۆتە ناو خاکی ئەو وڵاتە و قوبرسی کردۆتە دوو بەش.

لە ماوەی ئەم (١٨) ساڵەشدا جگە لە دەستێوەردانی سەربازیی، تورکیا تاقە دەوڵەتێکە لە دنیادا کە پشتیوانی سەربەخۆیی یان فیدرالیزمی یەک لایەنە راگەیاندراوی ١٦٠هەزار تورکەکەی سەرووی قوبرس دەکات. بەڵام دژی یەکلایەنە فیدراڵ راگەیاندنی گەلی خواروی کوردستانی (٤-٥) میلیۆن کەسییە کە لە سەر خاکی خۆی دەژی و، تەنیا لە شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفالی ١٩٨٨دا (١٨٢) هەزار رۆڵەی لێ بێسەروشوێن کرا. ئەمە سەرباری ئەوەی کە بەشێکی هێزە بەرهەڵستکارە عیراقی و عەرەبیەکان پشتیوانیان لە بریارەکەی پەرلەمانی کوردستان کرد و، کاتێکیش ئەم بابەتە لە کۆنگرەی ئەو هێزانەدا لە هاوینەهەواری سەلاحەددین خرایە دەنگدانەوە (١٥٧) دەنگی پشتیوانی بەرامبەر بە (٥١) دەنگی دژ بەدەستهێنا.[٣]

ئەگەر لە ترسی ئەوروپا و ئەمریکاش نەبوایە، لە جیاتی کۆبوونەوەی

---

(٢) رۆژنامەی (العراق الحر) ژمارە (٣٥) ١٩٩٢.

(٣) رۆژنامەی (صوت العراق) ژمارە (١٨٨) ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٩٢.

سێ قۆڵی وەزیرەکانی دەرەوە، کۆبوونەوەی وەزیرەکانی دیفاع دەکراو، سێ قۆڵی یان «چوارقۆڵی بە عیراقیشەوە» پەلاماری پەرلەمان و حکومەتی کوردستانیان دەدا. ئەمە لایەک، لە لایەکی تریشەوە ئەو سێ دەوڵەتە تووشی گەلێک گرفتی ناوخۆیی و دەرەکی بوونەتەوە و، فایلیان کەوتۆتە ژێر پرسیار و سەر مێزی گفتوگۆ سەبارەت بە کێشەی مافی مرۆڤ و خۆ پڕچەککردن و بەشداری لە کاری تێرۆریستی، بەتایبەتی ئێران و سوریا. تورکیاش گەرچی (بە ناز و نازیزی ئەمریکایە) لە گەلێک رووەوە وەک مافی مرۆڤ و کێشەی کوردستان و کێشەی قوبرس و کێشەی یەککرتنەوەی هەر دوو ئازەربایجان و، یەکێتی تورکیا و دەوڵەتە بەرەگەز تورکەکانی (سۆڤییەتی جاران)، ناوی کەوتۆتە ناوانەوە.

ئەو رایانەی سەرەوە بو ئەوە نەهێنراونەتەوە تا بگوترێ چوار دەوڵەتەکە لەوە زیاتریان پێناکرێ کە تا ئێستا کردوویانە. ئەوان و لەناویاندا تورکیا بەردەوامن لە کوشش و هەوڵدان بۆ فشارخستنە سەر ئەمریکا و ولاتانی ئەوروپا کە کێشەی خوارووی کوردستان فەرامۆش بکەن.

بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا سیناریۆکانی شەری دووەمی کەنداو تەواو نەبووە و، سەدام حسین لە حوکمدا ماوە و، نەخشە و ستراتێژی تازەی زلهێزان لە ناوچەکەدا جێگیر نەبووە و، کێشەی خوارووی کوردستانیش لە ئاستێکی جیهانی ئەوتودا خۆی سەپاندووە، کە «ئێستا» کارێکی ئاسان نییە، ئەمریکا و ئەوروپا فەرامۆشی بکەن. لەم رووەوە ئێمە وەک گەلێکی چەندان جار داخکراو و ماران گەستوو دەبێ هەمیشە ئەو راستییەمان لە بەر چاوان ون نەبێ کە بێ پشت و

پەناین. دوژمنەکانمان هەمیشەیین و "دۆستەکانمان" چونکە بێدەوڵەتین لە گەڵ ڕۆژگاردا دەگۆڕێن.

## ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم

لە کۆنگرەی ڤیەنا (حوزەیرانی ١٩٩٢ ) هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق و بەرەی کوردستانیی، مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینیان بۆ گەلی کوردستان لە چوارچێوەی(!!)عێراقدا بڕیاردا. ئەم چوارچێوەیەی لێرەدا بە مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە لکێندراوە نەک هەر هەقی ئەوەی هەیە خەتی بە ژێردا بکێشرێ و نیشانەی سەرسوڕمانی لەبەرامبەردا دابندرێ، بەلکو هەق وایە ئاگری لەژێردا هەڵکرێ. بەهەرحاڵ ئەم گوتارە لەم لایەنەی ناکۆڵێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەڵوێستەی کۆنگرەی ڤیەنا لە چاو هەڵوێستی رابردووی هێزە "دیموکرات" و بەرهەڵستکارەکاندا، بە هەنگاوێکی باش و بۆپێشەوەچوون دەژمێردرێ.

ئەم بڕیارەی کۆنگرەی ڤیەنا(جگە لە جیابوونە و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان) هەموو ماف وچارێکی فیدرالی، کونفیدرالی بۆ کوردستان (بەشی عیراق) دەگرێتەوە.

هەر لەو ڕۆژەوە پەرلەمان ڕێبازی فیدراڵیزمی پەسەند کردووە، ئەم بابەتە بۆتە گەورەترین خاڵی لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسین و، بوچوونی جیاجیای لەمەڕ دەربڕاوە. چەند نووسەر و سیاسەتمەدارێکی عەرەبی عێراق و وڵاتانیتر پشتیوانیان لە فیدراڵیزم دەربڕیووە وەک پێوەر و زەمینەی لەبار بۆ پێوەندی یەکسانی نێوان کوردستان و دەوڵەتی عێراق لە ڕوژگاری ئێستادا.

بەلام ژمارەیەکی زۆرتری سیاسەتمەداران و نووسەرانی عەرەبی عێراق و «عێراقچی» و ولاتانی عەرەب، بەشێکیان بە راشکاوی و بەشێکیان بەخۆ حەشاردان دژایەتی ئەم بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان و پشتیوانی لێکردنەکەی کۆنگرەی سەلاحەددین دەکەن و، دیفاع لە مانەوەی پێوەندی زۆردارانەی رابردووی دەولەتی عێراق و ولاتی کوردستان دەکەن، جگە لە پێوەندی بندەستی و داگیرکردنی کوردستان، بە هیچ پێوەندییەکی تر رازی نین.

مرۆڤ کاتێک سەرنجی ئەم بابەت و گوتارانە دەدات، ئەوەی بۆ روونتر دەبێ، کە خەتەری سەمتی شۆڤینی ناو بزوتنەوەی بەرهەلستکاریی عێراق، شۆڤینییەتی ناو حزب و بزوتنەوە «ئیسلامییەکان» بێ، یان شۆڤینییەتی ناو حزبە «علمانییەکان» - ئەگەر بنشنە سەر کورسی حوکمرانیی - لە خەتەری شۆڤینییەتی حوکمرانی ئێستا کەمتر نابێ.

ئەز لێرەدا بە تێکەلاوی لەو تێز و باسە "ناحەزانە" دەدوێم و هەولدەدەم هەلوێستەیان لەسەر بکەم. بەر لە هەموو شتێک پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دوارۆژی گەلی عەرەبی عێراق نەداوە و نادات. بەلکو بە پێی یاسای ژمارە (۱)ی سالی ۱۹۹۲ی «یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق» بڕیاری لە سەر شێوە ژیانی داهاتووی ولاتی کوردستان و پێوەندی ئەم ولاتە بە دەولەتی عێراقەوە، داوە. ئەم کارەش ئەگەر پێویست بە دەنگدانی گشتی بکات، ئەوا دەبێ لە کوردستاندا ریفراندۆمی بۆ بکرێ و، ئەگەر لایەنێکیش بۆی هەبێ لە جیاتی گەلی کوردستان بڕیاری لەسەر بدات، ئەوە تەنیا پەرلەمانی کوردستانە.

## پێوەندی نێوان دووگەل
## یان
## پێوەندی نێوان دوو نمرە و ژمارە

پەرلەمانی کوردستان نایەوێ (لە ٢٥٪) بەسەر لە (٧٥٪)بسەپێنێ. بەڵکو دەیەوێ کۆتایی بەو شەرە بهێنرێ کە ٧٠ ساڵە رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق بە ناوی لە (٧٥٪) وە بەسەر لە (٢٥٪) کەیاندا سەپاندووە و، لاپەرەیەکی تازە بۆ پێوەندی یاسایی لە نێوان(٧٥٪ و ٢٥٪)کە بکرێتەوە و، پێوەندی لە نێوان هەر دوو نیشتمانی کوردستان و عەرەبستان لە دەوڵەتێکی یەکگرتووی فیدراڵیدا دەستپێبکات.

حەفتا ساڵە دەوڵەتی لە (٧٥٪)ەکە نیشتمانی لە (٢٥٪)ەکەی داگیرکردووە. رۆژێک لە رۆژان ئەم لە (٧٥٪)ە لە دەولەت و حکومەتەکانی خۆی رانەبوو بڵێت، با ئەم داگیرکردن و شەڕی قرکردنە ببڕێتەوە و، بە پێوەندییەکی یەکسان و دراوسێتی بگۆردرێ.

کەچی ئێستا و پاش (٧٠) ساڵی لکاندن و داگیرکردن بۆ یەکەمین جارە، گەلی کوردستان بتوانێ ئازادانە زار هەڵبڕێ و، لەم زار هەڵبڕینەشدا(خوا نەخواستە)داوای تەواوی مافە نیشتمانییەکانی نەکردووە، بەڵکو لەمەشدا لانی کەمی مافەکانی خۆی خستۆتە روو، کە دیاریکردنی فیدراڵیزمە بۆ شێوەی پێوەندی لەمەودوا لە گەڵ گەلی دۆست و دراوسێی عەرەبدا، کە شێوەیەکی دڵسۆزانە و پرسۆزە و لە بەرژەوەندی هەردوو لادا دایە. کەچی لای هەندێک کەس و لایەن بە

خۆسەپاندنی لە ٢٥٪ بەسەر لە ٧٥٪ ناو دەبرێ.[٤]

ئەگەر کێشە کە لەسەر نمرە و ژمارە بێت، ئەوا ئێمە باسی مەر و ماڵات ناکەین تا ئەوەی ٢٠٠ سەری هەبێ حوکمی کەسێکی خاوەن ٨٠ سەر بکات. بەڵکو باسی پێوەندی دوو گەل و دوو نیشتمانی لێک جیاواز و بە جیا هەڵکەوتوو دەکەین. کە ٧٠ ساڵە لە رووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و ... هتدلایەکیان بن دەستی ئەویتریانە. سەیر ئەوەیە خاوەنی ئەمجۆرە بیر و رایانە، کە هێشتا بە چاویلکەی سەردەمی کۆن سەیری پێوەندی نێوان گەلان دەکەن، بۆ زیاتر وروژاندنی گیانی عێراقچێتی و نەتەوەیی، دژی فیدراڵیزمی کوردستان، بە ناهەق گەلی بندەستی ئاشوری و تورکمان لە گەلی کوردستان دادەبڕن [٥] و خۆیان لەو راستییە دوور دەخەنەوە کە چەسپاندنی فیدراڵیزم لە نێوان کوردستان و عێراقدا، لە بەرژەوەندی ئاشوری و تورکمانیشە. چ ئەو بەشەیان لە کوردستاندا دەژین، یان ئەو بەشەیان لە هەرێمی عەرەبی عێراقدا گیرساونەتەوە.

عەجایەب کە بەشێک لەو کەسانەی ئەم بیروڕایانەیان هەیە، لێرەدا و «تەنیا لێرەدا» کە مەسەلەی فیدراڵیزمی کوردستان دێتە گۆڕێ، بە ئاگا دێن کە کەمینەی دوو گەلیتر تورکمان و ئاشوری لە عێراقدا هەن. لای ئەو کەسانە ئەم دوو نەتەوە بەدبەختە لە عێراقدا، تەنیا بۆ پارسەنگ پێویستن، ئەگینا ئەگەر بەراستیانە با دوو رێفراندۆمی تایبەت بۆ ئاشوری و تورکمانەکانی کوردستان و عێراق ساز بکرێ و، ئازادانە رێگایان بدرێ لەچوارچێوەی کوردستانی فیدراڵ و عێراقێکی

---

(٤) بروانە جرجيس فتح الله (حول اعلان الفيدراليه فى كردستان العراق. رۆژنامەی (العراق الحر) ژمارە (١٥) نۆڤەمبەری ١٩٩٢.

(٥) بروانە سەرچاوەی پێشوو. بۆچوونی جرجيس فتح الله و بەشێک لە حیزبە ئاینییەکانی (شیعە).

دیموکراتدا مافەکانی خۆیان دیاریبکەن و بە جێبەجێکردنیان شاد بکرێن.

## ئیمتیازی بەدبەختی

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دەنگانەش کە لە لایەن بەشێک لە «عێراقچی» و نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و «ئیسلامییەکانەوە» بەرز دەبێتەوە، گوایا دەبێ لە سەرانسەری عێراقدا دەنگدانێکی گشتی بکرێ و گەلی عەرەب رای خۆی لەسەر فیدراڵیزمەکەی کوردستان بدات «ئایا بە فیدراڵیزم قایلە یان نەء؟»

ئەوا دەڵێین گەلی عەرەب لە عێراقدا گەلی سەردەستەیە. گەلی بندەستی ئێمە و پەرلەمانەکەشی کە ئەمرۆ پێوەندی زۆردارانەی ٧٠ساڵی رابردوو رەت دەکەنەوە و، پێوەندییەکی تازە و فیدراڵ لە گەڵ گەلی عەرەبدا بریار دەدەن و ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە تەنیا پەرلەمان و گەلی کوردستان بۆیان هەیە پێوەندی داهاتووی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە دیاری بکەن. ئەمە هیچ خۆسەپاندن و «ئیمتیازێک» نییە، ئەگەر «ئیمتیاز»یش بێ، ئەوا «ئیمتیاز»ی بەدبەختی و بندەستییە و مێژوو بە ئێمەی بەخشیووە و. گەلی عەرەبی عێراق ئەم ئیمتیازەی بەرنەکەوتووە.

لەو رۆژەوە کوردستان بە عێراقەوە لکێندراوە کەس گوێی لە ئێمە نەگرتووە تا بزانرێ چ جۆرە پێوەندی و دۆستایەتییەکمان لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراق دەوێ. ئەوە یەکەم جارە ئازادانە رای خۆمان رادەگەیەنین. بەڵام وانییە کە ئەمکارە هیچ پێوەندی بە گەلی عەرەبەوە نەبێ و، یان رای گەلی عەرەبمان پێ گرنگ نەبێ. بە پێچەوانەوە

مادامەکی ئێمە پێوەندی فیدراڵی و دوو قۆڵی لەگەڵ گەلی عەرەب بریار دەدەین، دەبێ بزانین گەلی عەرەبی عێراق چ جۆرە پێوەندییەک دەخوازێ، پێوەندییە زۆردارییە خوێناوییەکەی رابردووی دەوێ کە کوردستان و گەلەکەی هەر بە بندەستی بمێننەوە؟ یان بەو پێوەندییە فیدراڵە رازییە کە گەلی کوردستان دەیەوێ؟ خۆ لە نێوان پێوەندی ستەمکارانە و پێوەندی یەکسانیدا پێوەندییەکی تر نییە. جا ئەگەر گەلی عەرەب وەک هەندێ لە ناوەندی «ئیسلامچی» و «عێراقچی» «قەومچی» دەڵێن، داواکەی گەل و پەرلەمانی کوردستان رەفز کات و لەسەر زەمینەی پەیوەندییە کۆنەکان بیەوێ، مامەڵە لە گەڵ کوردستاندا بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێین گەلی کوردستان و پەرلەمانەکەی بۆ پەیوەندییە کۆنەکان ناگەرێنەوە و بریارێکی نوێ دەدەن. ئەو کاتەش کێشەکە لە سنوری برایەتی و پێکەوە هەڵکردن بەئاشتی دەردەچێ.

بەشی زۆری بەشداربووانی کۆنگرەی ڤیەنا و سەلاحەددین لە نوێنەرانی هێزە سیاسییە عەرەبی و عێراقییەکان پشتیوانیان لە مافی بریاردانی چارەنووس و بریاری یەکێتی فیدراڵی کرد. لە داهاتووشدا پێمان خۆشە لە دامودەزگای شەرعییەوە وەک پەرلەمان گوێمان لە رای گەلی عەرەب بێ و دڵنیاشین کە لە ناو گەلی عەرەبی عێراقدا دامودەزگا و کەسانی واهەن بایی هێندە لە ئێش و ئازاری گەلی کوردستان بگەن و بایی هێندەش واقیعبین بن کە هەموو گەلێک بۆی هەیە پێوەندی خۆی بە گەلێکی ترەوە دیاری بکات و، فیدراڵیزمیش شێوەیەکی لەبار و یاساییە بۆ پێکەوە ژیان بە ئاسوودەیی هەر دوو گەلی دراوسێ و دۆست بۆ رۆژگاری ئێستادا.

بەلام ئەوانەی کە دیاریکردنی شێوەی پێوەندی داهاتووی کوردستان بە عێراقەوە، بە ئەرکی هەموو گەلی عێراق و ریفراندۆمی گشتی لە عێراقدا دەزانن. مەبەستی ئەوانە ئاشکرایە و پێش هەموو شتێک نکووڵی کردنە لە کێشەی رزگاریخوازی کوردستان و حاشا کردنە لە کورد وەک گەلێکی جودا و لە کوردستان وەک وڵاتی کورد و ئاشوری و تورکمان. ئەوانەی کە داوای ریفراندۆم دەکەن تا گەلی عەرەبی عێراق دەنگ لەسەر بریارەکەی پەرلەمانی کوردستان بدات و پاشان بە پێی زۆربە و کەمینەی دەنگ، فیدراڵیزم پەسند یان رەتبکرێتەوە، ئەم داوایە وەک ئەوە وایە بە گەلی لیتوانی (٣) میلیۆن کەسی یان گەلی ئیستۆنیای (١/٥)میلیۆن کەسی بڵێی با(١٥٠) میلیۆنەکەی روسیا دەنگدانی گشتیان بۆ ساز بکەن و چوارچێوەی مافەکانتان بۆ دیاری بکەن. یان بە موسڵمان و کەرواتییەکانی (بۆسنیا) بگوترێ وەرن با لە یوگسلاڤیا لە ناو سەربەکاندا ریفراندۆم سازکەین بزانین چیتان پێ رەوادەبینن. رەنگە کەسانێک رابن و (تەنیا)بۆ برویپانوو هێنانەوە بڵێن ئەوانە داوای جیابوونەوە دەکەن و، کێشەی ئەوێ فیدراڵیزم نییە ئەی دەبێ بۆ داواکارییەکانی ئێستای باشکیرستان و تەتەرستان و چیچان و شوێنەکانی‌تری روسیای فیدراڵ و، هەرێمی کۆسۆڤۆی یوگسلاڤیا کە هەموویان موسڵمانن و بەشێکیشیان داوای ئۆتۆنۆمی و بەشێکیان فیدراڵی و کۆنفیدراڵی و بوون بە ئەندام لە کۆمۆنوێڵسدا دەکەن، چ بڵێین. داخوا لە ناو گەلی روس و سەربدا دەنگدان بۆ ئەم مەسەلانە ساز بکرێ، یان لە ناو هەرێم و گەلە خاوەن کێشەکاندا. دەنگی کام لایان یەکلاکەرەوە بێ؟

رەنگە لای هەندێ کەسان ئەز کێشەکەم تێکەڵ کردبێ، چونکە لەوێ

گەلە موسڵمانەکان لە گەڵ دەوڵەتانی "مەسیحیدا" لەشەڕدان. مەسیحیانیش نابێ قسە لە کێشەی موسڵماناندا بکەن و چوارچێوەی ژیانیان بۆ دیاریبکەن.

ئەی گریمان سبەی کێشەی ئەسکەندەرۆنەی تورکیا و عەرەبستانی ئێران سەریان هەڵدا و، داوای فیدراڵی یان کونفیدراڵی لەو دوو دەوڵەتەدا بکەن، بڵێی ئەم هێزە (عێراقچی و عەرەبچی و ئیسلامچی)یانە هەمان هەڵوێستیان هەبێ و بڵێن با ڕێفراندۆمی سەرانسەری لە تورکیا و ئێران بۆ داخوازەکانیان ساز بکرێ.

## دوو کێشەی جیاوازن

کۆششێکی یەکجار بێ ئامان لە ئارادایە بۆ بە یەکچاو سەیرکردنی کێشەی کوردستان و چەوساندنەوەی مەزهەبیی شیعەکان و دیاریکردنی یەکجورە چارەسەرکردن بۆ هەر دوولا. هەڵگرانی ئەمجورە بۆچوونانە سێ بەشن؛ بەشێکیان کەسانی ناو حزبە علمانییەکانن. پێیان وایە ئەوەی لە خوارووی عێراقدا بەرامبەر بە شیعەکان کراوە گەر لەوەی کوردستان زیاتر نەبێ، وەک یەکە، یان کەمتر نییە، بەڵام بەقسەی ئەوان کارەساتی «شمال» یان کوردەکان زل و مەزنکراوە.

بەشی دووەمیان کەسانێکی مەزهەبین و چاویان لەوەیە ئەو بایەخە جیهانییەی لەم دوو ساڵەدا بە کارەساتەکەی کوردستان درا، بە کارەساتی پاش ڕاپەڕینەکەی خوارووی عێراقیش بدرابا. ئەم ڕایە ئەگەر بەمەبەستی (بەراورد کردن و بەیەکچاو سەیرکردن)نەبێ، بۆ ئێمە جێگەی ڕەخنە و گلەیی نییە. چونکە هەموو کەسێک هەقی

خۆیەتی چاوی لەوەبێ جیهان سەرنجی زیاتری کێشەکەی بدات.

بەشی سێیەمیان کەسانی هەمە جۆرن، بە پلەی سەرەکی لە ناو مەزهەبیەکاندان، ئەمجار قەومییەکانی عەرەب و برێک لە عێراقچییەکانیش. ئەم بەشەیان پێی وایە چواردەوڵەتەکە دژی فیدرالیزمی کوردستانن. بەڵام لە ئەوروپا و جیهاندا پشتگیری لێدەکرێ. ئەگەر بێت و تێکەڵ بە کێشەیەکی مەزهەبی وەک شیعە بکرێ، ئەوا تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان ـ کە هەر یەکە بە چەشنێک مەترسی تایفەگەریی لە سەرە ـ دژی هەر جۆرە فیدرالیزمە کردنێکی کوردستان و خواروی عێراق دەبن. خودی ئەوروپا و ئەمریکا و بە شێوەیەکی گشتی هەموو دنیا (جگە لە ئێران)، بزوتنەوەی ئیسلامی بە تایبەتی لابالی شیعە بە سامناکترین بزوتنەوەی رۆژهەڵات دەناسن. کە واتە ئەو کاتە هەم ئەوروپا و ئەمریکا هۆیێک لە «پشتیوانی کوردستان» دەکەن و هەم سەرجەمی وڵاتانی ناوچەکە دژی هەر چ گۆڕانێک دەبن لە قەوارەی دەوڵەتی عێراقدا بکرێ. بەمجۆرە پرۆسەی رزگاریخوازیی و دیموکراتی گەلی کوردستان بە تۆپزی دەدرێتە دەم کێشەیەکی مەزهەبییەوە.

## فیدرالیزمی سیاسی نەک فیدرالیزمی ئیداری

دەربارەی فیدرالیزمی ئیداریش[٦] گەلی کوردستان و پەرلەمانەکەی داوای فیدرالیزمی ئیداری ناکەن، کە لەجەوهەردا «قانونی محافظات»ی، عێراقی دەگرێتەوە و، هاورەدیفی «خودگەردانییە»کەی

(٦) بۆ نموونە سەرنجی بۆچوونەکانی (سعد صالح جبر) سەرۆکی (المجلس العراقی الحر) و (دکتور قیس الوهابی ) سەرۆکی (حزب الدیمقراطیین العراقیین) بدە. رۆژنامەی (العراق الحر) ژمارە (٣٥) ١٩٩٢. هەروەها چاپەمەنییەکانی (حزب الدعوە).

کۆماری ئیسلامی ئێرانە. بەڵکو گەلی کوردستان فیدرالیزمێکی سیاسی دەخوازێ کە لایەنی ئابوری ـ کۆمەڵایەتی و ئیداریشی هەیە. بەڵام ئەگەر کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب لە خواروو و فوراتی ناوەراستدا بە چەشنێکی دیموکراتیانە فیدرالیزمی ئیداری بخوازن یان ئۆتۆنۆمی ئیداری یان ولایەتی فەقێ، ئەوە کێشەی ئێمە نیە و ، دیموکراتیانە هەڵوێستیان لێوەردەگرین. کێشەی مەزهەبی لە عێراقدا بە تایبەتی کێشەی شیعە. کێشەیەکی جیدییە و دەبێ لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی شارستانیدا چارەسەر بکرێ.

## فیدرالیزم بەر لە پاشکۆکردنی خوارووی کوردستان

لە سالانی ١٩١٩ و ١٩٢٠ کە هێشتا کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا کێشەی خوارووی کوردستانی لای خۆی یەکلانەکردبۆوە، چەند جارێک باسی سیستەم یان یەکێتیی فیدراڵی و کونفیدراڵی بۆ خودی کوردستان کراوە « ... دروشمی کوردستان مولکی کوردە لە لایەن گشت کوردانەوە جێگای بایەخ و پشتیوانییە. عەشایەرەکانی کورد ئارەزووی خڕبوونەوە لە یەکێتیەکی فیدراڵی کوردستانیدا دەکەن، کە هەموو خێڵەکانی کورد لە باکوری عێراق ـ خوارووی کوردستان ـ بگرێتەوە.» (٧)

لەساڵی ١٩١٩شدا ئیستخباراتی عەسکەریی بەریتانیا لە بەغدا راپۆرتێکی بە ناوی «پوختەی کاروباری خوارووی کوردستان لە ماوەی شەری مەزندا» ئامادە کرد، کە پاشان بەبەڵگەنامەی بەریتانیا لە مەڕ خوارووی کوردستان ناسرا.

---

(٧) دکتور ولید حمدي. الکرد وکردستان في الوثائق البریطانیة. لاپەرە (٤٩).

لەم بەڵگەنامەیەدا چەند جارێک باسی کوردستانی کونفیدراڵ کراوە، چ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە پێشنیار کرابێ، یان لە لایەن کەسایەتییەکانی ئەو دەمەی کوردستان. لە ساڵی ١٩٢٠دا چەند سەرەک هۆز و خێڵێک کۆبوونەوەیەکیان ساز کردووە، تیایدا بڕیاری ئەوەیان داوە کە باشترین سیاسەتێک بۆ پیادەکردن لەو کاتەدا یەکگرتن و داوای کۆمەک کردن لە بەریتانیایە بە ئامانجی دامەزراندنی «دەوڵەتی کونفیدراڵی کورد». (٨)

لە ساڵی ١٩٢٢دا وینستۆن چرچل وەزیری موستەعمەراتی ئەو کاتەی بەریتانیا، لە نامەیەکدا بۆ نوێنەری بەریتانیا لە عێراق ئەوە رادەگەیەنێ کە کوردان ئازادن لەوەی بەشداری لە دەنگدان بو هەڵبژاردنی پاشای عێراق بکەن یان نە، هەر لەوێدا دەڵێت": ئەگەر گەلی کورد بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکا و سووربێ لە سەر ئەوەی بە جودا مامەڵەی لە گەڵ بکرێ، ئەوا ئالترناتیڤی ئەوان وەک چرچل دەڵێت پێکهێنانی ئۆتۆنۆمییە(وەک قۆناخی پەرینەوە) بەسەرپەرشتی بەریتانیا و، پاشان دامەزراندنی یەکێتییەک لە نێوان کوردستان و ناوچە عەرەبنشینەکان لە عێراقێکی یەکگرتوودا.

هەر لەو رۆژەشەوە کە خوارووی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێندراوە تا ئێستا، چەندان جار نووسەر و سیاسەتمەدارانی کورد و عەرەب، چ لە باسکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسدا بێ، یان وەک بابەتێکی سەربەخۆ، شێوەی پێوەندی نێوان کوردستان و دەوڵەتی عێراقیان بە فیدراڵیزم و کونفیدراڵیزم پێشنیار کردووە. "هلال ناجی"

---

(٨) سەرچاوەی پێشوو.

که نەتەوەپەرستێکی عەرەبی عێراقە، داوای ئەوەی کردووە لە سایەی یەکێتییەکی فیدراڵی یان کونفیدراڵدا، ددان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردا بنرێ و ئەمەشی بە چارەسەرێکی زانستانە داناوە کە لە گەڵ بەرژەوەندی هەر دوو گەلی عەرەب و کورددا دەگونجێ.(٩)

لەم ساڵانەی دواییدا مەسەلەی فیدرالیزم و پێکهێنانی کۆماری فیدراڵی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستانی - عەرەبی عێراقدا لە لایەن گەلێک سیاسەتمەدار و نووسەر و حزب و هێزی سیاسی کوردستانەوە خراوەتە ڕوو. هەرچەندە هەریەکە لە گۆشە و دیدێکەوە بۆی چووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تێز و بابەتەکانیان لە فیدرالیزم دەکۆڵنەوە. هەروەها بابەتی فیدرالیزم وەک چاری کێشەی کوردستان لە تورکیا و ئێرانیشدا باسکراوە.

## فیدرالیزم و ئەرکەکانی ئەمڕۆمان

ئەمرۆ لە ژێر فشاری هۆکاری جیهانیی و بوونی وڵاتانی هاوپەیمان لە ناوچەکەدا و بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان، چوار دەوڵەتەکە لغاو کراون، ئەگینا لەمێژ بوو پەلاماری خوارووی کوردستانیان دابوو. ئەوان هێندە حەوسەلە فراوان نین پەرلەمان و حکومەت و ڕاگەیاندنی فیدرالیزمیان پێقووت بدرێ. جلەو کردنی گیانی دەستدرێژی و

(٩) جلال الطالباني. الحركه التحرريه القوميه للشعب الكردی. لاپەرە (٢١٥).

پەلهاویشتنی چوار دەوڵەتەکە سەبارەت بە خوارووی کوردستان، یەکێکە لە گۆڕانەکانی سەردەم لە ناوچەکەدا، بەلام مەرج نییە ئەم هەلومەرجە جیهانییەی لەم دوو ساڵەدا بۆ کێشەکەمان خوڵقاوە، بەو شێوەیە یان بە تەواوی قەوارەی ئێستایەوە بمێنێتەوە. بێگومان زەحمەتە جارێکی تر زلهێزان وەک جاران چاو لە قەلاچۆکردنی گەلەکەمان بپۆشن، بەلام کێشەی ئێمە تەنیا ئەوەندە نییە قەلاچۆ نەکرێین. زلهێزان کاتێک بەرنامەکەی خۆیان لە ناوچەکەدا جێگیر بکەن، ئەو کاتە رەنگبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ئامادە بن کێشەکەمان لە قاڵب بدەنەوە.

هەر بۆیە ئێمە دەبێ لەم قۆناخەی ناوچەکەمانی پیاتێدەپەڕێ، بە بەرنامەیەکی بەرچاو روونەوە کار بکەین و چەسپاندنی فیدرالیزم لە باشوری کوردستاندا هەوەڵین ئەرکی سیاسیمان بێ.

دوژمنەکانمان دەوڵەتیان هەیە و دەتوانن ساڵ و دوو ساڵ بە پیلانگێران و دەستێوەردان و کاری تێکدەرانە و فشاری ئابوری ئازاری کوردستانی فیدرالبدەن. لە هەمانکاتدا دەتوانن و "دەستیشیان پێکردووە" فشار بخەنە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتان و لە پێوەندی دیپلۆماسی و کەناڵە حکومەتییەکانیان کەلک وەربگرن بۆ لەبارچواندنی کوردستانی فیدرال.

بەلام ئێمە گەلێکی بندەستین و لە هەوەڵین هەنگاوەکانماندایین بۆ چەسپاندنی دەولەتی فیدراڵی کوردستان. هەر بۆیە پێموایە بۆ خۆراگرتن و سەرکەوتنی تاقیکردنەوەکانمان دەبی لە خەباتی بێوچاندابین و ئەم تەوەر و سەنگەرانە رۆژلەدوای رۆژ بە هێزتر بکەین، کە دەکرێ ناوی تەوەر و سەنگەرەکانی سەرکەوتنیان لێبنێین.

## تەوەری یەکەم

ـ یەکریز راگرتنی کۆمەلانی خەلک و سەرجەمی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی خوارووی کوردستان. بۆ مەحکەمترکردنی پەرلەمان و حکومەت و نەهێشتنی هیچ دیاردەیەک کە پێچەوانەی بەرنامەی پەرلەمان و حکومەت بێ. لەم رووەشەوە دەکرێ ئاماژەی ئەوە بکرێ کە پاراستنی یەکێتی بزووتنەوەکە و بەهێزکردنی پێوەندی هەر دوو هێزی سەرەکی ناو پەرلەمان یەکێکە لە چەکە کاریگەرییەکانی دەستەبەر کردنی سەرکەوتن.

ـ بەتەنگەوە هاتنی ژیان و گوزەرانی کۆمەلانی خەلک و کۆنترۆلکردنی باری ئابوری و بازرگانی بە جۆرێک کە خزمەتی پرۆسە سیاسییەکە بکات و ئەو پاشاگەردانی و گرانی دروستکردن و کۆسپە سەربارانەی کە لە خودی کوردستاندا سەرهەلدەدەن نەهێلدرێ.

ـ ئێمە رووبەرووی تاقیکردنەوەیەکی یەکجار بە تاق هەلکەوتوو بووینەتەوە، دوو ئابلۆقەی راگەیاندراوی ئابوری و، ژمارەیەکی‌تری رانەگەیاندراوی ترمان دەرهەق پەیرەو دەکرێ، هەر بۆیە پێویستە رێوشوێنی تایبەت بگرینە بەر تا لەم تاقیکردنەوەیە سەرکەوتووانە دەربچین. بۆ نموونە لە رووی ئابورییەوە دەتوانرێ:

– سەرەرای کەلک وەرگرتن لەو کەناله جیهانیی و یارمەتیانەی کە دەگەنە کوردستان، ئەمکارانەش ئەنجام بدرێ.

–لە رێگای بزوتنەوەی رزگاریخوازی پارچەکانی تری کوردستانەوە داوا لە گەلەکەمان بکرێ، بە پێچەوانەی گەمارۆی رژێمەکانەوە، پێوەندی ئابوری بە کوردستانی فیدراڵەوە بکەن. بازارەکانی کوردستان بێ خۆراک و پۆشاک نەکەن و، ئەمەش سەرەرای لایەنی

سوود بۆ ئەو کەس و خەڵکانەی ئەنجامی دەدەن، بە ئەرکێکی نیشتمانی دابندرێ.

-دەوڵەمەندەکانی کوردستان هان بدرێن، بە دراو و سامان پشتیوانی لە خەزێنەی حکومەت بکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێ خێروبێری کوردستان (ئێستا) لە ناوخۆدا ئاڵوویر بکرێ و نەچێتە دەرەوە و، لە هەمان کاتدا نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی بژیو و گوزەران لە پلەیەکی دیاریکراو و گونجاودا رابگیرێ و، بەڵێنی یاساییش بەو خاوەن سەرمایە و دەوڵەمەندانە بدرێ کە لەم دراو وسامانەی دەیخەنە خزمەتی سەرکەوتنی پرۆسەکە، چەندان قات سوودیان بۆ دەگەڕێتەوە.

- دانانی دادگایەکی یاسایی ـ ئابوری بۆ لێپرسینەوە و دەستگرتن بەسەر ڕێژەیەکی دیاریکراوی پارە و سامانی ئەو میلیۆنێرانەی کە لەم دوو ساڵەی دواییدا ترۆقەیان کردووە و کەڵکی خراپیان لە ڕاپەڕین و هەلومەرجی سیاسی رابردوو وەرگرتووە و، ئەو پارە و پوڵەش یەکسەر بخرێتە سەر خەزێنەی حکومەتی کوردستان.

-بەربەرەکانی کردنی تابۆری پێنجەم بە هەردوو مانی سیاسی و ئابوری و، ڕێگا خۆشکردنی جەماوەریی و یاسایی بۆ قەدەغەکردنی ئەو حزب و ڕێکخراوانەی لە لایەن چوار دەوڵەتەکەوە ئاراستە و بەخێو دەکرێن.

## تەوەری دووەم

کارکردن بۆ بڕیاردانی بەرنامەیەکی سەرتاسەریی کوردستانیی، بۆ دیفاعکردن لە کۆماری فیدراڵی خوارووی کوردستان. ئاشکرایە هەر چ پاشگەزبوونەوەیەک لە هۆکاری جیهانی لە کێشەی خوارووی

کوردستاندا روویدات، چوار دەوڵەتەکە دەکەونە پەلاماردان. گەرچی گەلە کۆمەکییەکانی جارانیان پێناکرێ، بەڵام لە هیچ درندایەتیەک بۆیان بلوێ، ناپرینگێنەوە.

بە هێزترین چەکی ئێمە بۆ پووچەڵکردنەوەی گەلە کۆمەکی و پەلاماری لەم چەشنە و، بە گوروتین تەقاندنەوەی کێشەی سەرتاپای کوردستان ئەوەیە، لە هەر چ قوڵێکەوە هێرش دەستپێکرد ئەو پارچەیەی کوردستان بە داگیرکەراندا بتەقێنرێتەوە و بەرنامەی ئەو رووبەڕووبوونەوەیەش مانگرتن و خۆپێشاندان و راپەڕین بێ. کارکردن بۆ پرۆژەیەکی نیشتمانی لەم چەشنە مەحاڵ نییە و لەو خەباتە چەکدارییەش کەم زیانتر دەبێ کە ئێستا لە هەرێمەکانی کوردستاندا درێژەی هەیە.

پێویستە بە جۆرێکی گونجاو حزب و هێزە سیاسییەکانی سەرانسەری کوردستان لە بەرێوەبردن و پاراستنی پرۆسەکەی خوارووی کوردستاندا بەشدار بن و، لە شاروگوندەکانی سێ پارچەکەیتری نیشتمانەکەماندا کۆمیتەی دیفاع و پشتیوانی لە کوردستانی فیدراڵ پێکبێن. کارەساتی نێوان هێزی پێشمەرگەی (پ.ک.ک) و هێزی پێشمەرگەی حکومەتی کوردستان ببێتە پەندێک و (پ.ک.ک) بەو رایە بگەیەنێ کە داکۆکی کردن لە دەوڵەتی فیدراڵی خوارووی کوردستان بە ئەرکی خۆی بزانێ. گەر برایانی(پ.ک.ک) هەڵوێستێکی وایان هەبا، گەلی خوارووی کوردستان لە حکومەتەکەی خۆشنەدەبوو، ئەگەر شەری (پ.ک.ک) ی بکردبا.

رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەم مەودا ستراتیژە نەتەوەییەی کورد هەتەریان چووە، بەڵام داخەکەم ئێمە خۆمان هەست بە وزە و

توانای ۳۰ میلیۆن کەسیمان ناکەین و زیادەڕۆیی کردن بە هەرێمچێتیەوە وای لێکردووین مەودای قولی نەتەوایەتی لەبیر بکەین. گەر کەمترین بەشی بەرنامەیەکی سەرتاسەری لەم چەشنە و، گونجاو لەگەڵ ئاو و هەوای سەردەمی ئێستادا ئەنجام بدرێ، نەک هەر گەلە کۆمەکی ئەو رژێمانە تێکدەشکێندرێن، بەڵکوو دوور نییە ملیان بۆ گوێ گرتن لە داخوازییەکانی گەلی کوردستان پێ کەچ بکرێ و، مەسەلەی فیدرالیزم و کونفیدرالیزم بە قووڵتر و فراوانتر لە نێوان کوردستان و ئەو دەوڵەتانەشدا بو ئێستا بێتە بەرباس.

ئایا ئەگەر بارودۆخی جیهانیی لێمان هەڵگەڕایەوە یەکێک یان هەر چوار دەوڵەتەکە پێکەوە پەلاماری خوارووی کوردستانیان دا، چ چەکێکی کاریگەرترمان لە بەرنامەیەکی سەرتاسەری لەم چەشنە هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوە؟

یان ئەگەر جارێکی تر ستەمی واگەورەمان لێبکرێ، بانگەوازێکی لەوە بەهێزترمان هەیە، کە پەرلەمان و حکومەتی خوارووی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازیی پارچەکانی تر پێکەوە ئاراستەی ئەو چوار دەوڵەتەی بکەن و ئاگادار بکرێنەوە کە هەر دەستدرێژییەک بکرێتە سەر کۆماری فیدراڵی کوردستان، ئەوا سنورە دەستکردەکان کە تا ئێستا «خۆشمان پاراستوومانن» هەڵدەوەشێنینەوە و شەر دەخەینە هەموو پارچەکانەوە؟

ئەی ئەگەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لەو ئاستەدا بێ، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زلهێزان کە هەریەکەیان دەیان سەرچاوەی بەرژەوەندی لە ناوچەکەدا هەیە، دەتوانن خۆ لەم تەقینەوە کوردستانییە بدزنەوە و سەرنجی داواکانی

نەدەن؟

بەهای مێژوویی و ئایندەی سەرکەوتووی پرۆسێسی کوردستانی (بەشی عێراق) موڵکی سەرانسەری کوردستانە و، دەبێ بەرنامەیەکی سەرتاسەری بۆ چەسپاندنی بخرێتە کار.

لەهەمان کاتدا بە پێی زۆر مەزەندە ژمارەی کوردە پەناهەندە و ئاوارە و خوێندکارەکان لە ئەورووپا و ئەمریکا و دەرەوەی کوردستان بە گشتی یەک ملیۆن هاووڵاتییە. ئەگەر دامودەزگای ئەو بەرنامە سەرتاسەرییە لە ڕێزی ئەو ژمارە زەبەندەی گەلەکەمان لە دەرەوە پێکبێ و، ساز و ئامادە بکرێن، دەتوانن هێزێکی کاریگەر بن بۆ کارتێکردنە سەر هەڵوێستی گەلێک لە حکومەت و پەرلەمان و دەزگا میللی و مرۆڤایەتییەکانی جیهان.

سازدانی ئەم ملیۆنە هاووڵاتییە و ئەو دەیان هەزارەی برا ئاشوورییەکان کە لە دەرەوەن، دەکرێ ببنە دەنگ و ڕەنگی ڕۆژانەی کێشەی کوردستان و پاڵپشتی ئەمڕۆی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان.

لە لایەکی ترەوە هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە توانای ئابوری ئەم بەشەی گەلەکەمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و، خڕکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی مانگانە لێیان بۆ پشتیوانی کردنی خەزێنەی حکومەتی کوردستان. پرۆسێسی ئێستای خوارووی کوردستان دەسکەوتێکی نیشتمانی مەزنە و، پێویستە لە ناوخۆدا نەکرێتە قوربانی حزبایەتی. لە سەرانسەری کوردستانیشدا عەقڵیەتی هەرێمچێتی بچووکی نەکاتەوە.

## تەوەری سێیەم

ئێمە وەک گەلێکی بندەست و هەرەشە لێکراو، پێویستە لە یەکەمین تاقیکردنەوەی دەوڵەتی فیدراڵی کوردستاندا، بە کردەوە پاشماوەی ئەو چەوساندنەوە سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبییە کە دەوڵەتی عێراق دژی گەلی ئاشوور و تورکمان ئەنجامی داوە، لە کوردستاندا نەهێڵین و، لە بەڵگەنامەیەکی یاساییشدا ئۆتۆنۆمی ئاشوری و تورکمان بڕیار بدەین. ئەگەر سبەی لە شارێک یان شارۆچکەیەکدا کە زۆربەی دانیشتوانی ئاشور یان تورکمان بن و بکرێنە مەڵبەندی ئۆتۆنۆمییەکەیان و شارۆچکە و گوندەکانیان پێوە ببەسترێ و، تەنانەت گەر ئاڵای نەتەوەیی و جیاوازی ئۆتۆنۆمییەکەشیان لە پەنای ئاڵا و دروشمی کۆمارە فیدراڵەکەی کوردستاندا هەبێ و نیمچە حکومەتێک بن لە ناو حکومەتی کوردستاندا، ئایا ئەمکارە پرۆسەکەمان بە هێزتر و یەکێتی گەلی کوردستان قایمتر ناکات؟

ئێمە کە تاقیکردنەوەیەکی یەکجار تاڵمان لەم مەیدانەدا هەیە، دەبێ کارێکی وابکەین کە هیچ ترس و بیرێکی ئەوتۆ لە مێشک و دڵی ئەو دوو گەلە کوردستانیەدا نەمێنێ وا هەست بکەن گەلی کورد بچوکترین مافی ئەوان زەوت دەکات. یان تاقیکردنەوەکەی ئەمرۆی کوردستان دەیانگێرێتەوە بۆ رۆژانی «ماسی گەورە و ماسی بچوک»ی سەردەمی حوکمڕانیی دەوڵەتی عێراق.

بەهێزکردنی برایەتی کورد و نەتەوەکانیتری کوردستان نەک هەر بۆ سەرکەوتنی مەسەلەکەمان پێویستە، بەڵکو بەشێکی واقعیی خودی کێشەکەمانە.

## تەوەری چوارەم

کاروکۆشش لە بواری جیهانیدا بەردەوامبێ و چ بەدەست هاتووە بپارێزرێ و، ئەوانی دی کە ماون بە پێی بەرنامە کاریان بۆ بکرێ. ئاشکرایە دەوڵەتانی هاوپەیمان و زلهێزانی تر و UN یش، بەرنامە و کاری خۆیان لە عێراق و ناوچەکەدا هەیە. دیارە مەسەلەی رووخاندنی رژێمی ئێستای عێراق، یان مانەوەی بۆ ماوەیەکی تر، یان هەرچ گۆرانکارییەک لەم رووەوە، پێوەندی بەو بەرنامەیەی ئەوانەوە هەیە، نەک شتێکی تر. بەرامبەر بەمەش ناوچەی حکومەتی عێراق هەر چۆنێک بێ تا ئێستا دەوڵەتە و پێوەندی و هێز و توانای دەوڵەتی تیایە. ساڵێک یان زیاتر لە گەڵ ئەو بارودۆخەدا هەڵدەکات و، کۆمەڵگای نێودەوڵەتانیش بە شێوەی جۆربەجۆر مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

بەڵام سەبارەت بە کوردستان دەوڵەتی عێراق یەکلایەنە پێوەندی لەگەڵدا پچری و، گەمارۆیەکی ئابوری و گشت لایەنەی بەسەردا سەپاندووە. کۆمەڵگای نێو دەوڵەتان و UN یش تا ئێستا (وەک پێویست) مامەڵە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا ناکەن، کە وڵاتێکی ئازادە و دەوڵەتەکەی پێشوو پێوەندی لە گەڵدا پچریوە و، وڵاتێکە قۆناغێکی باشی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانی بریووە و، چاوی لەوەیە کێشەکەی بەچەشنی فیدراڵی چارەسەر بکرێ.

کاروکۆششی ئێمە لەم قۆناغەدا(کە روون نییە کەم یان زۆر دەخایەنێ) دەبێ بۆئەوە بێ کە پەرلەمان و حکومەتەکەمان لە سەر ئاستی جیهان و UN یش بە نوێنەری رەسمی خوارووی کوردستان

بناسرێن. ئەمەش ئەگەر سەرچاوە لە واقیعی ئێستای کوردستان و دەوڵەتی عێراقەوە هەلگرین، لە گەڵ داوای فیدرالیزمدا ناکۆک نییە.

هەق وایە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە گشت ئەو کەنال و پەیوەندییانەوە کە هەیانە و، لە ڕێگای کاری جەماوەریی لە وڵاتدا و، خۆپێشاندان و فستیڤاڵ و چالاکی بەردەوام لە پایتەختەکانی ئەوروپادا داوا لە UN و دەوڵەتانی هاوپەیمان بکەن، کە ئێمە وڵاتێکین ناکرێ لەوە زیاتر لە قۆناغی پەڕینەوەی نادیاردا بژیین. بۆیە تا ئەو کاتەی دۆخی دەوڵەتی عێراق بەلایەکدا دەکەوێ، ئەم داوایانە بکرێنە خاڵی بەرنامەییمان لە بواری دیپلۆماسی و جەماوەریی و ڕاگەیاندندا:

١ـ داوا لە UN و کۆمەڵگای نێودەوڵەتان بکرێ، کە ئێمە وڵاتێکین تەنیا بە رەسمی ناساندنی ئەوانمان کەمە. بۆیە هیچ رەوا نییە چارەنووسمان بە چارەنووسی رژێمێک ببەستنەوە کە لەگەڵ تەواوی دنیا لەشەڕدایە. هەر خودی ئەو رژێمە و دەوڵەتەکەی یەکلایەنە پێوەندییان بە ئێمەوە پچریوە.

٢ـ یان ئەوەتا گەمارۆ جیهانییەکە لە سەر کوردستان هەلگرن و، مامەڵەی رەسمیمان لەگەڵ بکەن. تا ئەو کاتەی دۆخی عێراق یەکلا دەبێتەوە و، بواری ئەوەمان دەبێ پێوەندی یاسایی و فیدرالی سەرلەنوێ لەگەڵدا بکەین.

٣ـ یاخود لە ڕێگەی پەرلەمان و حکومەتی کوردستانەوە UN جۆرە حوکمێکی ماندات لە کوردستاندا پێکبێنێ.

٤ـ ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتان هیچ شتێک لەو کارانە ناکەن، ئەوا داوا لە UN بکرێ سەرپەرشتی ڕیفراندۆمێک لە کوردستاندا بکات بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی و، بە ڕوونی پێیان

بگووترێ ئەگەر گەلە کۆمەکی و درندایەتی چوار دەوڵەتەکە و، بێدەنگی و چاوپۆشینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتان و UN نەبێ، ئێمە وەک گەل و وڵات هێندە دەستەپاچە نین، بەبێ ئەو دەوڵەتانە نەتوانین بژین. دەبێ بە راشکاوی لە گەل دەوڵەتانی دەستڕۆیشتووی جیهان و UNدا قسە بکرێ. گەر ئەوان لەگەل ئەوەدا نین ئێمە لەو دەوڵەتانە جیا ببینەوە، ئەوا دەبێ بە توندی پشتیوانی بەرنامەی فیدرالی و کونفیدرالی و گۆرین لەو دەوڵەتانە بکەن، بەرەو شارستانییەت و دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانی. ئەم گۆرانەش نەک هەر لە قازانجی گەلی کوردستاندایە، بەڵکو لە قازانجی گەلانی سەردەستی چوار دەوڵەتەکە و بەرژەوەندی ئەو زلهێزانە و نەخشەکانی UN شدایە.

ئەگەر هەندێ خواست و ئامانج بۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی، یان بۆ ئایدیۆلۆژیایەک مەحال بێ لە رۆژگاری ئێستادا، ئەوا هیچ خواست و ئامانجێک بۆ گەلێک مەحال نییە، گەر بە روونی خۆی ساغکاتەوە و کێشەکەی بخاتە روو، سوور بێ لە سەر داواکانی و، جلەوی بزوتنەوەکەشی بە دەست هێز و بەرەیەکی سیاسی ئەو تووە بێ کە لە ئاووهەوای سیاسەتی تازەی نێو دەوڵەتان و بەرژەوەندی زلهێزان تێبگا و، لە بەرژەوەندی نیشتمانی گەلەکەی دوور نەکەوێتەوە.

## خۆ ساخکردنەوە

ئێمە کاتێک بە راشکاوی دەڵێین ئەمرۆ لە عێراق جیانابینەوە و، ئامادەی پێکەوە ژیانی تازەین لە گەل گەلی عەرەبدا، لە سەر بنچینەی نوێ و فیدرالی کە یەکسانی نێوان هەردوولا مسۆگەر بکات. پێویستە زۆر رووتتر بچینە سەر خالە پر بەها و بایەخدارەکان و خۆمان لە

دووفاقی فکر و بیرکردنەوەی ئۆتۆنۆمیچێتی رزگار کەین و، فکر و بیرکردنەوەی یەکسانیانە بەسەر گشت بابەت و تێزەکاندا زاڵبن و بیروباوەری فیدرالیزم «بنچینەی حوکمرانێتی‌یە کە لە ئەنجامی یەکێتیی نێوان چەند ولایەت یان هەرێم یان دەوڵەتێکدا دێتە ئاراوە، بەبێ جودا بوونەوە و بەبێ یەکبوون ئامادەن پێکرا بژین. (١٠) دەبێ بە ساغکراوەیی ئەوە بگوترێ کە جیابوونەوە یان یەکبوون کامیان بەسەر ئەویتریاندازاڵ دەبێ، ئەوەبۆ ئاییندە دەمێنێتەوە و، هەرئاییندەش دەتوانێ دواقسەلەمبابەتەدا بکات.

چەسپاندنی فیدرالیزم لە واقیعی ئێستای کوردستان و عێراقدا، دەبێ سەرەتا بێ بۆ سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراق لە سەر بنچینەی بۆیەکەمجار دەنگدانی ئازادانەی گەلی کوردستان و گۆڕینی پاشکۆکردنەکە بە یەکێتیی فیدراڵی. واتە کۆتایی هێنان بەو دەوڵەتە (مرکز)یەی کە ئیمپریالیزم پێکهێناو، لە دایکبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتووی فیدراڵی. ئەمەش دید روونی و راشکاویی و بوێرییەکی تەواوی دەوێ، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە بناخەی ئەو دەوڵەتە نوێیە دابمەزرێ، کە لە ئەمرۆ و داهاتووشدا بتوانێ بە چەشنێکی هاوکۆف بەرژەوەندی گەلانی کوردستان و عێراق بپارێزێ. بۆ ئەمەش دەبێ لەوەوە دەستپێبکرێ کە عێراق لە دوو نیشتمان یان دوو هەرێم (کوردستان و ناوچە عەرەب نشینەکان) پێکدێ. دەبێ هەر گەلەی لە سەر خاکی نیشتمانی خۆی سەروەری و سەربەخۆیی هەبێ و، لەم دوو سەروەری(سیادە) و سەربەخۆییەش، سەروەریی و سەربەخۆیی دەوڵەتە فیدراڵیە هاوبەشەکە پێکبێ.

---

(١٠) محمد الهماوندي. الحكم الذاتي والنظم اللامركزية الادارية والسياسية. لاپەرە (١٥٩).

له عێراقدا پێویسته دوو کۆماری کوردستانی و عەرەبی پێکبێ و، هەریەکەیان سەرۆک و پەرلەمان و ئەنجومەی وەزیران و دامودەزگا دەوڵەتییەکانی خۆی و ئاڵا و دروشم و سرودی نیشتمانی تایبەتی هەبێ. ئەو وەزارەت و دەزگایانەش که به فیدراڵی دەمێننەوه وەك (دەرەوەو و دیفاع و ...) پێویسته به جۆرێکی یەکسان له لایەن نوێنەرانی گەلی عەرەب و گەلی کوردستانەوه بەڕێوه ببرێ. چونکه عێراق دوو گەلی سەرەکی تێدادەژی و، راست نییه هیچ رێوشوێنێکی ستراتێژی یان وەزیفەیەکی حەساس لەسەر لایەکیان تاپۆ بکرێ. رۆڵەکانیتری کوردستان و عێراقیش له برا ئاشوری و تورکمانەکان دەبێ بۆیان هەبێ به پێی توانا و لێهاتووییان ئەو ئەرکه گرنگانه وەئەستۆ بگرن.

له دەوڵەتی فیدراڵی و یەکگرتووی راستەقینه و گونجاو بۆ واقیعی کوردستان و عێراق دەبێ پلەی سەرۆک دەوڵەتی بەنۆره بێ، خوولێك سەرۆک دەوڵەته فیدرالییەکه عەرەب بێ و جێگرەکەی کورد، خوولی دووەم به پێچەوانەوه.

هەروا بۆ چەسپاندنی فیدرالیزمێکی پتەو له پێوەندی نێوان کوردستان وعێراقدا دەبێ شێوەکانی بەکارهێنانی چەک و هێزه چەکدارەکان بۆ چاری هەرچ ناکۆکییەک سەرهەڵبدات له دەستووری دەوڵەته فیدرالییەکەدا قەدەغه بکرێ.

کارێکی پربایەخ دەبێ هەر له ئێستاوه، داوای ئەوه بکرێ له پرۆتکۆل و ئیمزاکردنی یەکێتیی فیدراڵی نێوان کوردستان و عێراق، (UN) وەک لایەنی سێیەم ئاماده بێ.

سەبارەت به سنوریش له دەستوری کۆماری فیدراڵی کوردستاندا

ئەوە بچەسپێندرێ، کە هیچ جۆرە ئاڵوگۆر و دەستکارییەک لە سنوری کۆماری کوردستانی(عێراقدا) ناکرێت، بەبێ رەزامەندی گەلەکەی و، بەبێ دەنگدانی گشتی. دەوڵەتی فیدراڵی عێراق دەبێ دەوڵەتێکی کوردستانی عەرەبی بێ و، بەهەمان ئەندازە کە خۆی بە کێشە عەرەبییەکانی نەتەوەی عەرەبەوە دەبەستێ و لەسەریان بەدەنگ دێ و هەڵوێستیشیان لەمەڕ وەردەگرێ، لە سەر کێشەکانی نەتەوەی کوردیش بە دەنگ بێ و هەڵوێستیان سەبارەت وەربگرێ.

دەربارەی پێوەندی داهاتووشمان بە دەوڵەتی تورکیا و ئێران و سوریاوە، دەبێ ئەوەیان بۆ بسەلمێنرێ کە چیتر ئێمە تەنیا «شمال»ی عێراق و «شعب الشمال» نین و، پێیان خۆش بێ یان نەء، ئێمەش هەین و دراوسێیانین و، گەر بشیانەوێ ئێمە پێخۆشحاڵین دراوسێی چاک و بێوەی بین بۆ یەکتر.

دەربارەی پارچەکانی تری نیشتمانەکەشمان، کە بە دەوڵەتەکانی ئەوانەوە لکێندراون، پێیان بگوترێ کە لە رۆژگاری ئێستادا هیوای چاری فیدراڵی و کونفیدراڵیان بۆ دەخوازین. پێخۆشحاڵین تاقیکردنەوەی لەرادەبەدەر خوێنرێژانەی دەوڵەتی عێراق لە گەڵ ئێمە، بۆ ئەوان ببێتە پەند و لە جیاتی ئاگر و ئاسن، پەنا بەرنەبەر مێزی گفتوگۆ لە گەڵ نوێنەرانی گەلی برامان لە پارچەکانی تری کوردستاندا.

بەشی سێیەم:

## ١- ئیمپراتۆریەت بۆ حزب یان قەوارە بۆ گەلێکی بێدەوڵەت؟

## ٢- تارمایی سیڤەر

# ئیمپراتۆریەت بۆ حزب
# یان قەوارە بۆ گەلیکی بیدەوڵەت؟*

ڕاپەڕین و کۆڕەوەکە سەرنجی دنیایان بۆ لای کیشەی گەلەکەمان ڕاکیشا. هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەت و ڕاگەیاندنی فیدرالیزم، سەرەتایەکی ئەوتۆیان خوڵقاند، کە باس لە ئەزموونی بەجیا هەڵکەوتووی باشووری کوردستان بکری. لیرە و لەویش بەرامبەر بە تاقیکردنەوەی خویناوی دەوڵەتانی وەک ئەفغانستان و سۆمالیا و شوینی تر، ئاماژە بۆ تاقیکردنەوە و پیکەوەهەڵکردنی کوردستان دەکرا و، لە هەندی ڕووشەوە لەچاو وڵاتانی ناوچەکە، کوردستان بە وڵاتیکی لەبارتر دەبینرا بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسی سیاسی و پلورالیزم و پاراستنی مافی مرۆڤ. ئەمەش پلە و پایە و متمانە پەیداکردنیکی مەزن بوو بۆ کیشەکەمان و، ڕیگایەکی لەبار بوو بۆ بە جیهانیکردنی کیشەکە و خۆسەلماندن.

بەڵام هەردوو حزبە حوکمڕانەکە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) کە بە هەڵگیرساندنی شەڕی ئیستایان، لە خەتی نیشتمانی لایانداوە، تاقیکردنەوەکەیان دووچاری مەترسییەکی گەورە کردۆتەوە و زەبریکی کوشندەیان لەو پلەوپایە جیهانییە وەشاند و، تا ڕادەیەکی زۆریش ئەو دۆست و لایەن و دەزگا جیهانیانەیان ڕەشبین کرد لەوەی کە پییان

* ئەم گوتارە پوختەی ئەو ڕاوتیبینییانەن کە لە دوو پەنێلی ڕادیۆیی و کۆڕێک لە کۆینهاگن و چەند کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا لە مانگی ئاباری ١٩٩٤ لە ستۆکهۆلم پێشکەشکراون.

وابوو کوردستان چلۆنایەتییەکی جودای لە ولاتانی ناوچەکە هەیە و، لە گۆرانکارییە نوییەکانی ئەمرۆی جیهانەوە نزیکە.

## حوکمڕانی... یان حزبڕانی؟

هەر لە سەرەتای پرۆسەکەی باشووری کوردستانەوە، هەردوو حزبی حوکمڕان کەلکی خراپیان لەو متمانەیە وەرگرت کە گەلەکەمان لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ۱۹۹۲دا پیی بەخشین. ئەوان هەنگاو بە هەنگاو لاسایی یەکتر و ڕقەبەریی یەکدییان دەکرد و لەکاردا بوون تا (پەرلەمان و حکومەت)یان کرد بە دوو دەزگای کزەڵۆک و پاشکۆی حزبەکانیان و لە ناوەڕۆکی نیشتمانی ڕووتیان کردنەوە. ڕەنگە ئەمە بە یەکەمین هەڵگەڕانەوەی ئەو دوو حزبە دابنری لەو پەیمان و بەڵینانەی لە کاتی هەڵبژاردندا بە گەلەکەمانیان دا و، لەو ئامانجە نیشتمانیانەی لە پرۆگرامەکانیاندا هاتوون. ئەوان لەجیاتی ئەوەی حوکمڕانی ولاتەکەمان بکەن و، شایستە و دڵسۆزی متمانەی گەلەکەمان بن و لە هەلومەرجی نویی جیهان تیگەیشتبان و هەوڵیان بدابا مۆرکیکی یاسایی بەبەر تاقیکردنەوەکەدا بکەن و، دامودەزگاکانی دەوڵەتی نوی، بەرەو سەربەخۆیی پیکبین، کەچی کۆمەڵگای کوردستانیان ڕاپیچی حزبڕانی کرد و، لە سەرەوە بۆ خوارەوە گەلەکەمانیان کرد بە دوو بەشەوە. ئەم کولتورە دواکەتووە حزبییەشیان لە گشت شار و شارۆچکە و لە تەواوی ئیدارەکانی دەوڵەتدا، نەزەرتەنگانە خستە پراکتیک و پیادەکردنەوە. بەمەش شوناسنامەی حزبایەتیان خستە پیش شوناسنامەی نیشتمانییەوە. لیرەشەوە سوودی خراپیان لە وزە و توانای گەلەکەمان و پلەوپایەی

پەرلەمان و حکومەت و ئەو سۆز و پشتیوانییە جیهانیەی لە کیشەکەمان دەکرا وەرگرت بۆ قایمترکردنی ئیمپراتۆریەتی حزبەکانیان.

حوکمڕانییەک کە بەم شیوەیە بکری، بەتایبەتی لە ولاتیکی کاولکراوی وەک باشووری کوردستاندا، کە پۆخلەواتی ٧٠ساڵی داگیرکەری تیا ماوە و، دوو ئابلۆقەی ئابووری لەسەرە و، شمشیری دەوڵەتی عیراقی بەسەرەوە هەلواسراوە و، پیلانی سی دەوڵەتەکەی تری لە دژ بەردەوامە و، UN و ئەمریکا و ئەورووپاش سیاسەتیکی دووفاقی و دووڕوویانەی دەرهەق پەیڕەو دەکەن، چاوەڕوان و ئەگەری ئەوەی لی دەکرا بە بنبەست بگات و تا بیناقاقای لە قەیراندا بچەقی.

سیاسەت و شەڕی ئیستای دوو حزبە حوکمڕانەکە، پرۆسەی باشووری کوردستانیان دووچاری دووڕییانیک کردۆتەوە، پاراستن یان لەبارچوواندنی پرۆسەکە بە تاڵەموویەکەوە بەندە. ئایا ئەو تاڵەمووەی ماوەتەوە بپچڕینن و پرۆسەکە لەبار بەرین، یان تاڵەمووەکە ئەستوور بکری و پرۆسەکە لەو شەڕە نەگریس و ناوخۆییە و لە پیلانی داگیرکەران دەرباز بکری؟

کۆماری دیموکراتی کوردستان (مەهاباد) و مەملەکەتی خوارووی کوردستان، بە دەستی دوژمنانی گەلەکەمان و خەتەری دەرەکی ڕووخیندران. خەتەری ناوەکی گەر ڕۆلیکیشی هەبووبی لاوەکی بووە. بەلام ئایا تاقیکردنەوەی ئەمجارەمان کە سێ ساڵە خۆی بە پیوە ڕاگرتووە و، تا ئیستا هۆکاری جیهانیی چوار دەوڵەتەکەی لە پەلاماردان و لەشکرکیشی گشتی بۆ جلەوکردووین، بە کوی دەگات. ئاخۆ ئەمجارەیان خۆمان ئارەزوومەندانە و لەجیاتی ئەوان ئەم کارە

ئەنجام دەدەین و گەلەکەمان ناچار دەکەین پاش سێ ساڵی ڕزگاری، کەوشی هەرەس لە پێ بکات؟

ئەی تاکەی ئەم شەڕە ڕا ناگیری!؟ تا ئەو کاتەی کۆنترۆڵ و ڕاگرتنی لە دەستی خۆماندا نامێنێ و، چوار دەوڵەتەکە پێکەوە یان بەشێکیان پیلانەکانیان بە (برغویەک) لەگەڵ شەڕە ناوخۆییەکەدا تێهەڵکێش دەکەن و، جارێکی تر مێژوو بە چەشنێ کۆمیدیا خۆی دووبارە دەکاتەوە؟

ئاخۆ هێندە بە داهاتووی خۆمان دوژمن بین، لە گەلێک ڕووەوە ناکەوینە ژێر پرسیارەوە؟ ئایا لای ئێمە ئینتما بۆ خێڵ، بۆ حزب یان بۆ نیشتمان، کامیان سەروەرە؟

ئەی ئەم قەیران و سەقەتییە لە سەرکردایەتی و دامودەزگا سیاسییەکان و فکر و ئایدۆلۆژیای بزووتنەوەکەماندایە؟ یان لە خودی گەلەکەمان؟ بڵێی ئەو گەلەی کە لە ٢٠ ڕۆژی ڕاپەڕیندا پاڵتۆی داگیرکراویی داماڵی و دەوڵەتی عیراقی لە کوردستاندا ڕادا، مل بەوە بدات جارێکی تر ئەو پاڵتۆیەی پێ بپۆشن و بۆ بەر لە ڕاپەڕین بیگێڕنەوە؟

## ناوچەی ئاسایش

دوابەدوای کۆڕەوەکە، وڵاتانی هاوپەیمان هێڵی ٣٦یان بە ناوچەی ئاسایش بۆ گەلەکەمان دیاری کرد. هەر ئەو وڵاتانەش پەیمانی پاراستنی ئەو بەشەی کوردستانیان دا کە دەکەویتە ناو ئەو هێڵەوە. UNیش بە نۆرەی خۆی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی دەرکرد. ئەم سێ خاڵە دەستکەوتێکی گەورەی جیهانیی بوون بۆ کێشەکەمان.

ئاشکرایە بەشیکی ئەو هەلویست وەرگرتنەی ئەوان، لە ژیر کارتیکردنی کورەوەکە و مەترسی پەرینەوەی پریشکی کوچەکە بوو بو ولاتانی ناوچەکە بەتایبەتی بو تورکیا. بەشیکی تریشی ئەوەیە، کە ئەو ولاتانە بەرنامەیەکی گشتییان سەبارەت بە عیراق و ناوچەکە بە دەستەوەیە، بوونیان لە ناوچەکەدا و پاراستنی گەلی کورد بەو شیوەیەی رایانگەیاندووە لەگەل بەرنامەکەیاندا ناکوک نییە. بەلام هەر کاتیک بەرنامە و مەرامەکانی خویان لە ناوچەکەدا ئەنجام بدەن، چیتر نەک ٦ مانگ، بەلکو ٦ روژیش ئامادە نابن گەلەکەمان بپاریزن و، سەرەتای کاریکی لەم چەشنەش لە سەرەتاتکیدایە. راستە ئەو دەولەتانە ریگەی لەشکرکیشییان، دژی باشووری کوردستان، نەداوە. بەلام بە کردەوە گەلی کورد لەو ناوچەیەدا تەنیا لە دەولەتی عیراق دەپاریزن. واتە لە ناوچەی ٣٦یشدا بە دریژایی خەت لەسەر هەر کاریکی گەورە و بچووک کە پیوەندی بە ئەمنیەتی کوردەوە هەبی بە دەنگ نایەن. ئەوەتا چەندان جارە تورکیا لە زەوی و ئاسمانەوە بە بیانووی جیاجیا حورمەتی خاکی کوردستان و ئەو زونەی ئەوان هیلیان بو کیشاوە دەشکینی و ئیرانیش بەردەوام لە سنوورەکاندا هەمان کار ئەنجام دەدا.

هەر لەو روژەشەوە بریاری هیلی ٣٦ دراوە، هەر چوار دەولەتەکە و زوربەی هەرە زوری ولاتانی عەرەب و ئیسلام لە کەنالی جیاجیاوە داوا و فشاری جوربەجور دەخەنە سەر ولاتە هاوپەیمانەکان و هەندی جاریش بەئاشکرا لە کەریدور و پەراویزی کوبوونەوەکانی UNدا ئەوە دەدرکینن کە "باکووری عیراق" بە باریکی نائاساییدا تیدەپەری و، پیویستە ئەو ناوچەیە بخریتەوە ژیر کونترولی دەولەتی عیراق.

هاوپەیمانەکان و UNیش لە درشت و ورددا لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا ناکۆک نین. ڕەنگە ڕۆژێک دابێ لەو خاڵانەی ئێستا ناکۆکن پێکبێن. ئەو کاتەش چاو بەتەواوی هەڵویستەکانی خۆیاندا سەبارەت بە عیراق و کوردستان دەگێڕنەوە. کەواتە ئەم ناوچەی ئاسایشە کە بۆ ئێمە دانراوە، ناوچەیەکی ئەبەدی نییە و لە هەر دەم و سات و وەرچەرخانێکی سیاسیدا قابیلی گۆڕانە.

ئێمە دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بین کە تا چارێکی بنەڕەتی بۆ کێشەکەمان دەدۆزرێتەوە، هێڵ و پاراستنێکی هەمیشەیی دابین بکەین و، هێڵی ٣٦ بکرێ بە ٣٤ تا تەواوی خاکی باشووری وڵاتەکەمان بگرێتەوە. کەچی لەجیاتی ئەنجامدانی ئەو کارانە، خودی دوو حزبە حوکمڕانەکە ئەمنیەتی ناوچەی ئاسایشی هێڵی ٣٦ تێک دەدەن و دەیکەنە سەرچاوەیەکی پشێوی و ترسناکی ئەوتۆ کە هەڕەشە لە پرۆسەکە و چارەنووسی نەتەوەکەمان بکات.

## شەڕی سەرانسەریی ئێستا

شەڕی ئێستای نێوان دوو حزبەکە، شەڕی دەسەڵات و نفووزە و ڕەگ و گەرای هەمەجۆری هەیە. لە وڵاتانی دیموکراتدا ئەم جۆرە ناکۆکییانە لە ڕێگەی بەرنامە و کۆمەڵانی خەڵک و سندووقی دەنگدانەوە یەکالا دەکرێتەوە. بەڵام لەو وڵاتانەی کە تفەنگ و تۆڵەسەندنەوە کۆنترۆڵی عەقڵ دەکەن و، یەکترسڕینەوە جێگەی مەنتیق دەگرێتەوە، ئەو کارە بە ڕەوتی شەڕ و کارەسات و کاولکاریدا دەڕوا.

ئەم شەڕە توانای بەشەری و پێشمەرگەیی گەلەکەمان هەڵدەلووشی

و، وزەی ئابووری و دارایی وڵاتەکەمان بە فیڕۆ دەدا، کە چەندان ملیۆن دینار خەرجی ڕۆژانەیەتی و، باری ئاسایش و ژیانی هاووڵاتیان و مافی مرۆڤ پێشێل دەکا و، گرانی و قاتوقڕی و برسیتی تەشەنە پێدەدا و، هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لە پارووی دەمی خەڵکی ڕەنجدەر و کەمدەرامەت دەکات، کە زۆربەی گەلەکەمان پێکدێنن و، ئەو بارە ئابوورییە کەم و هەژارەش کە هەمانبوو بە تەواوەتی لە تاقەت دەخا.

شەڕی کوردستان، شەڕی ئەفغانستان و ڕواندا و یەمەن نییە. ڕاستە یاسای گشتی شەڕ، لە هەر جێگایەکدا ڕوو بدات، ئەوەیە کە کارەسات و کاولکاری و ماڵوێرانی دەهێنێ، بەڵام ئەو گەلانە کە خودانی دەوڵەتی نیشتمانین، لەم شەڕانەدا چارەنووسی نیشتمانی و ئایندەی نەتەوەییان، وەک کوردستان، ناکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە قۆناغی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیدایین و، چەندان دەوڵەت و لایەنی دەستڕۆیشتوو لە ناوچەکە و جیهاندا گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کە کورد گەلێکی خێڵەکی و نەگونجاوە و بەبێ چوار دەوڵەتەکە ناتوانی خۆی بەڕێوەبەری.

## پاپۆڕەکە غەرق مەکەن!

گەلێک جار حزبی (ا) یان (ب) بروبیانوو بۆ شەڕی ئێستا دەهێنێتەوە. من پێم وایە هەر بڕوبیانووهێنانەوەیەک بۆ ئەم شەڕە هەوڵدانێکی بێفەڕە و دەیەوێ شەرعیەت بە شەڕەکە بدات.

هەندێ جار قسەی وا بڵاودەکرێتەوە گوایە لایەنی (ا) گفتوگۆ دەخوازێ و لایەنی (ب) شەڕ دژی گفتوگۆ دەکات. لێرەدا من چ کارم بە درۆ یان ڕاستی ئەم خەبەرە یان خەبەرەکانی تری لەم چەشنە نییە

کە دوو لایەنی شەڕەکە بۆ پاساودان و پاکانەکردن بۆ خۆیان بلاوی دەکەنەوە. ئەم بڕوبیانووانە نەک ناتوانن شەرعیەت بە شەڕەکە بدەن، بەڵکو دواکەوتوویی و نادیموکراتیەتی هەردوو لایەنی (ا و ب) دەردەبڕن بۆ چاری ناکۆکییەکان. گریمان گفتوگۆ هەیە و حزبێک لە دووانەکە بەرەو بەغدا مل دەنێ. باشە لە کوردستاندا کە پەرلەمان و حکومەت و پروسەیەکی ڕەنگاوڕەنگی تیایە، نەدەکرا ناکۆکی نێوان دوو بەرنامەی "گفتوگۆ" و "دژەگفتوگۆ" بە ڕێگایەکی ئاشتیانە و شارستانیانە چار بکرایە و لە دواییدا لەجیاتی هەڵگیرساندنی شەڕ پەنا بۆ کۆمەلانی خەلک و دەنگدان ببردرایە؟. لەمەش بترازێ ئایا گەر سبەی (ا) هەڵخزایە ئامێزی دەولەتی عیراقەوە، تەرەفەکەی تر (ب) چ دەکات. ئەی ئەو هەڵناخزێتە ئامێزی یەکێک لە ٣ دەوڵەتە داگیرکەرەکەی ترەوە؟

ئەم شەڕە زەمینەی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو پیلانە خۆش کرد، کە ٣ دەوڵەتە داگیرکەرەکە کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەکی وەزیرەکانی دەرەوەیان بۆ دەکرد و لە ئەنجامدانیدا دەستەپاچە بوون. ئەو دەوڵەتانە ئێستا دەتوانن پرۆژەکەی خۆیان بەسەر باشووردا بسەپێنن. پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەی فیدراڵی و بەناوخۆییکردنەوەی کیشەکە و فشار خستنە سەر هەردوو حزبەکە تا پێکەوە یان بەتاقکردنەوەیان، ناچاری چوونە بەغدا و هێنانەوەنەی لەشکر و دەوڵەتی عیراق بۆ کوردستان بکرێن.

سەرکردایەتی ئەم دوو حزبە کاریکیان کرد، دەبا نەیانکردبا. ئێستاش دەبی باشتر لەو ڕاستییە بگەن کە کوردستان و گەلەکەی لە پاپۆڕێکدان، جا بە هەق بی یان ناهەق ئەوان بوونەتە کەشتیوانی ئەو

پاپۆڕە هێشتاش بواری ئەوە ماوەتەوە پاپۆڕەکە لە غەرقبوون دەرباز بکری. ئایا ئەوان ئەم کارە دەکەن؟ بەقەد چاوترووکانیک کات ماوە، بەرلەوەی یەکتر ناچاری هیچ هەڵخزاندنیک بکەن، یان ملکەچی هیچ پرۆژەیەکی خۆبەدەستەوەدان بە داگیرکەران بن، پیویستە بگەڕینەوە سەرمیزی گفتوگۆ وگوی لەبانگەوازی هەقخوازانەی گەلەکەمان بگرن.

بڵیی سەرکردایەتی پدک و ینک لەم کاتەدا لە خۆیان نەپرسن، گەر سبەی ئەم دەستکەوتەی باشووری کوردستان لە شەڕی نیوان ئەواندا لەبار ببری، میژوو دەیانخاتە چ خانەیەکەوە؟ یان بڵیی ئەوە نەزانن کە بە غەرقبوونی پاپۆڕەکە، ئیمپراتورە زەرد و سەوزەکەی ئەوان و ڕەنگەکانی تریش غەرق دەبن؟

## ئاڵترناتیڤ چییە؟

ڕەگ و گەرای ئەم شەڕەی وڵاتی ئیمە، یان هەرچ شەڕیکی ناوخۆیی لە هەر کویدا بی، پەیوەندی بە لایەنی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی و حقوقی و کۆمەڵایەتی و میژووی و گەلیک بابەتی ترەوە هەیە. بەڵام ئەم شەڕانە بەگشتی لە هەر قۆناغیکدا چەکەرە بکەن، یەکیک لەو لایەنانە دەبیتە هۆی سەرەکی و ئەوانی تر تیکەڵ بە سەرەکییەکە دەبن.

من پیم وایە ئاڵترناتیڤ بۆ ئەو تەنگوچەڵەمەیەی پرۆسەکەی تیا چەقیووە، دیاریکردن و ئەنجامدانی دوو کۆمەڵە ئەرک دەخوازی کە بەسەر دوو قۆناغی پیکڕا گریدراودا دابەش دەبن. بەشیکیان زۆر بەپەلەن و دەبی یەکسەر ئەنجام بدرین تا ڕیگا بۆ بەشی دووەمیان خۆش بکات، کە ئەنجامدانی ماوەیەکی زۆرتر دەخوازی.

## قۆناغی یەکەم:

**یەکەم:** دوو قۆڵی و دەسبەجی و سەرانسەری و بێ قەید و شەرت، شەڕ ڕابگیرێ و، شاڵاوی ڕاگەیاندن و بوختانهەڵبەستن بۆ یەکتر بوەستێنرێ.

**دووەم:** هێزە چەکدارەکانی هەردوو لا لەو شوێنانەی بەرامبەر بەیەکدی لە سەنگەر نراون بکێشرێنەوە و بۆ سنوورەکانی کوردستان بنێردرێن.

**سێیەم:** پۆلیس و ئاسایش وەکار بخرێنەوە و، لە شار و شارۆچکە و ئۆردوگاکاندا، کۆمیتەیەک لە جەماوەر پێکبێ، هەم بۆ چاودێریکردنی پۆلیس و ئاسایش، هەم بۆ زیاتر کۆنترۆلکردنی بارودۆخ و ئەمنیەتی شار و ئۆردوگاکان.

**چوارەم:** دەزگای پەرلەمان و حکومەت وەگەڕبخرێنەوە. گەرچی لەم شەڕەدا ئەم دوو دەزگایە شەرعیەتی خۆیان لەدەستدا، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی واقیعییەتی کوردستان دەبێ بە شێوەیەکی وەختی و تا دۆزینەوەی چارێکی سەقامگیر بخرێنەوە کار.

**پێنجەم:** لە کەسانی سەربەخۆ و ڕووناکبیر و ڕابردووپاک و لە نوێنەری حزب و هێزە سیاسییەکان، ئەنجوومەنێک پێکبێ، کە لە سێ یەکی پەرلەمان کەمتر نەبێ و پاشان تێکەڵ بە پەرلەمان بکرێ. ئەمەش بۆ تێکدانی ٥٠ بە ٥٠ بەدناوەکە و، بۆ ئەوەی تا هەڵبژاردنی تازە ئەم پەرلەمانە وەک دەزگایەکی وەختی بتوانێ کار بکا و نیمچە شەرعیەتێکیش بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بە دەست بێنێ.

**شەشەم:** حکومەتێکی کاتی و نیشتمانی، بەناوی حکومەتی تەنگانە و پاراستنی دەستکەوتەکان پێکبێ. پۆستی وەزارەتەکانی ئەم کابینەیە

بکرێ بە ٣ بەشی یەکسانەوە. بەشێکیان بەتایبەتی وەزارەتە حەساسەکان بدرێن بە کەسانی سەربەخۆ و دیموکراتخواز. بەشی دووەمیان نیوانیو بۆ پدک و ینک بێ و، بەشی سێیەمیشی بە حزبە نیشتمانییەکانی تر بدرێ.

**حەوتەم**: ئەو کۆمەک و یارمەتییانەی بۆ گەلەکەمان دەنێردرێ، بە سەلامەتی بە حکومەت بگات و، کەس نەتوانی لێی گل بداتەوە و، پەرلەمان بە یاسایەکی ڕەسمی (منحە)ی مانگانەی ئەو دوو حزبە حوکمڕانە بە جۆرێکی وا دیاری بکات کە لەگەڵ داهاتی حکومەتدا یەکتر بخویننەوە. ئەو چۆرەچۆرەش بە حزبەکانی تر دەدرێ لە ڕووی یاساییەوە کۆنترۆڵ بکرێ.

**هەشتەم**: کۆنترۆلکردنێکی یاساییانە و شارستانیانەی ڕاگەیاندن، بە جۆرێک کە ئەوپەڕی ئازادی و دیموکراسی بێ قەید و شەرت زامن بکرێ. بەلام ڕێگەی ئەوە نەدرێ ئەم بوارە پڕ حەساسە بکرێتە زەمینەخۆشکەری میلیشیاچیتی و شەڕی ناوخۆیی.

با هەردوو حزبە حوکمڕانەکە و ئەوانی تریش، ئەو دەزگایانەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن کە هەیانە، بدەن بە حکومەتی کوردستان. تا ئەم فرە ئاراستەیی و فرە سازدانە نەمێنی. گەر حزبێکیش ڕازی نابێ، با بەپێی یاسایەکی تایبەت ئەو دەزگایانە کۆنترۆڵ بکرێ، بۆ نموونە:

ا- کەناڵی تەلەفزیۆن و ئیستگەی ڕادیۆ بەپێی مۆڵەتی یاسایی بێ.

ب- وەک دەزگایەکی کەرتی ناحوکومی باجی لەسەر دابندرێ.

جـ- زمانحاڵی حزب نەبێ.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستاندایە، ڕوویەکی دزێو و زەقی میلیشیاگەرییە و، عەقلی پاشکۆ و عەقلی خێڵ و پاساشکێنی لە

پەنایدا حەشاردراوە.

لیرەدا ڕەنگە شوینی خۆی بی سەرنجی دوو حزبە حوکمڕانەکە و ئەوانی تریش بۆ ئەوە ڕابکیشری کە لە گشت ڕیککەوتننامە و گفتوگۆکانی نیوان ئەو حزبانە و دەوڵەتی عیراق، یەکیک لەو خالانەی دەوڵەتی عیراق پیی لەسەر داگرتووە و ئەمانیش پیی ڕازی بوون، ئەوە بووە کە یەکسەر رادیۆکانیان دابخەن و پاش ماوەیەکیش رادیۆ و چەکەقورسەکانیان تەسلیمی دەوڵەتی عیراق بکەن.

ئەی دەبی هۆی چبی وا ٢ ساڵ بەسەر حکومەتی کوردستاندا تیپەڕی، ئەم حزبانە ئامادەنین لەو دەرزەنە کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ و سەدان چەکەقورس و تانک و زرێپۆشانەی هەیانە، حکومەتە بی ڕادیۆ و بی کەناڵی تەلەفزیۆن و بی چەکەقورسەکەی خۆیانی پی پۆشتە بکەنەوە؟

**نۆیەم:** ئاژانسیکی دەنگوباسی سەربەخۆ و پسپۆر و دابڕاو لە حزبەکان پیکبی.

**دەیەم:** هاتوچۆ بۆ ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی دەوڵەتی عیراق و، دیوی ئیران و سوریا، وەک ئەوەی لەسەر سنووری کوردستان بە دیوی تورکیادا هەیە، کۆنترۆڵ بکری.

**یانزەیەم:** لە هەر پاریزگایەکدا کۆمیتەیەک لە ڕیکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و لە کەسایەتی کۆمەلایەتی و ئایینی و رووناکبیر لە ژن و پیاو پیکبی، بۆ لیکۆڵینەوەی ئەو کاولکاری و کوشتار و پیشیلکردنانەی مافی مرۆڤ لە ڕۆژانی شەڕدا پەیرەوکراون و لەدوایدا لیکۆڵینەوەکە بخریتە بەردەم دادگایەکی تایبەتی بۆ بڕیاردان و، ئاکامی ئەو لیکۆڵینەوەیەش بۆ گەلەکەمان ئاشکرا بکری و،

پەرلەمانیش ڕاپۆرتێک لەو لێکۆڵینەوەیە ئامادە بکات و بۆ کۆمیتەی مافی مرۆڤی سەر بە UN و ڕێکخراوە جیهانییەکانی بنێری.

پێم وایە ئەو خاڵانەی سەرەوە و چەندانی تری لەو چەشنە و هاوپێوەند بەوانەوە هەن. گەر نیازپاکیی هەبی، ڕەنگە بە هۆیانەوە بتوانری بارودۆخی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە و ئەو گرژی و ترسناکییەی هەیە خاوبکرێتەوە و ڕێگاش بۆ بەشی دووەمی ئالترناتیڤەکە برەخسێنری.

دڵنیام کەسانی وا هەن ئەنجامدانی ئەو جۆرە پێشنیارانە بە کاریکی خەیاڵی دەزانن. ڕەنگە هەشبن مەزهەبییانە سیاسەت بکەن و ئەم قسانە بە (کفر) دابنێن. سەبارەت بەو چەشنە ڕایانە دەڵێم: شەڕی ئێستا شەڕی دەسەلات و نفوزە، شەڕێکە دەیان هۆی کەڵەکبووی هەیە. شەڕی نێوان دوو حزبی حوکمڕانە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی نیشتمانیدا کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینی گەلێکی چەند ملیۆن کەسیە و، خەون و ئیرادەی نەتەوەیەکی ۳۰ ملیۆنی دەردەبڕی کە لە سادەترین مافەکانی مرۆڤایەتی بێبەشە و، بۆ یەکەمجاریشە دەستکەوتێکی نیشتمانی گەلی کوردستان، ئەم مەودا و واتا جیهانییەی ئێستا بگرێتە خۆی. ئەگینا گەر شەڕی هەمان ئەم دوو حزبە با لە (شاخ) ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ئەو پێشنیارانە لێرەدا نەدەبینران.

گەلی ئێمە چاوی لەوەیە ئەم پرۆسەیە ببێتە بنچینەیەک و قەوارەی نیشتمانی فیدرالی ئێستای لەسەر شین بی و، گەرای قەوارەی ئایندەی سەربەخۆیمان بۆ دابنێ.

## قۆناغی دووەمی ئاڵترناتیڤەکە

لەگەڵ ئاساییبوونەوەی بارودۆخەکە، ڕوو بکریتە ئەو کارانەی کە بنچینەی نیشتمانی و سیاسی و دیموکراسی پرۆسەکە پیکدینن و، سەرچاوەی سەرهەڵدانی مەیل و حەزی شەڕی ناوخۆیی جڵەو دەکەن و، لە مەودایەکی دوورتردا بەتەواوی بنەبڕی دەکەن.

**یەکەم:** هەڵبژاردنیکی دیموکراتی نوی ڕیک بخری و، یاسایەکی نوی بۆ هەڵبژاردن و کارە پەیوەستەکان بە هەڵبژاردنەوە، دەر بکری.

**دووەم:** دەستووریک بۆ کوردستان دابنری، کە ژیانی دەوڵەت و بەرژەوەندی باڵای نیشتمان و داهاتووی وڵاتەکەمان و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی گەلانی غەیرەکورد لە کوردستان و پەیوەندی بە دەوروبەر و جیهان...هتد دیاری بکات و ببیتە زەمینە و سەرچاوەی گشت یاسا و بڕیاریک کە لە لایەن پەرلەمانەوە دەردەچی و هەر کاریک کە حکومەت پەیرەوی دەکات.

**سییەم:** دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبوەشینریتەوە و، لەجیاتی ئەو دەسەڵاتی قەزایی دابمەزرینریت و، هەر سێ دەسەڵاتی قەزایی و یاسادانان و ڕاپەڕاندن لیک جیا بکرینەوە.

**چوارەم:** ئاڵای کوردستان وەک ئاڵای نیشتمان و حکومەتی فیدراڵ بناسینری و، کۆتایی بە شەڕەپەڕۆ بهینری. ئاڵای حزبەکان بە گشت ڕەنگەکانیانەوە تەنیا بۆ ناساندنی حزبەکان و لیکترجیاکردنەوەیانە و، هەڵکردنیان لە شوینە گشتییەکاندا قەدەغە بکری و، نابی هیچ پەڕۆیەک شوینی ئاڵای کوردستان بگریتەوە، یان لە قامەتی ئەو ئاڵایە بەرزتر بی.

**پینجەم:** سوپای کوردستانی فیدراڵ، بۆ خزمەتی ئاڵای نیشتمان و

پاراستنی دەستوور و سنووری کوردستان پیکبی و ژمارەی سوپاکە دیاری بکری و یەکسەر لە هیزی پیشمەرگە بەتیکەلاویی ناوچەیی و ئینتما سیاسیە جیاجیاکانەوە دروست بکری و پاش ٦ مانگ مەوالیدی بۆ بانگ بکری و، کاری حزبایەتی لەناودا قەدەغە بکری.

**شەشەم**:تەشکیلاتە بەدناوەکانی دەولەتی عیراق (فەوجە خەفیفەکان) و (مفارز خاصە)، کە ئیستا وەک خۆیان لەناو ئەم حزب و ئەویتردا ماونەتەوە، هەلبوەشینرینەوە و، دامەزراندنی سەرانی ئەو تەشکیلاتانە لە دامودەزگا حەساسەکانی حکومەتدا قەدەغە بکری. (وا سی سال بەسەر راپەڕین و دوو سال بەسەر حکومەتدا تیپەڕی، کەچی هیشتا پەیکەری ئەو تەشکیلاتانە وەکو خۆیان ماونەتەوە، تەنیا ئەوەندە نەبی پالتۆی سەوز یان زەردیان پۆشیوە).

**حەوتەم**: یاسایەکی راشکاو سەبارەت بە شەڕی ناوخۆیی دەربکری. هەر کاتیک شەڕ لە نیوان دوو حزب یان کۆمەلەگرووپیکی سیاسیدا روویدا، ئیجازەی ئەو حزبانە راگیری و بدرین بە دادگا و بڕیاری پیویستیان سەبارەت وەربگیری. هەر حزبیکی باشووری کوردستان یارمەتی راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەرچ یەکی لە دەولەتە داگیرکەرەکان دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان لە پارچەکانی تردا بدات، بە هەمان جۆر خۆی و ئیجازەکەی بخرینە ژیر پرسیاری دادگاوە.

**هەشتەم**: یاسایەک بۆ یەکخستنی ریکخراوە دیموکراتییەکان دەربکری و، ئەوە ساغ بکریتەوە کە هەر تویژ و پیشەیەک دەبی تەنیا یەک قەوارەی یاسایی و پیشەیی هەبی. ئەگەر پیویستی بە ریکخراوی زیاتر بوو، دەبی بەلگەی یاسایی ئەو مەسەلەیە بسەلمینی، نەک رەنگی

پەرۆکان و عەقڵی حزبەکان. بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە لە مۆرکی حزبایەتی دەرباز بکرێن و، بە هەق ڕێکخراوی پیشەیی و دیموکراتی بن و دیفاع لە کێشەکانی خۆیان بکەن و، ببنە بەشێکی کاریگەر بۆ سەرهەڵدان و کامڵبوونی ڕای گشتی لە وڵاتەکەماندا.

**نۆیەم:** لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتەی کەسەبارەت بە هەڵگیرساندنی شەڕەکە و ئەو پێشێلکردنانەی ئەنجام دراون، ئامادە دەکرێ. ڕابەری هەردوو حزبەکە بۆ بەردەم باڵاترین دادگای کوردستان بانگ بکرێن. بەو پێیەی بەر لە هەر کەسێک بەرپرسیتیی ئەدەبی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان. بۆ ئەوەی شەڕی ئەمجارە دوایەمین شەڕی وا گەورە و خەتەرناکی ناوخۆیی بێ و، ئەو خەتە سوورە ڕابکێشرێ کە نە ئەم دوو حزبە و نە هیچ حزبێکی تری حوکمڕان لە ئایندەدا نەوێرن ئەو خەتە ببەزێنن و گەمە بە چارەنووسی گەل و نیشتمانەکەمانەوە بکەن.

## خەتی سێ چ دەکات؟

ئەم کارەساتەی شەڕی ئێستا بەرهەمی فکر و سیاسەتی خۆمانە. درەنگ یان زوو، مێژوو ئەم ڕاستیە وەک خۆی و دوور لە کەفوکوڵی حزبایەتی و بتپەرستی تۆمار دەکات و، بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرساندنی شەڕ و حورمەتنەگرتنی ڕێکەوتننامەکانی ڕاگرتنی شەڕەکە، دەخاتە ئەستۆی (پارتی) و (یەکێتی). جا کامیان زیاتر لەوی تریان کاولکاری و کوشتاری بڵاوکردۆتەوە و ئازادی قەدەغەکردووە و مافی مرۆڤی پێشێل کردووە، دیارە مێژوو قورستر حوکمی ئەو لایەنە دەدا.

خەتی سێ بە هەموو لاباڵەکانییەوە، لەم پەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی

ڕاست، لەم قۆناغەدا تا ئەو شوینەی دەکری، پیویستە کۆمەلانی خەلک ساز و هان بدات و کەلک لە وزە و توانا و پشتیوانی بزووتنەوەی گەلەکەمان لە پارچەکانی تری کوردستاندا وەرگری، بۆ فشار خستنە سەر (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، تا واز لە عەقلیەتی تۆلەسەندنەوە بینن و، کۆنەدەفتەری یەکتر نەخویننەوە، ناچاری بە جدی ڕاگرتنی شەڕ و پیکەوەدانیشتن و گەڕانەوە بۆ مەنتیق بکرین.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیتیی نیشتمانی کوردستان، وەک دوو دەزگای سیاسیی کوردستانی (بۆ یەکتر) و (لە یەکتر)ەوە نزیکترن، تا ئەوان و چوار دەولەتە داگیرکەرەکە.

جا ئایا ئەم دوو حزبە تەنازول بۆ یەکتر و پاشان پیکەوە تەنازول بۆ گەلی کوردستان بکەن باشتر نییە لەوەی لەبەردەم داگیرکەراندا بە چۆکدا بین؟ بیگومان هەرچ لایەکیان ئامادە بی زیاتر بۆ گەل تەنازول بکات و بەرامبەر تەرەفەکەی تر نەرم بی و، دەرهەق بە داگیرکەران ڕەق بی، لە ئایندەدا گەلەکەمان حورمەتی ئەویان زیاتر دەگری.

بەلام گەر (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ڕاستگۆیانە نەهاتنەوە سەر مەنتیق و عەقل و ڕەوتی پاراستنی دەستکەوتەکان، ئەو کاتە پیویستە (خەتی سی) لەوە نەپرینگیتەوە کە بە یەکگرتوویی و هاودەنگی نیوان لابالەکانی و پشتبەستن بە گەلەکەمان و کارگونجاندن لەگەل هیزەکانی باکوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستاندا، ئیدارەیەکی کاتی وەک سومبولی پرۆسەکە دامەزرینی و، داوا لە کۆمەلانی خەلک بکات بۆ دریژەدان بە ڕەوتی ڕاپەڕین و لە گشت گۆشە و قوژبنیکی ولاتەکەماندا بەشەکانی ئەو ئیدارەیە پیکبینن و، لە هەمان کاتدا داوا لە ئەندام و پیشمەرگەی دوو حزبەکە بکری سەنگەری شەڕی ناوخۆیی

جیهیلن و لایەنی گەلەکەیان بگرن.

ئەی گەر خەتی سی لەبەر لاوازی خۆی و، توانا و دەستڕۆیشتوویی (پارتی و یەکیتی) و ئالۆزی و ناسکی بارودۆخی کوردستان، ئەم کارەی پی نەکرا؟

ئەو کاتە دەبی ڕاستەخۆ لە ناوخۆ و دەرەوەدا، خۆپیشاندان و مانگرتن و چالاکی جۆربەجۆر پیکبی و، داوا لە UN و ولاتە هاوپەیمانەکان بکری، تەقە و شەڕ و چەک لە هیلی ٣٦دا قەدەغە بکەن و، هەردوو حزبەکە چەک بکەن و، حوکمی ماندات، یان ئیدارەیەکی مەدەنی، یان هەر کاریکی لەو چەشنە بە سەرپەرشتی ئەوان پیکبی و، ریگای ئەوە نەدری گەلی کوردستان بە زەلیلی و ئایندەی نیشتمان و کیشەکەمان بەتاریکی بخریتەوە ژیر کۆنترۆلی دەولەتی ڕەگەزپەرستی عیراقەوە.

# تارمایی سیڤەر!

ئایا پاش دووەمین شەڕی جیهان و کۆتایی پەنجاکان قۆناخی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی تەواوبوو؟

تا ئەوکاتە زۆربەی گەلان بەو مافە سرووشتییەی خۆیان گەیشتن. بەڵام ستەمێکی گەورە لە ژمارەیێکی تریان کراو ئەم ڕێگایەیان بەڕوودا داخرا. لە چوارچێوەی دەوڵەتە دەستکردو سنوورە ساختەکانیشدا چەندان نیشتمان و نەتەوەی تر بە بندەستی مانەوە. ئەوان نەک هەر ڕێگای سەربەخۆییان لێگیرا، بەڵکو ئەو بوارەشیان بۆ نەمایەوە کە بتوانن بەجیا هەلکەوتوویی کولتووریی خۆیان بپارێزن و، لە ناو ئەو دەوڵەتانەدا، ناسنامەو قەوارەی سیاسیی خۆیان دابین بکەن. بە پێچەوانەوە ڕەگەزپەرستیی نەتەوە بالادەستەکان و ستەمی چەواشەکارانەی ئایدیۆلۆژیا دەیانویست ئەو نیشتمان و گەلانە وەک سەهۆڵی ناو ئاو بتوێننەوە. ئەی ئاکام چی ڕوویدا؟

هەلوەشاندنەوەی گەورەترین ئیمپراتۆری هاوچەرخ (یەکێتی سۆڤیەت)، کە ڕووبەرەکەی شەش یەکی دنیا بوو، قۆناخێکی تری پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نیشتمانی دەستپێکردەوە. ئەم کارەش دەوڵەتانی فرەنیشتمانی لە بناخەوە لەقاند. پێموایە، لەم دەورانە تازەیەشدا، سێ هۆکاری سەرەکی هەن کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە سەرکەوتن یاخود ژێرکەوتنی پرۆسەی پێکەوەنانی قەوارەی سیاسی بۆ گەلانی بێدەوڵەت، لە خاکی خۆیاندا، دەنوێنن:

**یەکەم:** باری زاتی و خۆساخکردنەوەو سووربوونی ئەو گەلەی کە دەوڵەت دەخوازێ

**دووەم**: پەیوەندی و بەرژەوەندی زلهێزان لەو ناوچەیەی کە ئەم پرۆسەیەی تێدا بەڕێوە دەچێت.

**سێیەم**: شارستانی ،یان بەربەریزم کامیان دەسەڵاتی بەسەر کولتووری ئەو نەتەوە سەردەستانەدا هەیە، کە دەوڵەتەکانیان مۆرکی کۆلۆنیالیستانەیان دەرهەق بە گەلانی تر هەیە.

کێشەی گەلانی بێدەوڵەت کێشەیکی جیهانییەو زۆربەی کیشوەرو ناوچەکانی دنیای گرتۆتەوە و، ڕووبەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتان بۆتەوە. ئەمڕۆ لە چەندان زانکۆو ئامۆژگای تایبەت بە لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان قسەو باسی لەسەر دەکرێت و دیدو تێبینی ستراتیژیی سەبارەت ڕادەگەیێندرێت.

یەکێک لەو دیدو بۆچوونانە ئەوەیە، ئەگەر دەستکاریکردنی سنوورەکان لە تەواوی دنیادا کارێکی سانا نییە و ڕەنگە ببێتە هۆی شیرازە تێکچوون و گرژی باری نێودەوڵەتان، ئەوا دەبێ چوارچێوەی دەوڵەتانی فرەنیشتمان بە جۆرێکی لێبکرێت کە شوێنی ئازادی سیاسی و کەرامەتی نەتەوایەتی و کولتووری گەلانی بندەستی تێدا ببێتەوە. هەر گەلێک لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی سەروەری سیاسی و سەربەخۆیی کولتووری و خۆبەڕێوەبردنی هەبێت و، لە ڕووی ئابووریشەوە پەیوەندییکی فیدرالی و هاودەوڵەتی لەگەڵ گەلە سەردەستەکەدا هەبێت. واتا لە دەوڵەتانی فرەنیشتماندا (ئینتیما)بۆ نیشتمان و(ئینتیما)بۆ دەوڵەت تێکەڵ بەیەکتری نەکرێن.

بۆ نموونە: باشووری کوردستان نیشتمانی گەلی کوردو نەتەوەکانی تری کوردستانە (نەک عێراق). عێراقیش (نەک باشووری کوردستان) نیشتمانی گەلی عەرەبی عێراقە. لەم بارەشدا دەبێ ناوێکی نوێ بۆ

دەوڵەتە فیدرالییەکە بدۆزرێتەوە، کە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و بەرژەوەندیی ئابووری هەردوو نیشتمانەکەو، بۆ نوێنەرایەتیکردنی هەردوولا لە دەرەوە بگونجێت.

کارکردن بۆ بەرنامەیێکی لەم چەشنە بۆ باشووری کوردستان، هەروا بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش، ڕێگایێکی لەبارە بۆ ئێستاو لەسەر ئاستی جیهان قبوولکراوە.

بەڵام کێ بەم کارە ڕابێت؟ ئەم جۆرە کارە پرۆژەی سیاسی و ڕۆشنبیری گەرەکە کە ئێمە نیمانە.

## زەینکوێریی

لە باشووری وڵاتدا پرۆسەیێکی گەورەی نیشتمانی لەئارادایەو دەکرێ بەو ڕەوتەدا، کە باسکرا، ببرێت و بچەسپێندرێت و داهاتووی کورد لە دۆڕان بپارێزرێت.

کەچی حوکمڕانەکان دروست پێچەوانەی ئەو بارە سیاسییەی باشوور ڕەفتار دەکەن و هەر ئەو مێژووە گێژو چەواشەیە وەبەرهەم دێننەوە، کە سەدان ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، میرو سەرۆک هۆزەکان بۆیان بەجێهێشتووین. ئەوەتا پرۆسەکەیان خستۆتە گیانەڵاو دواهەناسەکانی بە مەرگ دەسپێرن و؛ ئەگەر تۆزە هیوایێک مابێتەوە، هەر ئەوەندەیە کە هێشتا بە وەفاتنامەی ڕەسمی بە گۆڕستانی مێژوو نەسپێردراوە.

ئەم دوو دەزگا حوکمڕانەی باشوور تەوەهین دوای تەوەهین بە خەباتی گەلەکەمان لە باکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن و، هێندە زەینکوێرن، کە تورکیا لە تەپکەی ناون و دەیەوێت بیانکات بە

(سوارەی حەمیدییە). بەلام ئەم جارەیان نەک بۆ داکۆکی کردن لە "خەلافەتی ئیسلام"، بەڵکو ڕاستەوخۆ دژی کوردو بۆ پاراستنی تورکیا. زاکیرەی سیاسەتمەدارە حوکمڕانەکانی باشوور وەک قالبە سابوونێکی لێهاتووە بەدەستی خوێناوی ژەنەڕاڵەکانی تورکیاو مەندیل بەسەرانی ویلایەتی فەقێوە.

لەڕووی مافی مرۆڤیشەوە، ئەوەی ئەم حوکمڕانانە دەرهەق بە گەلەکەمان کردوویانە بەربەرییەتێکی خۆماڵییەو، بەر لەوان هیچ میرو هێزێکی سیاسی کورد پەیڕەوی نەکردووە. بڵێی ستەم لە باپیرانمان نەکەین گەر بڵێین، شەڕی ئەم دەزگا حیزبییانە فۆتۆکۆپییێکی - لە ڕووی تەکنیکییەوە- مۆدێرنی شەڕی دواکەوتوویی و خێڵەکی ئەوان بێت؟

چونکە خێتابی ئەوان (خێتابی هۆز) لە ئاشتی وشەڕدا گوێی لە ڕەعیەتەکانی خۆی گرتووە. پلەو پایەی مەجلیسی هۆزو ڕدێنسپیان، لای سەرۆک هۆزو میری ناوچە، زۆر بەحورمەتتر بووە تا پلەو پایەی پەرلەمان و ڕای گشتی خەڵک لای سەرکردەکانی باشوور.

خێتابی کەڕو لاڵی ئەمان گوێ لەکەس ناگرێت. نەبە کتێب سوتاندنی نووسەران، نە بڕیاری خۆسوتاندنی (٤٩) ڕووناکبیر، نە خۆپێشاندانی سەدهەزار کەسی هەولێر، نە کۆششی ڕوناکبیران و هێزە سیاسییەکانی سەرانسەری کوردستان و ، نە کۆششی دۆستانی گەلەکەمان.

ئێستاش، دوای ساڵێکی شەڕو ئەو زیانە زەبەندە کۆمەڵایەتییەی دەدرێ بە کۆڵی گەلەکەماندا، ئەوەتا (بارکردنی) ماڵی سەرکردەی هەردوو هێزە چەکدارەکە لە سەلاحەدین و هەولێر بۆتە یەکێک لە

مەرجە سەرەکییەکانی شەڕاگرتن.

دیارە سایکۆلۆژیەتی کۆیلایەتی بەڕادەیێک کاری تێکردووین، کە هەر کاتێک بەربەریەتی بێگانە بەسەر سەرمانەوە هەڵنەواسرابێت، خێرا بەربەریەتێکی ناوخۆیی -کە پێدەچێت لە ناخماندا هەبێت- وەبەرهەم دێنین و، دەبێتە نەریت و هەڵسوکەوتی هەستپێکراو. چ گاڵتەجاڕییکە، کە شەڕو ئاشتی و چارەنووس لە وڵاتێکدا بە بارکردنی ماڵی ئەم سەرکردەو ئەویتر تێکەڵ بکرێت.

ناکۆکی سیاسی و غەیرە سیاسی لەناو بزوتنەوەیێکی هاوئامانجدا نابێ لە مێزی عەقڵ دووربخرێتەوە. هەر ڕاکردنێک لە گفتوگۆ و پەنابردن بۆ شەڕهەڵگیرساندن دواکەوتوویی لایەنە ناکۆکەکان دەردەخات.

## مارشێکی ناساز

لای ئێمە هێشتا ڕۆشنبیری نەیتوانیوە وەک پرۆژەو دەزگاو دەسەڵات سەرهەڵبدات. هەر بۆیە لە وەرچەرخانە سامناکەکاندا دەبینین بەشێک لە ڕوناکبیران دەبنە پاشکۆیێکی توتییانەی بارە سیاسییە نانەتەوەیی و دژە عیلمانییەکە. ئەوانیش داکۆکی لە هۆشیاریی بەر لە دروستبوونی نەتەوە دەکەن. مرۆڤ ناتوانێ عەقڵی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانەو عەقڵی تفەنگ بەدەستێکی مەیدانی شەڕی ترسنۆکانەی کوردکوژی لێک جیابکاتەوە.

دەبێ ڕوناکبیر شایەت بێ بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، نەک ببێتە شایەت بۆی. دزێوی سیاسەتمەداران ڕیسوا بکات و، بەڕووبیانوو بۆ تاوانەکانیان نەهێنێتەوە.عەقڵی پرسیارکارانە و ڕەخنەگرانە

بلاویکاتەوە، نەک عەقڵی شانتەکاندن و بەهانەهێنەرەوە. ڕوناکبیری کورد دەبێ عەقڵی سیاسیی کورد ناچاربکات گوێ لە ڕەخنەبگرێت.

کاتێک سەرکردە سیاسییەکان، بۆ شاردنەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی شەڕ، بابەتی تیۆری و زانستی سەقەت دەکەن و دەیکەن بەگاڵۆک، وەک ئەوەی گوایا بەم شەڕە پەیوەندی و نفوزی خێڵایەتی پاکتاو دەکەن، دەبێ ڕوناکبیری کورد بەدرۆیان بخاتەوە. مەگەر مێژوو نموونەیەکمان پیشاندەدات کە پەیوەندی خێڵایەتی و دواکەوتوویی کۆمەلایەتی بە تفەنگ لەناوچووبن، تا لە کوردستاندا ئەم کارە بکرێت؟

ئایا شەڕی ناوخۆ، یان بڵاوبوونەوەو کەڵەکەبوونی خوێندەواری و پیشەسازی و مۆدێرنکردنی کشتوکاڵ... کارتێکردن و نفوزی خێڵایەتی لەناودەبەن؟

ئەم مارشە ناسازە وەک ئەوە دێتە بەرگوێ، کە بۆ خۆدزینەوە لە بنیاتنان و گۆڕانکاری لە کۆمەڵدا، داوای شۆڕشی چەکداری بکرێت بۆ ڕزگاربوونی ئافرەت و یەکسانبوونی لەگەڵ پیاودا!

ڕوناکبیر دەبێ بەگژ هۆشیاریی بازاڕییانەی سیاسییەکاندا بچێت، کاتێک کە هەست بەشکستی میرنشینی حیزبەکانیان دەکەن، زۆر بێ منەتانە سوکایەتی بە هاونەتەوەیی و هاوزمانی گەلەکەمان دەکەن و، بە عەقڵی (سێ ڕسکانێ) یانەوە نیشانە لە فرەزاراوەیی زمانەکەمان دەگرن و، گەمەی سۆران و بادینان دادەهێنن، کە تەنانەت دەوڵەتی داگیرکەری عێراق کاتێ سەرەک هۆزو دەرەبەگ و سیاسییە دۆڕارەکانی خڕدەکردەوە هێزی چەکداریی لێ دروستدەکردن، نەیدەوێرا باسی سۆرانی و بادینییان لەگەڵدا بکات، نەوەک هەستی نەتەوەییان بریندار بێت و لێی هەڵگەڕێنەوە.

خیتابی ڕوناکبیران دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکات، کە کۆمەڵگای مۆزایکیی کوردستان، کە بەچەند زاراوەیکی زمانی کوردی دەپەیڤن و، هەبوونی چەندان هەرێم و ناوچە و ژمارەیەک ئاین و ئاینزا و، چەند نەتەوەیکی غەیرەکوردی وەک ئاشوور تورکمان و ئەرمەن لە کوردستاندا، ئەمانە هەموو هێزوتوناو فرەکولتووری و فرەڕەنگی شاخ نشین و گەرمێن نشینمان پێدەبەخشن.

خیتابی سیاسی و ڕۆشنبیریی کاتێک دەتوانێت دیموکرات و کوردستانی بێت، کە لەناو خودو، لە نێوان خودو خودێکی تردا، شارستانی و دیموکرات بێت.

*Agaçtan maşa olmaz    kurten paşa olmaz

هاتنی لەشکری تورکیا بۆ باشووری کوردستان یەک مانای هەیە؛ ئەویش ئەوەیە کورد نابێت قەوارەی سیاسیی هەبێت. تانک و زرێپۆشەکانیان، کڵاوی ئاسنینی سەریان، گەشتەکانی وەزیری دەرەوەیان، زەردەخەنەی پڕ لە ترسی تانسۆ چیلەر لە تارمایی پەیمانی سیڤەر، هەموو دەڵێن، کە لە هیچ بستە زەوییەکی ڕۆژهەڵاتدا، کورد نابێت قەوارەی خۆی هەبێت.

تورکیا دەیەوێت تەنگ بە پێشمەرگەکانی پ ک ک هەڵچنێت و فشار بخاتە سەر یەکێک لە ڕێگاکانی هاتووچۆیان، بەڵام ئەوان چەندان ڕێگای تریان هەیە. تورکەکان باش دەزانن پ ک ک نەک هەر لەشارو گوندەکانی باکووردایە، بەڵکو ڕۆژانە لە ئەستەمبووڵ و ئەنقەرەو ئەزمیردا بە چاویاندا دەچێت. خاشەبڕکردنی پ ک ک و گوایا

---

* (لە دار ماشە نابێ   لە کوردان پاشا نابێ)
لە کۆنەوە ئەم قسەیە لەناو تورکدا باوویلاوە.

تیرۆریستان لە زاخۆو سەرسەنگ و دەرکارعەجەمدا، بیانوویکی تورکییەو (تۆزی) توتنە لە چاوی ڕای گشتی دەکەن ئەوان بۆ فاتیحاخوێندنی پرۆسەکەی باشوور هاتوون.

ئەوان لە کورد زیاتر خۆیان بە خاوەنی باشوور دەزانن،(قەرزێکەو بەزۆر لێیان وەرگیراوە، قەرز کۆن دەبێت بەڵام نافەوتێت). ئەم هاتنەی ئەوان پیلانی نێو عەمبارەو ئەمڕۆ دەیخەنە ڕوو. پیلانی گێڕانەوەی (ویلایەتی موسل)ە. تورک باشووری کوردستان بە گیرفانێکی پڕ لە زێڕی پاڵتۆ شیتاڵ شیتاڵکراوەکەی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەزانێت. قەت هەلیش وەک ئەمڕۆ لەبار نەبووە. نەمانی پەیوەندی سیاسیی باشوور بە دەوڵەتی عێراقەوە وەک سالانی ١٩٢٠— ١٩٢٦ دێتە پێش چاو، بە یەک جیاوازییەوە ئەویش شەڕی ناوخۆیە. پێشدەچێ ئەمریکا ئاگای لە ئۆرگیناڵ و کۆدی ئەم پیلانە هەبێت.

پیلانەکەش بەوە تەواونابێت لەشکری تورکیا بمێنێتەوە یان بگەڕێتەوە.ئەوان بشگەڕێنەوە (بزمارەکەی مەلای مەشهوور) بە جێدێڵن، تا هەر کاتێ بیانەوێ بگەڕێنەوەو بڵێن هاتووین پاڵتۆ بە بزمارەکەماندا هەڵواسین. شەڕی حوکمرانانی باشوور، بۆتە سەیوانێک لە سایەیدا داگیرکەران بە جیاجیا و پێکەوە دەتوانن پیلانەکانیان دژی گەلەکەمان لە باشوور و تەواوی کوردستان ئەنجام بدەن. دەشتوانن باشووری کوردستان بکەنە مەیدانی (فرەدەسەڵاتیی) بۆ خۆیان و، بەرژەوەندییە ناکۆک و کەڵەکبووەکانی نێوانیان لە کوردستاندا یەکلا بکەنەوە.

حوکمڕانانی تورکیا ئەگەر نەتوانن مەسەلەی ویلایەتی موسڵ بخەنەوە مەیدانی ئاڵووێر، ئەوە بەو مانایە نییە کە دەستبەرداری ئەو

خەونە دەبن. ئەوکاتە ڕەنگە بالکۆنێک لە سنووردا داگیربکەن، بۆ کۆنترۆلکردنی باشووری کوردستان، یان لەگەڵ عێراقدا ڕێک بکەون و پیلانێکی دوو قۆڵی بەسەر گەلەکەماندا بسەپێنن.

هەرچۆنێک بێت و هەرکام لەو ئەگەرانەیان بۆ بچێتەسەر، پێویستە ئێمە وەک نەتەوەو وەک بزووتنەوە بڵێین تورکیا بۆ دەرەوەو برۆ سنووری جوگرافی خۆت کۆنترۆڵ بکەو، ئێمە سنوور بۆ ئاسایشی وڵاتی خۆمان دەپارێزین و، پاسی سنووری خەڵک بە ئێمە ناکرێت.

لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر ئەوە بکرێت، کە کەس بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندی گەلەکەمان هیچ مەقەستکارییەک لە خاکی باشووری کوردستاندا بکات. بەرامبەر بەم پیلانەی ئێستا و هەر چ پیلان و ئەگەرێکی ئاییندە پێویستە داوای زیندووکردنەوەی پەیمانی سیڤەرو سازدانی ڕیفراندۆم لە باشوورو باکوردا بکرێت.

کاتێک لەشکری بێگانە پێی ناوەتە خاکی وڵاتێکەوە، گەلی ئەو وڵاتە بەچەک بێت یان بەدەستی بەتاڵ ڕوو بەڕووی داگیرکەران بوونەتەوە. کەچی ئەمڕۆ، لە سایەی شەڕی ناوخۆدا، گەلەکەمان بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بێ ئیرادەکراوە، لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە نیو ملیۆن چەکدار لە باشووردا هەیە، کەچی تەنانەت هەڕەشەیەکیش لەم کەڵەگاییەی تورکیا نەکرا. بەڵام ئەو سەدان هەزار چەکدارە، لە تەواوی کوردستاندا، لەوپەڕی ئامادەبوون و هاتوچۆدان بۆ شەڕی کوردکوژی و لەگۆڕنانی ئازادی. ئێستا لە کۆتایی سەدەی بیستەم داین و بەرەو سەدەی بیست و یەکەم دەڕۆین. ئێمە لە بنیاتنانی قەوارەی نەتەوەییدا یەک سەدە لە گەلانی دەوروبەرمان دواکەوتووین. نەتەوەکەمان لە دووڕیانێکی خەتەرناکدایە: ملنان بەرەو هەڵدێرو تێکشکان، یاخود سووربوون بە ڕێگای

سەربەخۆیی و پێکهێنانی قەوارەی نیشتمانی.

گەر بمانەوێ مێژوویێکی نەزۆک و ئایندەیێکی دارزاو بۆ گەلەکەمان نەنووسینەوە ئەوا دەبێ:

**یەکەم**: لە باشووردا پرۆسەکە لە گیانەلا رزگابکرێت.

**دووەم**: پشتیوانی و هاریکاریی خەبات و مقاوەمەتی گەلەکەمان لە باکوور بکرێت.

پێویستە خەبات و لێکۆلینەوەو کارکردنی هێزە سیاسییەکان و روناکبیرانی گەلەکەمان لەو دوو خالەدا کۆببنەوە، بەرەو ستراتیژێکی نیشتمانی کە بتوانێت گەلەکەمان لە باکوورو باشوور لە تێشکان بپارێزێت و، خەبات لە رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان بەهێز بکات و پێشبینی ئەو گۆرانانە بکات کە رەنگە لە ئێراندا روو بدەن.

# ئەنجام

لەسەدەی ئیستادا دەیان ولاتی نوی بەسەروەریی گەیشتن و، ژمارەیەک لەگەلان دەولەتی نیشتمانییان پیکهینا. ئەم کاروانەش بە سێ قۆناغدا تیپەری.

**یەکەم:** لە کات و دوا بەدوای یەکەمین شەری جیهان و دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

**دووەم:** لە سالانی دووەمین شەری جیهانەوە تا کۆتایی پەنجاکانی ئەم سەدەیەی گرتەوە.

**سییەم:** لە پاش نەمانی شەری ساردو، لەبەریەکهەلوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتەوە دەستپیکردو، ئیستاش بەردەوامە.

دوای داتەپینی ئیمپراتوریەتی عوسمانی، هیچ ولات و ویلایەتیکی گەورەی ناو سنوری ئەم ئیمپراتوریەتە لە ناوچەکەدا نەمایەوە، بەسەربەخۆیی نیشتمانی نەگات، یان لە لایەن ئیمپریالیزمەوە قەوارەی تازەی سیاسی بۆ دانەتاشری، تەنیا کوردستانەکەی ئیمە نەبی.

کوردستان هەر ئەوە نەبوو دامەزراندنی دەولەتی لی قەدەغەبکری، بەلکو لە تەواوی گەلانی ناو ئەم ئیمپراتوریەتە زیاتر زیانی بەرکەوت و، لە دوو بەشەوە کرایە چوار بەش و هەر پەلیکیان دایە دەست دەولەتیکەوە. ئەو چوار دەولەتەش هەلگری کولتورو سایکۆلۆژیای پەلهاویشتن و پەلاماردانی سێ ئیمپراتۆریەتی ( عەرەبی و سەفەویی و عوسمانی) ن و، لەم رۆژگارەشدا ناتوانن دەستبەرداری عەقلیەتی

داگیرکەرانە بن، یان ئەمەگداریان بەرامبەر بەو خەبات و قوربانیدانە هەبی کە گەلی کورد لە هاوسەنگەریدا پیشکەش بەوانی کردووە.

ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی سەرهەڵنەدانی دەوڵەتی کوردستان لەم سەدەیەدا زۆرن، بەلام ڕەنگە سەرەکییەکانیان ئەمانە بن:

- پیلان و بەرژەوەندی ولاتانی ئیمپریالیست.

- چاوچنۆکی چوار دەوڵەتەکە بۆ دریژەدان بە داگیرکردن و تالانکردنی کوردستان.

- هەلویستی بەگشتی نەگەتیڤ و هەندیک جاریش نادوستانەی یەکیتی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەلات.

- کامڵ نەبوونی دەزگا سیاسیەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و نەبوونی سیاسەت و ستراتیژیکی کوردستانیانەی ڕوون.

ئایا لە ڕۆژگاری ئیستادا ئەو چوار هۆکارەی سەرەوە بەمەنگی ماونەتەوە، یان گەرای شلەقان و گۆڕانیان تیکەوتووە؟

ئەمجارەش هەر لەو لیتاوەدا دەچەقین کە لەبیستەکانی ئەم سەدەیەدا بۆیان گرتینەوە؟ یان گۆڕانکارییەکانی دنیا کوردستانیش دەگریتەوە؟

لەم قۆناغەدا کیشەی کوردستان گەیشتۆتە جیگایەکی ئەوتۆ کە لە ئایندەی نزیکدا بە یەکیک لەم سێ ئەگەرانەدا بڕوات:

١- چەسپاندنی فیدرالیزم لە خوارووی کوردستان و، بڕیاردانی چاری لەم چەشنە بۆ هەریمەکانی تری کوردستان.

- گەلی کوردستان بەم چارەسەرکردنە قایلە.

- چوار دەوڵەتەکە دژن.

- چوار دەوڵەتەکە دژن.

- زلهیزان دژ نین.*

٢- سەربەخۆیی کوردستان. ستراتیژو ئامانجی گەلی کوردستانە.

- چوار دەوڵەتەکە دژن.

- ئەگەر لە میژووەوە سەرچاوە هەڵگرین، زلهیزانیش دژن.بەلام ئەم دژایەتیکردنەیان خاوبۆتەوە. هەر کاتیک هەست بکەن چوار دەوڵەتەکە ناتوانن بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە کوردستاندا بپاریزن، ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ گەلی کوردستان خۆیدا دەکەن.

٣- لە قالبدانەوەی کوردستان بەرەو تواندنەوەو پیچانەوەی دۆسییەی کورد.

- گەلەکەمان مل بۆ ئەم لەقالبدانە نادات.

- چوار دەوڵەتەکە بۆ ئەنجامدانی ئەم (سەرفرازییە مەزنەیان) ئامادەن دەست لە ناکۆکییەکانی نیوانیان هەڵگرن.

- زلهیزان لە بارودۆخی ئەمڕۆدا ناتوانن بە کاریکی وا قایل بن. بەلام لەسەر کوردستانیش ناچنە نیو تەنگای کەس.ڕەنگە لەسەرەتادا هەڵویستیکی چاودیریی نەگەتیڤانەیان هەبی.

ئەگەر گەلی کورد بتوانی وەک چوارەمین مەڵبەندی هیزو بڕیار لە هاوشانی گەلانی تورک و عەرەب و فارسدا خۆی بخاتە ڕوو، ئەوا زلهیزان ناچار دەبن، بیدەنگ نەبن و ڕیگا نەدەن ناوچەیەک کە بەرژەوەندی ئەوانی تیایە بکەویتە مەترسییەوە. ئیمە کە ئیستا بیدەوڵەتین چۆن دەتوانین شوینی شایستەی خۆمان لە هاوشانی

---

* لەم ئامیلکەیەدا (دووزلهیزەکە) ئاماژەیە بۆ یەکیتی سۆڤیەتی جاران و ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەلام زلهیزەکان مەبەستم هەر (٥) ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی UN ە.

گەلانی ناوچەکە بگرینەوە:

١- بە خڕبوونەوەمان لە دەوری ستراتیژیکی سەرتاسەریی.

٢- بوونی دەزگایەکی نیشتمانیی لەسەر ئاستی سەرانسەری کوردستان.

٣- بڕیاری سەربەخۆییانەو، هەڵقوڵاو لە بەرژەوەندی گەلی کوردستانەوە، سەبارەت بە گشت دیاردەو ڕووداویکی ناوچەکەو جیهان.

٤- قەدەغەکردنی گشت جۆرەکانی شەڕی ناوخۆیی، بە هەر بڕوو بیانوویەکەوە هەڵگیرسینری.

٥- کاری پرۆژەیی بۆ دەربازکردنی بزوتنەوەکە لەو قەیرانە فکری و سیاسیەی تیا چەقیووە. ئەمەش مەحاڵە بێتەدی ئەگەر بایەخێکی جدی بە کولتوور و مێژووی کورد و گۆڕانەکانی دنیا نەدرێ و، بوار بە رووناکبیران نەدرێ شوێنی شایستەی خۆیان لە بزووتنەوەکە دابگرن و کار بۆ رۆشنبیرکردن و عیلمانیکردنی دەزگا سیاسییەکان نەکرێ.

ئەم قۆناغەی ئیستا وا دەخوازێ کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە هەر چوار پارچەی ولاتەکەماندا لیک خرببنەوەو، ستراتیژیکی کوردستانیی بڕیار بدەن کە پشت بەم خالانە ببەستی:

**یەکەم:** چەسپاندنی کۆماری فیدرالی لە باشوری کوردستان و، داکوکی کردن لەم دەستکەوتە وەک ئەرکیکی نەتەوایەتی سەرتاپای کوردستان.

**دووەم:**داواکردنی چاری فیدرالی (لە قۆناغی ئیستادا) بۆ پارچەکانی تری کوردستان.

**سێیەم:** جەخت کردن لەوەی کەئەو دوو خاڵەی سەرەوە لانی کەمی

دەوڵەتی نیشتمانی و یەکگرتنەوەی کوردستانە.

**چوارەم:** خەباتکردن بۆ سازدانی کۆنگرەیەکی جیهانیی بەسەرپەرشتی UN و زلهیزان و، بە ئامادەبوونی نوینەرانی گەلی کوردستان و چوار دەوڵەتەکە. کۆنگرەیەک کە جەخت لە چاری ئاشتیانەی کیشەی کوردستان بکاو، لە یاسا نیودەوڵەتیەکان و دەستووری UN و دیموکراسییەوە، سەرچاوە هەڵبگری.

پیویستە وەک یەک بزووتنەوەو یەک گەل پی لەسەر ئەوە داگرین کە کیشەکەمان لەم سەدەیەدا چار بکری و، بۆ سەدەکانی (بان تەکنۆلۆژیا) و ( سەرووی نوکلیاری) دوانەخری؟

چارەسەرنەکردنی جیهانیانەی کیشەی کوردستان، مانای بەرەڵلاکردنی چوار دەوڵەتەکەیە بۆ سەرکوتاندنەوەی گەلەکەمان. بەردەوامبوونی شەڕیش لە کوردستاندا چیتر وەک شەڕەکانی پیشوو نابی و، دەبیتە تەقینەوەیەکی ترسناکی وەک ئەوەی ناوچەی بەلکان و، لەسەرانسەری کوردستاندا پیشبینی ژنە فەرەنساییەکە* دیتە دی کە پاش سەردانیکی خوارووی کوردستان و لە نزیکەوە بینینی تاوانەکانی دەوڵەتی عیراق گووتویە: لە کوردستاندا چاوەڕوانی شەڕیکی تری (فەرەنسایی- جەزائیری) دەکری و، دەنگی دەهۆڵی ئەو شەڕە دێ !!

بۆ ئەوەی لە بنیاتنانی کۆماری فیدرالی باشوری کوردستاندا سەرکەوتووبین و، بتوانین چاری لەو چەشنە بە پارچەکانی تریش بگەیەنین و، بکرینە بەردەبازی پەڕینەوە بەرەو رزگاری و سەربەخۆیی

* ئەلیزابیث بیکا، لیتوژەرەوەیەکی فەرەنساییە.

یەکجارەکی، بۆ ئەوەی لە هەر گۆڕانیکی لەباردا درەنگ یان زوو ڕوویدات، دەوڵەتی نیشتمانی ڕابگەیەنین.بۆ ئەوەی لە هەر هەلیکدا (گەرا) ی هەلیکی تر دابنیین . دەبی پشت بە مەودای قوڵ و ستراتیژیی نەتەوەیی ببەستین، ئەو کاتەش پیلانی دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان بنکۆل دەکری و، ئەو کاتەو تەنیا ئەو کاتە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بۆ جیهان، جیهانی دوورو نزیک هەزم دەکریت.

داخۆا شانمان داوەتە بەر کاریکی لەم چەشنە؟!!

# سەرچاوەکان


- یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان، ١٩٧٤.
- پرۆژەی ئۆتۆنۆمی رژێمی عێراق بۆ بەرەی کوردستانی ١٩٩١.
- پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بەرەی کوردستانی بۆ گفتوگۆکەی ١٩٩١.
- کامەران قەرەداغی. رۆژنامەی (الحیاة) ٩/٥/٩٩١.
- عیسمەت شەریف وانلی. گۆڤاری بەرخۆدان ژمارە ١٤٤.
- جرجیس فتح الله. العراق فی عهد قاسم ( الجزء الثانی) ل ٨٤١.
- رۆژنامەی (طریق الشعب) ژمارە ١٣/ ١٩٩١.
- شێخ عەلی. پێوەندی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی (نموونەی عێراق) گۆڤاری رابوون ژمارە ١/١٩٩١.
- رۆژنامەی زاگرۆس پاشکۆی ژمارە ٣ گۆتاری بەرەی کوردستانی لە کۆنفرانسە جیهانییەکەی پاریس.
- هەفتەنامەی (انباء موسکو) ژمارە ٣٦/ ١٩٩٠ (الحکم الذاتی والسیادة- طاولة انباء موسکو المستدیرة).
- جین کیرکیاترین. رۆژنامەی (الحیاة) ٩/٥/١٩٩١.
- رۆژنامەی (الشرق الاوسط) ١٩٩٢/٣/٣١ (وثیقة البنتاجون والدور الامریکی فی العالم).
- غالی شکری. رۆژنامەی (صوت الکویت) ١٩٩١/٧/١٧. (ایدیولوجیا بلا حدود).
- رۆژنامەی (الشرق الاوسط) ١٩٩٢/٢/٢٢ (امریکا تبحث عن عدو بعد انهیار امبراطوریة الشر).
- گالینا ستاروڤویتوڤا. هەفتەنامەی (انباء موسکو) ژمارە (٢٥) ١٩٩٠ (حول مسألة العلاقات القومیة فی الاتحاد السوڤیتی).

- رۆژنامەی (السفير)ی لوبنانی ١٩٩١/٣/١٢ ( العراق وحدود التغير).
- ئیسماعیل بیشکچی. گۆڤاری پەرمنگ ژمارە ١٩٩١/٦.
- لازەرییف. المسألة الكردية ل ٢٠٣.
- هدی الحسینی. رۆژنامەی (الشرق الاوسط) ١٩٩١/٦/١٣.
- صلاح بدرالدین. رۆژنامەی (الحياة) ١٩٩١/٨/٢٧ (ثوابت فی مواقف المنظمات الكردية).
- رۆژنامەی (الشرق الاوسط) ١٩٩٢/٣/٢٥ (حوار مع مارفين فورد. الخبير الامريكی فی سياسة بلاده الشرق الاوسطية.
- رۆژنامەی (الشرق الاوسط) ١٩٩١/٣/١٥ (استمرار الحرب كان ضروريا حتى يسقط صدام).
- رۆژنامەی الشرق الاوسط ١٩٩٢/٣/١٤.
- ش.ج ئاشيريان. (الحركة الوطنية الديمقراطية فی كردستان العراق ١٩٦١-١٩٦٨ ل ١٧).
- رۆژنامەی (العراق الحر) ژمارە ١٩٩٢/٣٥.
- رۆژنامەی (صوت العراق) ژمارە ١٩٩٢/١٨٨.
- رۆژنامەی (العراق الحر) ١٩٩٢ (حول اعلان الفيدرالية فی كردستان العراق).
- دكتور وليد حمدی . الكرد وكردستان فی الوثائق البريطانية ل٤٩.
- جلال الطالبانی. الحركة التحررية القومية للشعب الكردی ل ٢١٥.
- محمد الهماوندی.الحكم الذاتی والنظم اللامركزية الادارية والسياسية. ل ١٥٩.
- رۆژنامەی (الاهرام) ١٩٩٠/٥/١٠.
- هەفتەنامەی (انباء موسكو) ژمارە ١٩٩٠/١٥.
- گۆڤاری (الثقافة الجديدة) ژمارە ١٩٩٠/٢٢٣.
- هەروا سوود لە زۆربەی چاپەمەنی دەزگا سیاسییەکانی باشووری ولات وەرگیراوە.

Hashim Kochani

# THE SHADOW OF SÉVRES

Sweden 1995

Hashim Kochani

# THE SHADOW OF SÉVRES

Sweden 1995